# ناوەرۆک

پێشەکی............................................... ٣
1. لە ژیاندا گەشبین بە .... ........................... ٤
2. خانمە زانایەکی داهێنەر ........................... ١٤
3. چۆکم بە رەشبینی دادا .......................... ٢٠
4. نازانین خێر لەچیدایە؟ ............................ ٣٦
5. هیممەتی مرۆڤ کێو لەبن دێنێ **وەزیری نەوت...** **٣٩**
6. مامۆستاکەی تێدی نمونەیە بۆ پەروەرشکاران .......... ٤٥
7. هیممەت بەرزەکان بەرەولووتکە دەڕۆن......... ٥٤
8. هیوا لەناو کارەساتەوە ................... ...... ٦٠
9. هیممەتی ئەو منداڵەی گەورەکان ئاواتی پێ دەخوازن.... ٦٨
10. سوودی متمانە بەخۆبوون مهندسی فلیپینی......... ٧٤
11. بابەتێک لەکلیلەو دیمنەوە............................ ٧٩
12. ئەو{نا} یەی گەورەترین زوڵمی گۆڕی............ ٨٢
13. ئایا دەرسمان لەکارەساتەکانەوە وەرگرت؟ ....... ٨٧
14. دایکم جێی شانازیمانە ................................ ٩٣
15. ئەگەر بووم بە شا چیت بۆ بکەم؟................. ١٠٠
16. ئەوەی خەمەکەی خەمی پاشەرۆژ بێت............ ١١٠
ناوەرۆک ....... ..................................... ١١٨

# هیمەت بەرزەکان

## گەش بین

**١٦کورتە چیرۆکی گەشبینییە**

**ئامادەکردنی**

**د. حسن پێنجوێنی**

چاپی یەکەم

**١٤٣٩ ک – ٢٠١٧ز**

**پێشەکی:**

زۆرن ئەوانەی لەژیاندا کۆسپ و تەگەرە و ئاستەنگی‌ان دێتە رێ، زۆرن ئەوانەی قەدەریان وایە لەپرۆسەی هاوسەرگیری‌دا دوادەکەون، زۆرن ئەوانەی کەسانێك بەزبری رووبەڕوویان دەبنەوەو بەقسەی نەشیاو دەیان تەزێنن، زۆرن ئەوانەی هیواو ئاواتیان بە کەسێکەوە پەیوەند دەبێ و بەهۆیەك لەهۆکان جیاوازی دەکەوێتە نێوانیان پێش پێکگەیشتن و بووکی هیوایان بە قەقنەس دەبێت.! زۆرن ئەوانەی کەئیبتیلاو ئیمتیحانی خوایی روویان تێدەکات، بەڵام هیممەت بەرزەکان، خۆڕاگرەکان، بە سەبرەکان، بەقەدەر رازییەکان، وئەوانەی ئومێدیان بەدەسەڵاتی بێ سنووری خودا هەیە، و لە گیرابوونی دوعاو بەهاناوە هاتنی پەروەردگاریان دڵنیان کەمن..

بەڵێ، ئەوانەی چاویان بڕیوەتە ئاسۆیەکی رووناك، و پەڵە هەورەکان ورەیان پێ بەرنادات کەمن، ئەوانەی لەکاتی شەپۆلی بێ ئامانی دەریا، و گێژەڵوکی ژیاندا چاویان بریوەتە کەناری

ئەمان کەمن، ئەوانەی کارەساتە دڵتەزێنەکاٚن دەیانەوێ تووشی رەشبینی وبێ هیوایی‌ان بکەن، بەڵام خۆی‌ان بەدەستەوە نادەن، و بەگەشبینییەوە دەڕواننە داهاتووی پڕ لەکامەرانی کەمن.. ئەم نامیلکەیەی بەردەستیشت یەکێکە لەو نامیلکە کەمانەی خوێنەر گەشبین دەکەن، هیممەتیان بەرز دەکەنەوە، و بەرەو لوتکەیان دەبەن.. ئەم نامیلکەیەش بریتییە لە هەژدە کورتە چیرۆکی واقیعی.. هیوادارم سوودیان بۆ خوێنەر هەبێ و **خودایش بۆمان بکاتە** توێشووی پاشەرۆژ، ..بێگومان ئەویش باشترین کۆمەک و چاترین پشتیوانە

# (١)
# لە ژیاندا گەشبین بە

وەرگێڕان وپێشەکی بۆ نووسینی
**د. حسن پێنجوێنی**

## لە ژیاندا گەشبین بە

خانمێک چیرۆکی خۆیمان بۆ باس دەکات و دەڵێ:

من ئافرەتێکم لەدواییەکانی گرێی سێهەمی تەمەنمدام، لەبنەماڵەیەکی خۆشگوزەراندا چاوم هەڵهێناوە، و بەئارامی لەپەنایا دەژیام، تالەزانکۆ دەرچووم، پاش دەرچوونم لەزانکۆ کارێکی نایابم دەستکەوت و دەستکەوتێکی زۆرم هەبوو، کارەکەی خۆمم زۆر خۆش دەویست..

هەر لەقۆناغی زانکۆدا بەویستی خۆم بالاپۆشیم هەڵبژارد وپۆشاکی پۆشتەم پۆشی، کاتێ کەدەرچووم کەسانێك هاتنە داخوازیم، بەڵام من کەسیانم وا نەدەهاتە پێشچاو بتوانم ژیانی هاوسەری لەتەکا بەسەر بەرم!! ئیتر بەکارکردنەوە خەریکبووم، و بەئیشەوە سەرجەنجاڵ.. بەجۆرێ هەموو شتێکی تری لەبییر بردبوومەوە..!! تا گەیشتمە تەمەنی 34 ساڵی!! ئیتر هەستم کرد بەدەست سەرنج و پرسیار لەهۆی دواکەوتنی پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە دەناڵێنم، و بۆچ تائەم تەمەنە شووم نەکردووە!!

لاوێکی ناسراومان کە دوو ساڵ لەخۆم بەتەمەن تر بوو هاتە خوازبێنیم و ئەم لاوە پاش دەرچوونی لەزانکۆ چەند پرۆژەیەکی پچووکی دانا، بەڵام لەهەموویانا تێکشکاو هیچ سەرکەوتنێکی ماددی بەدەست نەهێنا، وبە نیسبەت منەوە دەسهاتی سنوور داربوو، بەڵام من لەو خاڵە چاوپۆشیم کرد و پێی رازی بووم، وبڕیارم دا لە گیرفانی خۆم هەرشتێ ئەو نەیتوانی ئەنجامی بداٹ بۆی ئەنجام بدەم و هاریکاریەکی باشی بکەم!! تائینشائەڵلا ژیانێکی ئاسان و گوزەرانێکی خۆش بەدەی بێنین..

خۆمان بۆ گرێبەستی پرۆسەی هاوسەرگیری ئامادەکرد، و داوای لێکردم وێنەیەکی تەسکەرەکەی خۆمی بدەمێ، تا بۆ ئەو مەبەستە بەکاری بێنێ.. لەوکاتەدا ئەندازەی پێویستبوونی بەو وێنەیە حاڵی نەبووم، بەڵام دڵیم نەشکاند کۆپییەکی

تەسکەرەکەمم دایێ.

رۆژی دوایی لەلایەن دایکییەوە ناکاوێکم بۆ دروست بوو، بەتەلەفونی پەیوەندی پێوەکردم، بە شێوازێکی نامۆیانە داوای لێکردم گورج سەردانێکی بکەم!! منیش لەشێوازی قسەکردنەکەیەوە ترسێك کەوتە دڵم، و دەستبەجێ رۆیشتم بۆ دیمانەی، دەبینم کۆپی تەسکەرەکەمی بەدەستەوە گرتووەو دەپرسێ: ئەم بەروارەی لێرەدا نووسراوە راست و دروستە؟! منیش بەئەرێ وەلامم دایەوەو لەپرسیارەکەیەوە ترسی زیاتر و شپرزەیی زۆرترم بۆ دروستبوو.. دیتم دەڵێ: کەوابوو تۆ ئێستا تەمەنت لەچل نزیك بووەتەوە؟!

زارم وشك بووبوو باوەڕتان هەبێ تفەکەی خۆمم بۆ قووت نەدەدرا! و بەدەنگێکی هێواش پێم گوت: من تەمەنم 34 ساڵە نەك 40..!!

ئەویش گوتی: هیچ جیاوازییەکی نییە، چونکە کچان پاش

تەمەنی سیی ساڵی سك وزایان کەم دەبێت.. منیش دەمەوێت نەوەی خۆم لەم کوڕەم ببینم.. و نامەوێ ببینم بەدەرگای ئەم دکتۆر ئەو پزیشکەوە بسووڕێتەوەو بۆ ئەوەی چارەسەرێکی منداڵبوونی لەئافرەتێك بۆ بدۆزنەوە کە مەحاڵە هیوات بە منداڵبوونی هەبێ..!!

نەم توانی هیچی پێ بڵێم چونکە هەستم دەکرد گەرووم گیراوە!، ئیتر کۆتاییمان بەدیمانەکە هێنا بەکۆڵێ خەم و پەژارەوە بەرەوماڵ گەڕامەوە..

لەوچرکە ساتەوە دایکی دەزگیرانەکەم ئۆقرەی بۆنەگیڕا ودانەمرکایەوە تا دەزگیرانییەکەی نێوانماني هەڵوەشاندەوە، و تووشی سەدمەیەکی بەهێزی کردم، چونکە پێم وابوو لەگەڵ کوڕەکەی ئەودا کامەران و بەختەوەر دەبم!! دەزگیرانەکەم لەوماوەیەدا زۆر هەوڵیدا بەسەر ئەو خواستەی دایکیدا زاڵ ببێت بەلاّم نەیتوانی قەناعەتی پێ بکات، و هەمیشە بەڵێنی پێ دەدام ئەوەی لەتوانایداهەبێ ئەنجامی دەدات تا دایکی قایل بکات بۆ زەماوەندەکەمان.. بەلاّم بێ سوود بوو.. ئیتر منیش بەپێویستم زانی هەڵوێستەیەك لەتەك خۆما بکەم و چاوێك بە هەموو هەڵوێستەکانا بخشێنمەوەو گەیشتمە ئەو قەناعەتە کە بڕیار بدەم چی تر وەلاّمی تەلەفوونەکانی نەدەمەوەو گوێ بۆ دەزگیرانی پێشووم نەگرم و وێڵی بکەم..!!

شەش مانگی تەواو لەو ژیانە ناخۆشەدا ژیام!! بەڵێ، ئەو شەش مانگەش بەسەرچوو!!

پاشان هەلێکم بۆ هەڵکەوت سەفەرێکی عەمرە بکەم، ڕۆیشتم تا هەموو خەم و پەژارەکانم لەماڵی خوادا بشۆرم.. بەڵێ ڕێ و رسمی عەمرەم دەست پێکرد، پەنام بردە بەر کەعبەو ماڵی دێرینی خوا، و زۆر بەکوڵ گریام و بەدڵ لە خوا پاڕامەوە کە بەئاواتی خۆمم شاد بکات.. ڕۆژێکیان لە مزگەوتی مەککەدا نوێژم دەکرد، و کەلەنوێژەکەم بوومەوە دانیشتم و بەئارامی بیرم لەژیانی خۆم دەکردەوە، خانمێکم لەتەنیشتەوەبوو بەدەنگێکی لەسەر خۆی زۆر خۆش و کاریگەر قورئانی دەخوێند، گوێم لێ بوو ئەم ئایەتەی چەند جارێ دووپات کردەوە:" وَكَانَ فَضْلُ اللَّهِ عَلَيْكَ عَظِيمًا" النساء/١١٣. واتە: فەزڵی خوا بەسەرتەوە گەورەبوو. بەبێ ویستی خۆم فرمێسك لەچاوەکانمەوە بەسەرگۆناکانمدا هاتە خوار، ئەو خانمە بەڕێزە ئاوڕی لێدامەوە،و باوەشی پیا کردم، و بەسۆزەوە دەستی بەسەرشانمدا هێنا،و سوورەتی (الضُّحَى)ی بۆ خوێندمەوە، تا گەیشتە ئەو ئایەتە پیرۆزەی دەفەرموێ:" وَلَسَوْفَ يُعْطِيكَ رَبُّكَ فَتَرْضَىٰ " پەروەردگارت لەمەولا بەخششێکت پێدەبەخشێ وتۆیش پێی ڕازی دەبیت!!

باوەڕتان هەبێ تا ئەوساتەش وام هەست دەکرد ئەمە یەکەمجارە لەژیانمدا ئەو ئایەتە دەبیستم یا دەیخوێنمەوە، لەگەڵ ئەوەدا دەیان وبگرە سەدان جار لەناو نوێژەکانمدا خوێندومەتەوە، دەروونم ئارام بوو، خانمە بەڕێزەکە هۆی گریانەکەمی لێ پرسیم، منیش بێ پێچ و پەنا هەموو بەسەرهاتەکەی خۆم بۆ گێڕایەوە.. ئەویش گوتی: ئەگەر سەیری سوورەتی ئینشیراح بکەیت، دەبینیت خوای بالاّدەست لەنێوان دوو نارەحەتیدا خۆشییەکی داناوە، و تۆیش ئیستا لەنێوان ئەو

ناخۆشیەدایت کە خۆشی بەدوادا دێت، ئینشائەڵڵا.. ئەوەی رووی داوە بۆت هەمووی فەزڵی خوا بووە بۆت، چونکە –وەك پیاوچاکان دەڵێن- لەهەموو بەڵایەکدا نیعمەتێکی شاراوە هەیە.
منیش لەسەر ئەو قسەجوانانەی زۆر بەرگەرمی سوپاسم کرد، و بۆی پاڕامەوە خوا لەدنیاو قیامەتا عەیبی داپۆشێ.. ئیتر حەرەمی کەعبەم بەجێ هێشت، وبەحاڵێکی باشترەوە بەرەو ئوتێلەکەم گەڕامەوە. ماوەی عەمرە کۆتایی هات و کاتی گەڕانەوە هات، و هەموو پێویستییەکانی فڕۆکەخانەم ئەنجام دا، و ڕێکەوتین.. کە گەیشتینە فڕۆکەخانەی شارەکەی خۆمان، دیتم هاوەڵێکم لەتەك مێردەکەیا لە هۆڵی چاوەڕوانییا دانیشتبوون، کەمنی دی خۆشحاڵی دەربڕی، و بەخێرهاتنەوەی پێ گوتم.. منیش لێم پرسی: چۆن بووە هاتون بۆ فڕۆکە خانە؟ گوتی: مێردەکەم چاوەڕوانی هاوەڵێکی دەکات کە ئەویش لەهەمان فڕۆکەدا بووە کەمن پێی هاتبوومەوە.. زۆری پێ نەچوو ئەوهاوەڵەی پەیدابوو.. ئیتر من خواحافیزیم لێکردن، و لەگەڵ باوکمدا رۆیشتم، و فڕۆکەخانەمان بەجێهێشت..
هەرکە گەیشتمەوە ماڵ و خۆم گۆڕی، و کەمێ پشووم دا، هاوڕێکەم تەلەفونی بۆکردم وگوتی: هاوڕێی مێردەکەم دەیەوێ داوات بکات و بتخوازێ!! ئیتر بەدرێژی باسی وەزعی هاوەڵی میردەکەی کرد، پیاوێکی بازرگانە، و لەخێزانێکی ناسراوە، و دین و رەوشتێکی جوانی هەیە، بەڕاستی ئەوەی شیاوی هاوسەری تۆبێ ئەو پیاوەیە!!
چەند رۆژێکی بەسەرا تێنەپەڕی کە هاتنە خوازبێنیم و پاش مانگ و نیوێك لەوبەرواره شاییمان کرد و بووینە هاوسەر!! و سوپاس بۆخوا دڵ و دەروونم پڕ بوو لەکامەرانی وبەختەوەری، قسەکانی ئەوخانمە بەڕێزە لەگوێما دەزرنگایەوە، کە دەیگوت: ناخۆشییەکەت رۆیشتووەو چاوەڕوانی خۆشییەکە بە..
بە گەشبینی و بەختیارییەوە دەستم بەژیانی هاوسەری کرد.. ئەوەی من ئاواتم بۆ دەخواست لە هاوسەرەکەمدا هەبوو: خۆشەویستی، سۆز، رێز، چاکە لەتەك کەسی من و کەسی خۆیدا..تاد. چەند مانگێك تێپەڕی و هیچ نیشانەیەکی سك و ساوا دیار نەبوو!! هەستم بە شپرزەیی و قەلەق دەکرد، بەتایبەت کە منیش تەمەنم لە 36 تێپەڕیوە، داوام لەهاوسەرەکەم

کرد هەندێ پشکنین و شیتەڵی خوێنم بۆ بکات نەوەك توانای منداڵبوونم نەمابێ!! ئەویش باوەشی پیاکردم گووشیمی بەسنگەیەوەو بەسۆزو خۆشەویستیەوە گوتی: جگە لەتۆ لەم دنیایەدا هیچی ترم ناوێ!!
ئەو گوایە بایەخ بەمنداڵ نادات هەبێ یان نە!! چونکە تاقەتی قیژەقیژو هەراوبەزمی منداڵی نییە.. بەڵام من لەسەرداخوازییەکەی خۆم سووربووم، بۆیە رۆیشتین بۆلای پزیشکێکی ناوداری نەخۆشی ژنان، ئەویش داوای هەندێ شیتەڵی لێکردم وکاتێ ئەنجامەکانمان بۆ بردەوە گوتی: خانم پێویست ناکات هیچ رێو رەسمێك بگریتە بەر، پیرۆزباییت پێ دەڵێم چونکە پشکنینەکان دەریان خستووە ئێستا سکت هەیە!!
ئای لەو خۆشییە، هەرمەپرسە کە من و هاوسەرەکەم چەند دڵخۆش و شادمان بووین!! بەگەرمی دەستی دکتۆرەم

گووشی و سوپاسم کرد و هاتینە دەرەوە..
ئالەوکاتەدا هاوسەرەکەم خۆی بۆ سەفەری حەج ئامادە دەکرد، منیش داوام لێکرد لەتەك خۆیا بمبات، تا منیش فەرزی حەج بەجێ بێنم و لەوێش لەپەنای ماڵی خوادا سوپاسگوزاری خۆم بۆ پەروەردگار دەرببڕم کە ئەو هەموو ناز و نیعمەتەی بەسەرا رشتووم، هاوسەرەکەم رازی نەبوو، بەتوندی رەفزی کرد، هەروەها پزیشکەکەیشم، منیش پێم گوتن: ئێستا لەسەرەتای مانگەکانی سکدارییەوەم، و زۆر هەتەریم کرد لە سەرداخوازییەکەی خۆم و پێم گوتن: ئەوەی ئەو کۆرپەڵەیەی لە هەناوما خولقاندووە، بێ ئەوەی ئێمە چاوەڕوانی بین، توانای هەیە لەهەموو خراپەیەك بیپارێزێ، ئیتر هاوسەرەکەم پاش پرس و را بە دکتۆرەکەم قبوولی کرد،و رۆیشتین بۆ حەج و لەوسەفەرەدا - سوپاس بۆ خوا- وەزعم زۆرباشتر بوو تا پێش سەفەرەکە..
مانگەکانی تری سکەکەم بە بێوەی رۆیشتن، هەر چەند بەهۆی گەورەبوونی تەمەنمەوە نارەحەتییەکی باشم چەشت، بەڵام لەناوماوەی سکەکەدا هەوڵم نەدا بزانم ئەو کۆرپەلەیەم چییە؟ هەرچی لەلای خواوە بێت خێرە.. هەر سکالایەکم لای دکتۆرەکەم دەکرد بەهۆی گەورەبوونی غەیرە عادەتی سکەکەمەوە، ئەو وای بۆ تەفسیر دەکردم کەبەهۆی دواکەوتنی تەمەنمەوە لەسك کردن، و گەیشتنم بە 36 ساڵیەوەیە!
پاشان ئەوکاتە چاوەروانکراوە هات کە منداڵەکەم ببێت، و من کە هاتمەوەهۆش خۆم دکتۆرەکەم هاتە لام و لێی پرسیم: تۆ هیوات چی بوو؟ ئاواتت بوو چ جۆرە منداڵێکت ببێت؟ منیش پێم گوت: ئەوی راستی بێت دکتۆرە، ئاواتم ئەوەبوو منداڵم ببێت ئیتر جۆرەکەیم بەلاوە گرنگ نەبوو..ئەویش بزەیەکی گرت و گوتی: خانم! رات چییە ئەگەر ئێستا حەسەن و حسەین وفاتمەت بووبێ؟!
هیچی لێ حاڵی نەبووم، بۆیە لێم پرسی: مەبەستت چییە؟ ئەویش داوی لێکردم کە زۆر لەسەرخۆ و ئارام بە و بەسەرخۆت و دەروونتا زاڵ ببە، و مژدەبێ خوای بالادەست سێ منداڵی پێ بەخشیویت!! وەك ئەوەی خوا بییەوێ بەیەکجار پێم ببەخشێ تا رەحم بەتەمەنم بکات، و لەدواییدا بۆم دەرکەوت کە دکتۆرەکەم زانیبووی من دووقلوم هەیە، بەلام بۆئەوەی من نەشڵەژێم ومێشکم تێکنەچێ،وترسم زۆرنەبێ ئاگاداری

نەکردبوومەوە، ئیتر ئەوچی قسەی کرد من لەتاوخۆشی خۆم وپێکەنین و سوپاسگوزاری کردنم گوێم لەقسەکانیەوە نەبوو. هەرپێدەکەنییم هەندێ جاریش گریانی شادی تێکەڵ دەبوو ودەمگوت: سوپاس بۆ خوا.. سوپاس بۆ تۆ خودایە.
ئالەویادا قسەکانی خانمەکەی سەفەری عەمرەم بییردەهاتەوە، و ئایەتە پیرۆزەکەی سوورەتی (الضحی) کە دەفەرموێ:"ولسوف یعطیك ربك فترضی"، پڕبەدەم سوپاسی خوام دەکرد، کە منی رازی کردووەو زیادلەوەی خۆم خەوم پێوە دەبیینی نیعمەتەکانی خۆی بەسەرا رشتووم..
خۆ هاوسەرەکەم کە دەیگوت: من تاقەتی منداڵ و قیڕە قیڕیانم نییە تا دڵخۆشی من بداتەوەو هەست بە نارەحەتی نەکەم، نازانن چەند کەیف خۆش و دڵشاد بوو دەترسام شتێکی بەسەر بێ و تووشی شتێك ببێت. کاتێ کەسەیری سێ

منداڵەکەی دەکرد و سوپاسی خوای دەکرد و تا ئێستاش ناتوانێ چاوی لێیان نەبێت!!

ئێستاش من لەسەر لێوارەی یەکێ لەدەریاکاندا ئەم بابەتە دەنووسم، و خۆم وهاوسەرەکەم و هەرسی منداڵەکەم دەمانەوێ ئیجازەی ساڵانەمان بەخۆشی بەسەر بەرین.. تکات لێ دەکەم ئەم نامەیەم ئاراستەی هەموو ئەو کیژانە بکە کەلەشوکردنا دوا کەوتوون، و ئەوخانمانەش کە لەمنداڵبوونا دواکەوتوون، تا بە هیواوە بژین، و لەرەحمی خوا هیوابڕاو نەبن، و هەرگیز لە نزاو پاڕانەوەو داواکردن لەخوا کول و کۆڵ نەبن.. من هەمیشە ئەم دوعایەم دەکرد ئەگەر ئێوەش بەدڵتان بوو دەتوانن لەو جۆرە دوعایە بکەن: پەروەردگارا! ئەگەر من ئەهل نەبم بۆ ئەوەی بگەم بەرحمەتی تۆ، خۆ رەحمەتی تۆ ئەهلە بۆ ئەوەی بە من بگات، چونکە رەحمەتی تۆ هەموو شتێکی گرتۆتەوە..

ربي إن لم أكن أهلاً لبلوغ رحمتك, فرحمتك أهل لأن تبلغني لأنها قد وسعت كل شيء.

28/6/2012

# # #

# (٢)
# خانمە زانایەکی داهێنەر

وەرگێڕانی
**د.حسن پێنجوێنی**

## خانمە زانایەکی داهێنەر

کاتێك ژیان نامەی هەڵکەوتووان و لوتکە نشینان دەخوێنیتەوە شتی سەیرو عەجایەبت پێش چاو دەکەوێت، کە هەر گیز بەخەیاڵدا نایەت.. بەم باسی خەیاڵەدا دەورێکی زۆر گرنگی خەیاڵم بیبیر کەوتەوە، ئەم خانمە زانایە دەڵێت: "من منداڵ بووم و زۆر حەزم لەخوێندنەوە بوو، باوکیشم هەموو وەسیلەیەکی خوێندنەوەی بۆ دەسازاندم،و هەر پرسیارێکم لێدەکرد بەوپەڕی سنگ فراوانیەوە وەڵامی دەدامەوە، ئەمە لەلایەکەوە لەلایەکی ترەوە بەسەرهاتی پێشەوایانی گەورەی زانیاریم دەخوێندەوەو دەمگوت: دەبێ منیش ئەو ڕێیەی ئێوە بگرمە بەر و لە مێژوودا جێی خۆم بکەمەوە، هەمیشە بەخەیاڵ لەتەك رازی و ئیبنو هەیسەم و ئیبنو سینا و جابیری کوری حەییان و ئەنیشتاین، وئیسحاق نیوتن و ماری کۆری و ئەوانەدا دەژیام.. ئێستا کە گەورەترین داهێنانم بەدەست هێناوە، و دەڵێم: خەیاڵ نیوەی زانیارییە، و هەموو بەرهەمە زانیارییەکان لە خەیاڵەوە بوون بە واقیع..

بەڵێ، خوێنەری ئازیز! ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام و هانیدام بۆ نووسین لەسەر ئەم خانمە زانایە دووشت بوو: یەکەم خۆبەسووك سەیر نەکردنی،و شانازی کردنی بەئاینەکەیەوە دووەم: هیممەتی بەرزی بوو..

### شانازی کردنی بەئاینەکەیەوە:

لەبارەی یەکەم خالیانەوە لە دیدارێکا دەڵێت: هەر لە یەکەم ڕۆژەوە کە لە زانکۆی کەمبەردەجدا وەك قوتابییەکی سعوودی وەرگیرام، کۆمەڵێ ئاستەنگ و نارەحەتیم بۆپێشهات، و هەوڵمدا کە بەویستی خوا دەبێ بەسەریاندا سەرکەوتووبم.. ئەو ماوەی بۆمن دانرابوو، تا لەبواری تەکنیکی زیندەدا دکتۆراکەمی تیا تەواو بکەم، پێنج ساڵ بوو، یەکێك لەزانا بەناوبانگەکانی ئەو زانکۆیە هەر لەگەڵ چاوی پێم کەوت لەچکم بەسەرەوەیە قیراندی وهاواری کرد: هەر لەئێستاوە تۆ فاشیل و سەرنەکەوتوویت.. مادام واز لەم لەچك وخۆ پێچانەوەیەت نەهێنی.. هەر

چەند من ماوەی سێ مانگت بۆ دا دەنێم، تا بەتەواوی لەناو کۆمەڵگای ئێمەدا بتوێیتەوە، و واز لەهەموو ڕواڵەتێکی ئاینی بێنیت، وتۆیش یەکێکی وەك ئێمە بیت..!! دەبێ ئاین و زانیاری لێك جیا بکرێنەوە!! ئێمە تەجرەبەمان هەیە، و یەکێك لە موسوڵمانەکانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا کەهات، پاش ماوەیەکی کەم لەچکەکەی لادا، و بووە یەکێك وەك ئێمە..!!

ئەم خانمە زانایە دەڵێ: ئەمە سەدمەیەکی گەورەبوو، بەڵام قسەی ڕەقی ئەو زانایە نەبەردێکی گەورەی لەدەروونمدا دروست کرد، بۆیە بریارم دا کە دەبێ پارێزگاری لە ئاین، و ڕەوشت و ڕواڵەت و ناسنامەم بکەم..!! تا پێی بسەلمێنم کە لەنێوان ئاینی ئیسلام و زانیاریدا بەهیچ شێوەیەك دژایەتی نییە.. تەنیا پاش سێ مانگ، ئەو دەستەواژە هێرش ئامێزانە لەلایەن کار بەدەستان وماموستایانی زانکۆوە، گۆران بە ڕێزێکی زۆر،

و حورمەتێکی فراوان، تەنانەت لەمانگی رەمەزاندا لەبەر من لەبەرچاو منداڵ نە نانیان دەخوارد نەئاو..

**لەبەر کردنی هەموو قورئان لە ساڵێکدا:**

هەروەها قورئانی لەبەر نەبووە لەبەر ئەوەی لەو غەریبایەتییەدا هۆگرێکی هەبێ قورئان دەکاتە هاونشینی خۆی و لەماوەی تەنیا ساڵێکدا هەموو قورئان لەبەر دەکات.. و دەیەوێت بەهەموو ئەوانە بسەڵمێنێت کە دەڵێن: ئەگەر ئافرەت بروات بۆ رۆژئاوا، دەبێتە شکاری هەواو هەوەس و تلێر دەبێتەوە بۆ کەندەلآنی رەوشت نزمی.. کە هەڵەن، ولەوبارەوە دەڵێت: " ئێمە باوەرمان بەخوا هەیە، لەهەرکوێ بین خوا ئاگای لێمانەو پێمان دەزانێ.. و ئەوەی نایەڵێ تووشی گوناه ببین تەنیا باوەرەکەیە، و شەخسییەتی خۆیشمان لەمەسەلەکەدا کاریگەرە نەك زرووف "..

**چۆن ئینگلیزییەکەی بەهێز کرد؟**

ئەم خانمە زانایە کاتێ دواناوەندی تەواو دەکات تێکرای نمرەکانی لەبەشی زانیاریدا 98 % دەبێت، بەلآم ئینگلیزییەکەی لاواز دەبێت، ولەوئاستەدا نابێت زانکۆکانی بەریتانی وەری بگرن.. بۆ ئەوەی بەسەر ئەم کۆسپەدا سەر بکەوێت دەڵێت: " رۆیشتم پێشکەشم کرد تا ئیمتیحان بۆ دواناوەندییەکانی بەریتانیا بدەم، گوتیان شتی وا موستەحیلە، گوتم: مادام من زیندووبم لەقامووسی مندا موستەحیل نییە، لەماوەی دیاری کراودا لەشەو و رۆژێکدا 18 سەعات تا 20 سەعات کۆششم دەکرد، چونکە بەڵێنم دا بوو دەبێ سەرکەوتووبم، لەهەموو ئەو ماوەیەدا باوەرتان هەبێت تەنیا شەوێك تێر نەخەوتووم.. چونکە زۆر دەترسام سەرنەکەوم و فەشەل بێنم.. لەکاتێکدا ئیمتیحان هاتە پێشەوە سوپاس بۆ خوا نمرەیەکی وام هێنابوو لەهەموو زانکۆکانی بەریتانیادا بەبێ هیچ مەرجێ پێی وەر بگیرێم..!!

**کەهرۆ موگناتیسی:**

یەکێکی تر لەهیممەت بەرزیەکانی دەڵێ:" من کەلەزانکۆی کەمبەرجدا بۆ دکتۆرا دەمخوێند لێکۆڵەرێکی تەمەن بچووك بووم، لەزانکۆی بۆستن کۆنگرەی گۆردن بۆ باسەکان دەبەسترا، منیش باسێکم لەبارەی کەهرۆ موگناتیسییەوە نووسیبوو، دەمویست برۆم لەوێ پێشکەشی بکەم، بۆ ئەوەی هەڵی بسەنگێنن.. باسەکەم پێشکەش کرد وقبوول کرابوو، منیش رۆیشتم بە زانکۆی خۆمانم گوت: من ئەگەر باسێك پێشکەش بکەم بۆ یەکێك لەکۆنگرە جیهانییەکان، ئێوە خەرجم دەکێشن؟ گوتیان: نەخێر.. گوتم: ئەی ئەگەر پێشکەشم کرد و ئەوان قبوڵیان کرد، و خەرجییان بۆ دام چی؟ گوتیان: ئێمە رێت پێ دەدەین وەمنوونت دەبین، چونکە سەری زانکۆ کەی ئێمە بەرز دەکەیتەوە. " پاشان دەڵێت: " رۆیشتم باسەکەم لەوێ بووە هۆی سەرسورمانی ئامادەبووان، چونکە تەمەنم لەهەموو ئامادەبووان بچووکتربوو، و بووە هۆی ئەوە کە سێ ساڵی تەواو وەکالەتی ناسا هەوڵ بدات لەتەکما بۆ ئەوەی لەتەکیانا کار بکەم.." !!

# # #

ئەمە ئەو خانمە زانایەیە کە لە ٨/٢/٢٠١٢ دا بە خوێنەرانی سایتی

پێنجوێنیم ناساند، و ئێستاش دەمەوێ بەخوێنەران و هاورێیانی پەیجی پێنجوێنی یان بناسێنم، ودەمەوێ ئازایزان بزانن کە داهێنانەکان موڵکی قۆرغکراوی کەس نین، ئەگەر بوار بۆ خەڵکی خۆمان هەڵبکەوێت، هیچیان لەخەڵکی تر کەمتر نییە.. {حەیات سندی} خانمە لێکۆلەرەوەی سعوودی، یەکەم ئافرەتێکی عەرەبییە شەهادەی دکتۆرا لە تەکنیکی زیندووی زانکۆی کەمبەرج دا بێنێت، لەدیدارێکا لەتەك رۆژنامەی {ئەلوەتەن}ی سعودیدا رایگەیاند کە: ئیسرائیل چوار جار داوای لێکردووە تا لە سەنتەری " وایزمان ئەنستتیوت "دا لە تەل ئەبیب هاوبەشی بکات.. بەلام ئەو رەفزی کردووە، چونکە هەستی کردووە بە" مەترسی هەندێ شت کردووە".

بەڵێ، دەسەلآتدارانی ئیسرائیلی ئیغرائاتێکی زۆریان پێشکەش بە خانمە زاناو لێکۆڵەرەوەی سعودیە {حەیات سندی} کردووە کە ئێستا لە بەریتانیایە، بۆ ئاگاداربوون و سوود وەرگرتن لەوباسانەی کە لە بارەی کیمای زیندەوەرەوە نووسیویەتی.

سندی لەدایکبووی شاری مەکەیە،و سیانزە ساڵی لە بەریتانیادا بردۆتە سەر، و دکتۆراکەی لە " کەرەسەی قیاسی کەهرۆ موگناتیسی و دەنگ" دایە لەزانکۆی بەناوبانگ ودێرینی کامبەرجدا..

هەروەها توانیویەتی بگاتە کۆمەڵێ داهێنانی زانیاری گرنگ، کە پلەو پایەیەکی زانیاری وناوازەییەکی جیهانی بۆ بەدی بێنێت.. هەر لەپاش ئەو باسانەیەوە، دەولەتی ئەمریکا لەگەل وەفدێکی پێکهاتوو لە 15 زانا لەباشترین زانایاندا بانگی کردووە بۆ سەرپەرشتیکردنی رووگەو داهاتووی زانیارییەکان..

هەروەها زانکۆی { Berkeley} بیرکلی لە کالیفۆرنیای ئەمریکی دەعوەتی کردووە تا لەناو ئەو سێ ناودارترین خانمە زانایەانەی جیهاندا بێت، کە بریتین لە: {کارل دار} سەرۆکی باس ولێکۆلینەوەکانی شێر پەنجە، دوەمیان: {کاسی سیلڤەر} یەکەم ئافرەتی پێشەنگی فەزا، وسێ هەمیشیان {حەیات سندی}..

دکتۆرە سندی وە سیلەیەکی داهێناوە بۆ هەستکرد بە شەپۆلە دەنگیی و موگناتیسییەکان، کەبەهۆیەوە دەتوانرێ دەرمانی پێویست بۆ لەشی مرۆڤ دیاری بکرێت.. ئەم داهێنراوەشی بەکورتی ناو لێناوە:" MARS " هەر بەهۆی ئەم داهێنانەیەوە لەلایەن {وەکالەتی ناسا}وە دەعوەتێکی پێگەیشتووە کە پێشنیاری باشترین مووچەو خزمەتی تیایە ئەگەر کاریان لەتەکا بکات..

هەروەها لە پیشەسازی داودەرماندا و لەپشکنینی ترشی نەوەوی {DNA} تایبەت بە نەخۆشییە بۆ ماوەکاندا چەند داهێنانێکی کردووە، هەروەها پرۆژە باسێکی بۆ پارێزگاری ژینگە لە گازە ژەهراوییەکاندا هەیە، و داهێنانەکانیشی بە وردەکارییەکی بەرز لە باسەکانی تر هەڵبوێراوە.. بۆنموونە: ئەو ئامێرەی بۆ ناسین وزانینی تووشبوونی جیناتەکان بە نەخۆشی شەکرە دایهێناوە، رێژەی سەرکەوتوویی گەیشتۆتە 99,10 %، کە لەوەپێش ئەو رێژەیە لە 25 % تێنەدەپەڕی.

بەلاَم ئەوەی سەیرە زانکۆی مەلیك سعوود تائێستا بانگی نەکردووە، گوایا لەبەر ئەوەی باسەکانی پارەی زۆری تێدەچێ!!

لەزانکۆی مەلیك عەبدول عەزیزیش بانگ نەکراوە لەبەر ئەوەی بەشێکی تیا نیيە پەیوەندی بەباسەکانی ئەوەوە هەبێ!!

زانکۆی مەلیك فەیسەلیش لەبەر ئەوەی تایبەتە بە زانیارە نەزەرییەکانەوە تا ئێستا دەعوەتی نەکردووە..

زانکۆی ئوممول قورایش تائێستا هەواڵی ئەم زانایان پێ نەگەیشتوە.. تەنیا لەلایەن وەزارەتی پەروەردەو فێرکردنەوە دەعوەتێکی پێ گەیشتنووە نەك بۆ ئەوەی موختەبەرێکی بۆ بکەنەوە، بەڵکو بۆ ئەوەی ببێت بە چاودێر بەسەرقوتابیانی قوتابخانەیەك لە بیابانی ناوچەی {جەوف}دا..

# # #

# (٣)
# چۆکم بە رەشبینی دادا

**نووسەر: سلوى العضيدان.**
**وەرگێر: حەسەن پێنجوێنی.**

**پێشەکی:**

ئەلَبەت قورئانی پیرۆز کە گەورەترین کتێبی ئاسمانی و وەحیی خوداییە و گەورەترین سەرچاوەیە بۆ پەروەردەکردن، وپێگەیاندن، سێ یەکێك یا زیاتری بریتییە لەچیرۆك، و ئەم چیرۆکانەش گەورەترین دەوریان لە پەروەردەکردنی هاوەڵەکان وبەرەی یەکەمی ئەم کاروانەدا هەبووە، بۆیە دڵسۆزانی ئەم کاروانە، و شارەزایانی پەروەردە لەهەموو سەردەمێکدا، بۆ پەروەردە چیرۆکیان بەکارهێناوە، ئێمەش کە دەمانەوێ شوێن پێی ئەوزانایانە بکەوین، و لەبارەی پەروەردەوە خزمەتێك بە گەنجان و لاوانی تازە پێگەیشتووی ئەم کاروانە بکەین، پێمان وایە چیرۆك باشترین وەسیلەیە بۆ پەروەردە، هەر لەم روانگەوە تا ئێستا - سوپاس بۆ خوا - زیاتر لە سەد چیرۆکمان لە سەرچاوە جیاوازەکاني عەرەبي و فارسي و ئینگلیزییەوە کۆ کردۆتەوەو پاش وەرگێڕان و کۆمێنت پێشکەش بە خوێنەرانمان کردووە، و لە سایتەکەدا بڵاومان کردۆتەوە، و بەنیازین ئینشائەڵلاَ لە چەند بەرگێکدا بەچاپیان بگەیەنین، تا ئەوانەی لە نیعمەتی ئێنتەرنیت مەحروم بوون، لە خوێندنەوەیان مەحروم نەبن.

و لە {زنجیرە چیرۆکی گەشبینی وهیممەت بەرزی}یشدا تا ئێستا چەند ئەڵقەیەکمان پێشکەش بە خوێنەران کردووە، ئەوا ئەڵقەیەکی تریش لەم زنجیرەیەتان پێشکەش دەکەین کە نووسینی نووسەری بە ناوبانگی سعوودی خاتوو سەلوا عوزەیدان{سلوى العضيدان}ە، منیش بەکوردی پێشکەش بەخوێنەرانی دەکەم، و هیوادارم کۆمەکێك بێت بۆسەرکەوتنی

لایەنی ئەرێ یی لەو کەسانەدا کە لە ململانێی هیواو بێ هیوابووندان، و تینێك بەوزەی لاوازیان بدات، و بەرەو لووتکەی سەرکەوتن هانیان بدات، و قارەمانی ئەم چیرۆکەمان نموونەیەکی بەرزبێت بۆیان، و لەمپەڕەکانی سەررێی ژیان تووشی یەئس و رەشبینییان نەکات، و هەمیشە بەگەش بینیی و هیواوە بڕواننە ئاسۆ.. هیوادارم سوودی بۆ هەموان هەبێ..
حەسەنی پێنجوێنی

# # #

**1**

نووسەر دەڵێ:
کاتێ چیرۆکەکەم دەخوێننەوە وانەزانن ئەمە جۆرێکە لەخەیاڵ!
بەڵکو لەتاڵتاڵی کوێرەوەرییەکانم تەنیومە، تا بزانن رۆژێك لەرۆژان دەست لەملانی رەشبینی نەبووم و نەهامەتی و کوێرەوەرییەکان چۆکیان پێ دانەداوم، ئەوەش بەهۆی باوەڕبوونم بە قەدەری خوا و پشت بەستنم بە پەروەردگارمەوە بوو.. ئەویش لەناو تاریکییەکاندا گەشبینی وهێوای پێ بەخشیم..
منداڵیم هەر کوێرەوەری بوو، کەمترین شتێ لەوبارەوە بگوترێ بریتی بووە لەتەم و خەم لەناو خێزانێکی هەژاری وادا کە نەتوانن سکی خۆیان لەبرسیەتی تێربکەن .. لەسەردەمی کوێرەوەری منداڵیمدا رۆژێك لەرۆژان نەمزانی تامی حەڵوا و چکلێت چییە.. تا ئێستاش باش لەیادمە چۆن چاوەڕوانی جەژن و بۆنەی شادییەکانی هاوسێ و خەڵکی گەڕەکمان دەکرد چونکە تەنیا لەوکاتانەدا تامی گۆشت و ئەو میوانەمان دەکرد کە لێیان بێ بەش بووین!!
خێزانەکەمان خێزانێکی سەیر بوو، هیچ کام لە ئەندامانی ئەو خێزانە هەستی بەوی تر نەدەکرد، هەر یەکەمان دنیایەکی تایبەتی هەبوو، بەداخەوە هەموو یەکێك لەئەندامانی خێزانەکەمان دەردێکی وای هەبوو، پێنووسەکەم شەرم دەکات باسی بکات، باوکم لەیەکێ لە پیشانگاکاندا فەراش بوو، معاشێکی سادەی هەبوو خیزانە گەورەکەمانی بە سەلامەتی نەدەگەیاندە سەری مانگ، بەڵکو هەندێ جار کەشتی ژیانمان لەنیوەی مانگا دەوەستا!!
باوکم لەژیانیا مرۆڤێکی سەرکەوتوو نەبوو، قەناعەتێکی سەلبی

هەبوو، دەمنداڵی بەرەڵای سەر جادە کردبوو، بێ ئەوەی شتێك

لەبارەیانەوە ئاگاداربێ!! لەوانەشە هۆی ئەوە بووبێ کە بەهۆی بەکارهێنانی مادە سڕکەرەکان لەسەرەتای ژیانییەوە چەند جارێك زیندانی کرابێت وبەربووبێ، ئەمە شوێنەواری نەگەتیفی لە ژیانیا دانابێت..و وای لێکردبێ گوێ بەهیچ لە دەورو بەریدا نەدات.. من هەندێ جار بەزەییم پیا دەهاتەوە کەدەمبینی زۆر بێدەنگەو بیری پەرتەوازەیە، و هیچ متێکیش نابزوێنێ!!

بەڵام دایکم ئافرەتێکی زۆر سەیر بوو، بم بوورن ئەگەر بەوشێوە سزاوارە باسی دەکەم!! لەراستیدا ئازاری زۆری هەبوو، بەدرێژایی رۆژ خەریکی سواڵکردن بوو لە گەڕەکەکەدا!! ئیتر وەك ئەوە حاڵی نەبووبێ کە ئەم ئافرەتە، دایك وکەیبانووی ماڵە!! هەمیشە چاوی لەدەستی خەڵکەوە بوو، وئێرەیی [حەسوودی] پێ دەبردن، و داوای لێدەکردن، و ئاوی ناوچاوًی دەڕشت بۆ ئەوەی هەندێ وردە نانی پێ ببەخشن!!

باسی براکانم هەرمەکە!! لەسەرجادەو کۆڵان دەژییان و بەشی زۆریان لەسەر رێی راست لایان داو تووشی سەرسمی زۆربوون!! خوشکەکانم هیچ کێشێکیان دانەنابوو نەبۆ رەوشت، نەبۆ شەرەف، تەنانەت نەبۆ سەرنجی کۆمەڵگایش. نەهامەتی ئەوەبوو خوشك و براکانم هەر کە دەگەیشتنە پۆلی چواری سەرەتایی ئیتر بەبێ هیچ هۆیەك  وازیان لەقوتابخانە دەهێنا..!!

ئالەم کەش وهەوا ئالوودەو سەختەدا ژیانی منداڵیم بەسەر برد!! زۆر لەوەزعی خۆم نارازی بووم، لەو دایك وباوکەی کەواتای بەرزترین و بەحورمەت ترین لەقەب وناویان لەم بوونەوەرەدا نەدەزانی زۆر تووڕە بووم، بەڵام من بەتوندی دەستم بەخوێندنەکەمەوە گرتبوو، لەگەڵ ئەو وەزعە ناهەموارەی بۆم باسکردن و ژیانم لەناو ئەو خێزانە پەرتەوازەیەدا نمرەکان زۆر بەرزبوون!!

باسی ئەو رۆژەشتان بۆ دەکەم کە ئاوەڕۆی ژیانمی بۆ هەمیشە گۆڕی و کوێرەوەری راستەقینەم لەوێوە دەستی پێکرد!! خۆ ئەگەر باوەڕبوونم بەخوا نەبوایە هەرگیز نەمدەتوانی لێی رزگار ببم!! کاتێ شەهادەی سێی ناوەندیم وەرگرت – من تاقانە منداڵێك بووم لەناو خێزانەکەمانا کە سێی ناوەندی تەواو بکەم –  و تەمەنم پانزە ساڵان بوو، پیاوێکی پیری تەمەن شەست ساڵی، دەردەدار بەنەخۆشی شەکرەو زەغت و هەمیشە مەستی، و بازرگانیکردن بە مادە سڕکەرەکان داوای کردم!! بەپێی بۆچوونی دایك و باوکم ئەوبازرگانە پارەیەکی زۆر و قازانجێکی گەورەی دەست دەکەوێت، و ئەمانیش ئەگەر منی پێ بدەن نانیان دەکەوێتە شۆلاوەوە!! بۆیە دایك و باوکم لیکیان بۆ دەڕشت و لەبەرامبەر ئەو چاوبەستە مادییەوە نەیانتوانی خۆ بگرن، و یەکسەر رازی بوون!! بێ ئەوەی پرسێ بەمن بکەن؟! منیش هەرچی هاوارم بەروویانا کرد، و پێم گوتن: من ئەوەم ناوێ و من دەمەوێ خوێندنەکەم تەواو بکەم.. خوشکە گەورەکەمی بدەنێ!! هیچ سوودی نەبوو..

لەکەش و هەوایەکی خەماویدا گوێزرامەوەو زەماوەندم بۆ کرا!!

دایکم هیچ گوێی پەنەدام، - دەزانن لەشتەکانی ناوماڵدا پێش

هەموو شتێ چیم خستە ناو جانتاکەمەوە؟ کتێبی دەرسەکانم !! – رۆیشتمە ناو خانووی نوێمەوە، ببورن مەبەستم زیندانە کەم بوو، هەر لەگەڵ دەرگاکەی لەپشت خۆیەوە پێوەدا وەك درِوندەیەك تێم بەربوو، پاش تاوانەکەی عارەقە ئیسك ..قورسەکەی خواردەوەو وەك گا لەسەر جێگەکەیا پاڵ کەوت

بیهێننە پێشچاوی خۆتان وبێت بە خەیاڵتاندا ئافرەتێکی تەمەن پانزە ساڵ لەو دیمەنە سامناکە دا کە مرۆڤایەتی و پاکیزەیی تیا رەشەکوژ کراوە، دەبێ وەزعی چۆن بووبێت؟! لەو کەش و هەوا سامناك و تۆقێنەرەدا پێنج ساڵ لەتەمەنم تێپەڕی، ئەمەش ..قیمەتی ئەو چاوچنۆکی و تەماحکارییەی باوك و دایکم بوو

ئەو پێنج ساڵەی تەمەنم تامی جۆرەها ئێش و ئازارم چێشت، هەر لەدارکاری و فەلاقەو نەعل و سۆلکاری سەروگوێلاکم، و بەند کردنم لە ژوورێکداو نان و ئاو لێ گرتنەوەم.. هەموو ئەمانە نەیانتوانی ئازاری دەروونیم پێ بگەیەنن بە قەد دابرِانم لە خوێندنەکەم.. لەناو دەروونی خۆمدا خۆم خواردبووەوە، کە نەیدەهێشت برِۆم بۆقوتابخانەو درێژە بە خوێندنەکەم بدەم!! !!لەئەنجامی خەم و خەفەتدا وەك پەیکەری ئێسکیم لێهاتبوو

خوای دلۆڤان و کاربەجێ بەزەیی پیاما هاتەوەو چەند منداڵێکی پێ بەخشیم تا ببنە هۆگر و هاونشینم و خۆمیان پێوە خەریك بکەم و ببنە خەم رەوێنم!! لەماوەی ئەو پێنج ساڵەدا دووکوڕ و کچێکم بوو، لەوکاتەدا تەمەنم تەنیا 20 ساڵ بوو!! پەیمانم بەخۆم دا کە منداڵەکانم لەهەموو ئەوشتانە بپارێزم کە بەمنداڵی خۆما تێپەڕی بوو، بەڵام چۆن بتوانم ئەوکارە بکەم و باوکیان ئەو دێوەزمەیە، کاتێ شەرەفی باوکایەتی بەشکرا بەشێکی ئەوی تیا نەبوو!! هەر لەگەڵ سەرخۆش دەبوو دەستی بەلێدانی من و منداڵەکانم دەکرد!! ئایا دەزانن بەشی زۆری شەوانە من و منداڵەکانم لەژوورێکی ترا دەبووین و دەمگرتنە ئامێز و لەترسی لێدان دادەنیشتین و ها ئێستا ها تاوێکی تر بێت بۆ لێدانمان؟! یا بمان کوژێت !هەروەك هەندێ جار هەرەشەی لێدەکردین؟

خۆ ئەگەر کاتێ پێویستی بەهێرۆین ببوایەو لەبەر دەستیا نەبوایە هەر شتێکی ئەوماڵەی بەردەست بکەوتایە دەی شکاند!! و من و منداڵەکانیشی لەماڵ دەکردە دەر بۆ سەرجادە..!! زۆرجار دراوسێ باشەکانمان جێیان دەکردینەوەو بەزەییان پیامانا دەهاتەوە.. لەوانەیە بپرسن: ئەی دەوری دایك و باوکم چی بوو؟! دەڵێم: بەداخەوە وەك عادەتی خۆیان هیچ متبوویەکیان بۆ نەدەجووڵا.. لەشەوانی تاریکا هەڵ دەستام و لەبەر قاپی رەحمەتی پەروەردگارا هەڵدەکرِوزام و بەگریەوناڵەوە دەلاڵامەوەو دەپارِامەوە دەرووما لێ بکاتەوە و ئەو بەڵایەمان لەسەرلاببات، کەلە توانای مندا نەبوو لابردنی..

**سەرەتای دەرووی خوایی:**

نزاو پارِانەوەکەم گەیشت و خوا دواکانمی گیراکرد!! رۆژێکیان گوێم لەهاواری دراوسێکانمانەوە بوو کەبانگیان دەکردم و دەیانگوت: دایکی فلان! مێردەکەت.. مێردەکەت!! خۆم و منداڵەکانم رامان کردە دەرەوە تابزانین چی رووی داوە؟! دیمان باوکی منداڵەکان لەگەڵ کابرایەکی تری هێرۆینیدا کە مشتەری خۆی بووە، لەسەر پارچە هێرۆیینێك کردوویانە

بەشەرو بەچەقۆ بەربوونەتە گیانی یەکتر، ئەم دابووی لەو، و

کوشتبووی، ئەویش لەمی دابوو شپرزەی کردبوو، بەلاَم کتوپڕ نەمردبوو، منیش کەڕۆیشتم دیم مێردە تاوانبارەکەم دەست وپڵ و جل وبەرگی بەخوێن سوور بووە، لەبەردەم پۆلیسدا دەلەرزێ، لەترسا لێوەکانی سپی بوونەوە، چاوی بەرەو ئەبڵەقبوون دەچوو!! بەهەست بەتاوانەوە چاوی دەگێڕاو سەیری خەڵکەکەی دەکرد، بەلام لەبارەی خۆمەوە هەر مەپرسن چ ئیحساساتێکی سەیرم بۆ دروست ببو!!

نەم دەزانی ئایا ئەوە ساتەوەختی ئەوخۆشی و شادییەیە کە ماوەیەکی زۆربوو چاوەڕوانیم دەکرد؟! یا ساتە وختی ئێش و ئازارە، ناخود ئاگا لەبەر خۆمەوە ئەم وشەیەم دووپات دەکردەوە: سوپاس بۆ خوا، سوپاس بۆخوا!!

ئەوشەوەی بووکێنیم بییرکەوتەوە، کە چ شەوێکی ئازار و کوێرەوەری بوو!! چۆن بە چەقۆ تێم بەر بوو؟! بەزۆریش داگیری کردم! پیاوێکی سەرخۆشی دڵڕەقی بێ رەحمی بێ بەزەیی، بیری برینەکان و جلە خوێناوییەکانم کەوتەوە، چۆن لەترسا لەبەردەستیا دەلەرزیم!! نەم دەزانێ بۆ کوێ بچم و روو لەکوێ بکەم؟! چواردەری دەرووم لێ گیرابوو، فرمێسکە گەرمەکانی ئەو شەوە رەشەم بییرکەوتەوە!!

هەفتەیەك پاش دەستگیرکردنی و پێش دادگایی کردنی، زەغتی خوێنەکەی بەرزبووەوەو تووشی نەزیفی دەماخ بوو، خوای باڵادەست بەدادگەری خۆی فەرمانی دەرکرد و گیانی کێشا و لەخەستەخانەدا مرد..

چاوم بەناوماڵەکەدا دەگێڕا تفم دەکرد لەدۆلابی جلەکانی.. لە پیاڵەی شەرابەکانی.. لەو دارەی بۆ لێدان و فلاقەی من و منداڵەکانی دانابوو، تفم لەهەموو بستێکی ئەو ناوماڵەدەکرد کەئەو پیایا گەڕابوو.. کەسوکارەکەم هاتن سەرخۆشیم لێبکەن، منیش ماوەی دوو ساڵ بوو نەم بینیبوون.. یەکەم قسەیەك لەدەمی دایکم هاتە دەر گوتی: خوالێی خۆش بێ، کچێ میراتێکی لێ بەجێماوە؟!

خۆ ئەگەر لەبەر ترسی خوا نەبوایە دەرم دەکرد!!ویستی خوا وابوو کاتێ باوکی منداڵەکان مرد قەرزار بوو، کاتێ ئەوانیش بەوەیان زانی ئێتر نەم بینیینەوە، لەوە دەترسان منیش بە منداڵەکانمەوە ببمە بارێکی تر بەسەریانەوە!! هەستم بە ئازارێکی ئاوێتە بەرق وقین دەکرد، ئای کەس وکارەکەم چ گرێ بەستتێکی زیاناویی و بێ خێریان لەتەك ئەو خوێنڕێژەدا بەستبوو!! هەربۆیەش راکردن و دوورکەوتنەوە لەمنیان هەڵبژارد..

پاش تەواو بوونی رێ و رەسمی پرسەو ماتەمینی، رۆژێ دانیشتم و بییرم کردەوە من ئێستا بێوەژنێکی بیست ساڵەم و لەهەرەتی جوانیدام و سێ منداڵیشم هەیە، و هیچ سەرچاوەیەکی ژێواریم نییە.. چی بکەم؟ دیتم تەنیا دوو رێم لەبەردەمدایە: یەکەمیان رێگای هەوڵ و تێکۆشان و زەحمەتکێشان و خۆگری.. دووەمیشیان زۆر ئاسان و خێرایە کە بریتییە لە خۆفرۆشی و لەشفرۆشی بەوکەسانەی ئارەزومەندی ئافرەتێکی تەنیای وەك منن!! منیش بێ دوودڵی رێگای یەکەمیانم هەڵبژارد..

بەداوای لێبوردنەوە،  لاپەڕەی بابەتی هەفتە لەتوانایا نەبوو چیرۆکەکە بەتەواوی پێش کەش بەخوێنەران بکات لەبەر ئەوە ناچاربووین بیکەین بە دووبەشەوە بەشی یەکەم و دووەم.. فەرموون بۆ بەشی دووەمی چیرۆکەکە.. بەشی یەکەم تەواو بوو، سەیری بەشی دووەمیشی بکە..

یەکەم هەنگاوم ئەوەبوو دواین پارچە ئاڵتوونێکم هەبوو فرۆشتم، و لەو خانووەی کە ناخۆشترین یادگار و بیرەوەرییە تاڵەکانی تیابوو بگوێزمەوە، لەگەڵ منداڵەکانما رۆیشتین بۆشارێکی دوور، لەوێ ژوورێکمان بەکرێ گرت کە حەمام و توالێتی سەربەخۆی هەبوو، کەل و پەلی ناومالم لەکۆنەبازار کڕی ، من دان بەوەدا دەنێم ئەو ژوورە تەنانەت لەدیدی هەژارەکانیشەوە نەشیاوبوو، بەلاّم ئەوەم پێ خۆش بوو کەسەر بەخۆبوو، بیرم لەوە دەکردەوە ە بتوانم مندالەکانم بەوجۆرە پێ بگەیەنم کە خۆم دەمەوێ، لەبەر ئەوە پاش ویستی خوای بالاّدەست ئەو ژوورە ..بۆ بەدیهێنانی مەبەستەکەم کاریگەر بوو

دەستم بەگەڕان کرد بۆ پەیداکردنی پارەوەنانێکی شەرافەتمەندانە، لەراستیدا خوای بالاّدەست بەرو دراوسێ باشەکانی بۆ رامکردم ویارمەتی زۆریان دام.. بەخێر و سەدەقە خواردنیان بۆ دەناردین، جل و بەرگیان بۆ خۆم منداڵەکانم دەنارد، چاکەی زۆریان لەتەکا کردین خوا پاداشتی خێریان بداتەوە، کارێکی فەرمیم وەك کارمەند لەقوتابخانەیەکی ئامادەییدا بەدەست هێنا، وەك فەراشێك دەست بەکار بووم لەوقوتابخانەیەی لەنزیك ماڵەکەمانەوە بوو..هەرگیز ئەوموچەیەم لەبیر ناچێتەوە کە یەکەم مووچەبوو لەژیانما وەری بگرم، معاشێکی زۆر سادەو ساکار بوو، بەلاّم لەکاتی وەرگرتنەکەیدا خوڕخوڕ فرمێسکی شادی لەچاوم هاتەخوار و زۆر گریام، و سوپاسی خوام کرد لەسەر ئەو ژێوارییەی بۆی !! ..ناردووم و یارمتیدەرمە بۆ پارووی ژیان

هەر لەو یەکەم معاشە جل وبەرگی نوێم بۆمنداڵەکانم کڕی کەرسەی یاری وخواردنی خۆشم بۆ کڕین، و پاش چوار مانگ ئەوە یەکەم جار بوو کە گۆشتی مریشك بۆ منداڵەکانم لێ بنێم، پسکیت و چکلێتم بۆ کڕین و لەنێوچاویانا هەستم بە !!!کامەرانی دەکرد

ساڵێکی تەواو بەسەر ئەوکارەمدا تێپەڕی، لەوماوەیەدا توانیم رێزی بەڕێوەبەر و دەستەی مامۆستایان، و خۆشەویستی قوتابییەکان بەدەست بێنم.. رۆژێك لەخۆمم پرسی: بۆچ من لەم قوتابخانەیەدا درێژە بەخوێندنەکەم نەدەم، وخوێندنی ئامادەییش تەواو نەکەم؟1 بەتایبەت کە خۆم لە قوتابخانەیەکی !ئامادەییدا کار دەکەم؟

ئەو نیازەم لای بەڕێوەرەکەمان درکاند - کە خانمێکی بەڕێز بوو- خوا پاداشتی خێری بداتەوە زۆر هانی دام، و بیرۆکەکەمی بەرز نرخاند، و منیش ئەوراقم پێشکەش کرد پاش شەش سال لەیەکی ئامادەییدا دەستم بەخوێندن کردەوە، قەدەر وابوو من لەپۆلی یەکی ئامادەیی و کوڕە نۆبەرەکەیشم لە پۆلی یەکی سەرەتاییدا بووین، لەگەڵ ئەوەدا کە ئەرکم زۆر بوو بارم گران بوو، لەلایەکەوە دایك، و لەلایەکەوە کارمەند، و

لەلایەکەوە قوتابی لەخوێندنەکەمدا هەوڵێکی باشم دەدا

کۆششێکی چاکم دەکرد، لەبەر ئەوە کاتێ لەپۆلی شەش دەرچووم تێکرای نمرەکانم 97 لەسەد بوو!! لەماوەی سێ ساڵدا پاش فەزڵی خوا توانیم شەهادەی دواناوەندی گشتی بەو پلە باشەوە وەربگرم، لەخۆشیدا جارێکی تر دەستم کرد بەگریان و خوڕخوڕ فرمێسکی شادی بەسەر گۆناکانما هاتە خوار، کە بەرهەمی هەوڵ و تێکۆشانەکەیشم ئەو نمرە بەرزانە بوو!!

ئینجا لەیەکێ لە دایەرە دەوڵەتییەکاندا وەزیفەیەکی نووسەری هەبوو، منیش پێشکەشم کرد بۆی و بە معاشێکی باشەوە وەرگیرام، و وازم لە فەراشییەکە هێنا، هەر ئەو ساڵە پێشکەشم کرد بۆ زانکۆ بەشی پەروەردەی ئیسلامی، لەوێش بەسوپاسەوە وەرگیرام، لەخانووە یەك ژوورییەکەدا گۆاستمەوە، و شوققەیەکی بچکۆلەم بەکرێ گرت کە لەدوو ژووری خەو وهۆڵ و حەمام و توالێت و مووبەقێك پێك هاتبوو، سلفەیەکم وەرگرت و کەرەسەی بنەڕەتی نوێم بۆ کڕی و ژیانی ئاسوودەییم دەستی پێکرد. بەتایبەت منداڵەکانم ڕۆیشتنە قوتابخانەو لەبارەی خوێندن ورەوشتیانەوە زۆر لێیان رازی بووم، و سوپاس بۆ خوا سەرکەوتووبوون، هەوڵم دەدا منداڵەکانم حەزیان لە چی بێت بۆیان بکرم تا قەرەبووی ئەو نەبوونییەی پێشوویان بۆ بکەمەوە.. لەگەڵ ئافرەتە قوتابییەکانی هاوکارم، و خوشکانی ئیمانیمدا پەیوەندییەکی باشم دروست کردبوو، ئەوانیش باشترین کۆمەك و یارمەتیدەرم بوون، و بۆ ئەوەی منداڵەکانم زیاتر هەست بە خۆشی بکەن دەڕۆیشتین بۆ سەیران و سەردانی دۆستانیش!!

چوارساڵی سەختی زانکۆ بەسەرچوو، لەئەنجامدا بەکالۆریۆسم بەپلەی نایابی شەرەف وەرگرت، پاش ئەوە لەلوتفی خواوە بە مامۆستای ناوەندی دامەزرام، و کوڕە گەورەکەم تەمەنی ببوە 13 ساڵ باوەشی پیا کردم و گوتی: " دایەگیان! تۆ گەورەترین دایکی، من شانازی بەتۆوە دەکەم" منیش هەموویانم لە ئامێز گرت، و بۆ ماوەی چەند کاتێك هەموومان بەبێ ویست دەستمان بەگریان کرد.. بۆ یەکەمجار بوو معاشێکی گەورە وەربگرم، بۆ سوپاسی خوای میهرەبان ڕۆیشتم نیوەیم بەتەواوی کرد بەخێر، بەو نیوەکەی تریشی منداڵەکانم چییان پێویست بوو بۆم کڕین..

ئینجا دەستم کرد بە پاشەکەوت کردنی بەشی گەورەی معاشەکەم.. تا خانوویەکی پێ بکەینەوە بۆ خۆمان، لەهەمان کاتدا پێشکەشم کرد بۆ خوێندنی ماجستێر، و وەرگیرام، و لەماوەی دوو ساڵا تەواوم کرد و شەهادەکەم بە پلەی نایابی شەرەفەوە وەرگرت.. ئینجا دەستم کرد بە کردنەوەی خانووەکەمان، خانووەکەیشمان لە دوونهوم و دە ژوور و دوو هۆڵ و مووبەقێك وگەنجینەیەکی گەورەو باخچەیەکی گەورە، و حەوزێکی مەلەکردن پێکهاتبوو..

ئینجا پێشکەشم کرد بۆ دکتۆرا، ئەویش ئەرکێکی زۆر و زەحمەتێکی زۆر زۆری هەبوو، بەتایبەت کە منداڵەکانم گەورە ببون، وتەواو ماندوو ببوم، لەلایەکەوە قوتابی دکتۆرا بووم، دکتۆراش هەروا ئاسان نییە، بریتتییە لەباس و بەشوێنا

گەران، و لەلایەکەوە دەرس گوتنەوە، لە ئامادەییدا، هەوڵم لەنێوان ئەم سێ کوچکەیەدا پەرت وبلاو ببوەوە: دەرسوتنەوە لە

ئامادەییدا، باس و لێکۆڵینەوەی خوێندنی دکتۆرا، دروستکردن و تەواو کردنی خانووەکە..
کاتێ تەمەنم بووبە 37 ساڵی تەواو پلەی دکتۆرام وەرگرت.. لەوتەمەنەدا بەمامۆستای زانکۆ دامەزرام.. ئایا دەزانن لەوکاتەدا کە شەهادەکەی دکتۆرام وەرگرت چیم بیرکەوتەوە؟!
بیری دایکمم کەوتەوە، داخۆ ئەگەر دایکم ئالەو دیمەنەدا منی ببینیایە لەخۆشیدا دەگریا، یا داوای بەشێك لەو دەستاوەردە مادییەی لێ دەکردم کە لەو شەهادەوە دەستم دەکەوێت.؟!!
پێتان وانەبێ کە من بەرامبەر دایکم بێ رحم بووبم، یا سەرم نەدابێ، بە پێچەوانەوە چەند جارێك سەرم لێداوە، و هەستم دەکرد هیچ نەگۆراوە، هەرهەمان خووی خۆی هەبوو، بەڵام باوکم پاش ساڵێك لەمردنی مێردەکەم ئەویش مرد و کۆچی دوایی کرد، و لەمعاشەکەی خۆم بەشێکم بۆ دەنارد.. بەڵام براو خۆشکەکانم هیچ پێم خۆش نەبوو سەریان لێ بدەم و بیان بینم، بەتایبەت لەبەر منداڵەکانم دەترسام ببنە نموونەیەکی خراپ بۆیان..

# # #

**ژیان پاش گرژییەکی زۆر کەوتە بزە بۆم:**

ئێستا جێی خۆیەتی باسی وەزعی خۆم و کچ و کورەکانمتان بۆ بکەم: ئێستا من پێگەیەکی کۆمەڵایەتیم هەیە، و لەخانوویەکی گەورەو بەربلاودا دەژیم، و ئێستا خزمەتکار و شۆفیرم هەیە...
منداڵەکانم هەموویان دەرچووی زانکۆن، کورە نۆبەرەکەم پزیشکی نەشتەرگەرە، کوری دووەمم ئەندازیارە، کچەکەیشم پزیشکی منداڵانە.. هەموویان خێزانیان پێکەوە ناوە، کورە گەورەکەم جەختی لەسەر ئەوکرد و سووربوو لەسەر ئەوەی خۆی و خێزانی لەتەك مندا ژیان بەرنە سەر.. ، ئێستاش ماڵەکەم پربووە لەژیان و پێکەنینی نەوەکانم.. ئالەم کاتەدا کە ئەم باسەی خۆمتان بۆ دەگێرمەوە تەمەنم 55 ساڵە سوپاس بۆ خوا..
ئەم چیرۆکەی ژیانم پێشکەش بەوانە دەکەم کە رەشبینی رووی تێکردوون و هەست بە تێشکان دەکەن لەژیانیاندا، بەڵکو سۆلسۆلەیەك هیوای تیابێ بۆیان و رەشبینییەکانی ژیانیان برەوێنێتەوە، باوەرتان هەبێ ئەگەر من تەسلیمی رەشبینی و چرکە تاڵەکانی ببومایە نەدەگەیشتم بەم ژیانەی ئێستام – بەفەزڵی خواو پاشان بەهۆی هیواداری خۆمەوە - پێی گەیشتم!! باوەرم پێ بکەن بەپێی ئەو تەجروبەی کەخۆم بینیومەو توانیومە تیا سەرکەوتووبم، شتێك نییە لەگەشبینی و هیواداری و ودەست بەهیواوە گرتن جوانتر بێت.. با ئەوهیوایەش بچووك بێت.(#).
تێبینی: ئەم چیرۆکەی بەردەستان بەسەرهاتی خودی (#) نووسەر خاتوو سەلوا عوزەیدان{سلوى العضيدان} نییە کە نووسەرێکی ناوداری سعودییە، بەڵکو چیرۆکەکە بەسەرهاتی دکتۆرەیەکی هاوەڵیەتی و بۆی گێراوەتەوە ئەمیش بۆ وەرە بەرزکردنەوەی بێ وەرەکان وەك چیرۆکێك دای رشتوتەوە.

# # #

# (٤)
# نازانین خێر لەچیدایە

نوسینی
د.حسن پێنجوێنی

## نازانین خێر لەچیدایە؟

دەگێڕنەوەو دەڵێن پیاوێکی ئیمانداری کامڵ لەگەڵ کوڕە تازە پێگەیشتووەکەیا بۆ گەشتێك دەڕۆن، دووری شارەکەیان لەوشارەی ترەوە کەبۆی دەرۆیشتن بە قەد دووری نێوان (هەکاری) و شاری (وان )دەبوو، لەرێگەدا تایەی ترومبێلەکەیان دەتەقێ و پەنچەر دەبێ، بەناچاری دەوەستن و هەوڵی گۆڕینی تایەکەیان دەدەن، باوکەش لەبەرخۆیەوە هەر

دەیگوت: سوپاس بۆتۆ خودایە، حەتمەن ئەم دواکەوتنەمان خێری تیایە.. کەسەیری تایەی سپێرەکەیان دەکەن بۆئەوەی بیخەنە جێی تایە تەقیوەکە دەبینن ئەویش پەنچەرە!! بەناچاری سوار ترومبێلێك دەبن و بەرەو شارۆچکەیەکی نزیکی سەر رێیان دەڕۆن بەڵکو لەوێ تایەکەیان چاك بکەنەوە، بەڵام ئەو رۆژە رۆژی پشوو دەبێ لەبەر ئەوە پەنچەرچییەکان دوکانیان نابێ..

ئەی خودایە چی بکەین؟ لەشارێکی تر هاوەڵێکیان دەبێت، بە موبایل تەلەفونی بۆ دەکات و پێی دەڵێ ئایا لەو شارۆچکەیەدا کەسێکی وا دەناسێ هەوڵێکیان بۆ بدات.. ئەویش دەڵێ: بەڵێ، من ئیمام و خەتیبی شارەکە دەناسم و تەلەفونی بۆدەکەم، ئەوەش تەلەفونەکەیەتی خۆیشتان تەلەفونی بۆبکەن.. وادیارە برایەتی نێوان ئەو هاوڕێیەی ئەم و خەتیبەکە زۆر خۆش بووە بۆیە پێش ئەوەی ئەمان تەلەفونی بۆ بکەن ئەو پەیوەندیان پێوە دەکات و لێیان دەپرسێ لەکوێن تا بێم بەشوێنتانا.. ئەوانیش ناونیشانی دەدەنێ و خەتیب دەگاتە سەریان و دەیان بات بۆلای ناسراوێکی خۆشەویستی کە پەنچەرچی دەبێ، لەبەر خاتری مامۆستا وەستاکە دەچێت بۆ دوکانەکەی وتایەکەیان بۆ چاك دەکاتەوە، و ئەوانیش کۆلێ سوپاسی مامۆستا و وەستاکە دەکەن و دەگەڕێنەوە بۆلای ترومبێلەکەیان.. و تایە لەترومبێلەکەیان دەبەستنەوەو دەکەونە رێ..

کاتێ دەگەنە دەروازەی شار دەبینن تەقینەوەیەکی گەورە شوێنەواری خۆی لەوناوەدا جێهێشتووە، و تەمز خوای باڵادەست ئەم دواخستنەی ئەوانی کردۆتە هۆکارێك بۆ ئەوەی ئەوان لەوکاتی تەقینەوەیەدا تووش نەبن و زیانیان پێ نەگات!!
بۆیە لەکاتی رووداوەکاندا هەمیشە دڵخۆشبە و ئەو ئایەتە قورئانییە بێنە پێشچاوی خۆت کە دەفەرموێ:"عَسَى أَنْ تَكْرَهُوا

شَيْئًا وَهُوَ خَيْرٌ لَكُمْ " البقرة/ 216. لەوانەیە شتێکتان لا ناخۆش بێت کەچی خێر لەوەدا بێت، یا ئەم ئایەتەی تر کە دەفەرموێ:" فَعَسَى أَنْ تَكْرَهُوا شَيْئًا وَيَجْعَلَ اللَّهُ فِيهِ خَيْرًا كَثِيرًا" النساء/ 19. لەوانەیە حەزتان لە شتێک نەبێت و خوا بیکات بەمایەی خێرو بێرێکی زۆر.

..لە ٢٨/٢/٢٠١٣ دا بلاو کرایەوە

# # #

# (٥)

# ەیممەتی مرۆڤ کێو لەبن دێنێ

**چیرۆکێکی واقیعییە، و کرێکارێک سووکایەتی پێدەکرێت، لەجیاتی ورە بەردان هیممەت دەنوێنێ، وبەرەو لووتکە هەنگاو دەنێ، تا دەگاتە بەرزترین لوتکەی پلەوپایەی کۆمەڵایەتی.!!**

**وەزیری نەوت.**

وەرگێڕان و پێشەکی بۆ نووسینی

**د.حسن پێنجوێنی**

## پێشەکی:

لەوماوەیەدا ئێمێلێکم بۆ هاتبوو  ڕووداوێکی سەیری وەبییر هێنامەوە، کە لەساڵەکانی هەشتادا خوێندبوومەوە، زانای بەناو بانگی ڕەوانبێژی زمانی عەرەبی، {سەککاکی}، دارتاشێکی زور کارامەو لێهاتوو دەبێت، وسندووقێکی نایاب بەدڵ و داوێن بۆ ئەمیری شارەکەیان دروست دەکات و دەڕوات بۆ دیوانی ئەمیر تا ئاگاداری بکاتەوە کە ئەو  بەرهەمە ناوازەیەی بە دیاری بۆهێناوە،  بەرپرسی نوسینگەکەی لەلای خۆی دای دەنێ و ئەمیر ئاگادار دەکاتەوە، ئەویش پێی دەڵێ با چاوەڕوان بیت، کاتێ سەرم پەرژا ئەوکات بیکەرە ژوورەوە..!!

لەوکاتەدا کە ئەو لەوێ دانیشتووە یەکێ لەزاناکانی  ناوچەکە دێت و بەکابرای بەرپرسی نوسینگە دەڵێ: بە ئەمیر بلێ فلان کەس هاتووە، ئەمیریش هەر لەگەڵ هەواڵەکەی پێ دەگات میوانەکانی بەجێ دێڵێ و دێت بە پێشوازی ئەو زانایەوە،و بەڕێزێکی زۆرەوە دەیخاتە پێش خۆیەوە، و لەتەك خۆیا دەیباتە ژوورەوە..!!

سەکاکیش کە ئەم ڕووداوە دەبینێ، زۆر سەرسام دەبێ، و لەدڵی خۆیدا دەڵێ: باشە، ئەم زانایە چی بۆ ئەمیر هێناوە؟ من ئەو دیارییە نایابەم بۆ هێناوە، بەڵام لێرە دایان نام چاوەڕوانی بکەم..  بەڵام ئەو زانایە نەك هەردایان نەنا، بەڵکو ئەمییر خۆی هات بەرەو پێشیەوە، و ئەو پێشوازییە گەرمەی لێکرد، و لەکاتی ڕۆیشتنە ژوورەوەشدا خستیە پێش خۆیەوە!!

بڕیاربێ منیش دەبێ بخوێنم تا دەبم بەزانا!! لە ئەنجامدا ئەو زانا بەناوبانگەی لێ دەردەچێت، کە بۆچوونی تایبەتی خۆی لە زانیاری ڕەوانبێژی {بەلاغە}دا هەیە..

بەڵێ، ئازیزان، هەندێ ڕووداوی نەرێ نی، پەرچەکرداری ئەرێ نی لە بەرامبەردا دروست دەکات، هیوادارم، ئەم چیرۆکەش هاندەرمان بێت بۆ بەدیهێنانی ئەنجامی باش و شیرین لەبەرامبەر ڕوداوە تاڵەکانەوە.. کارەساتەکان ورەمان نەڕوخێنێ، و بەرەو لوتکە هەنگاومان پی بنێ.. ئینشائەڵڵا..

فەرموون ئەم ڕووداوەی سەردەمی خۆمان بخوێننەوە، کە چیرۆکی پاڵەوانێکی واقیعییە ..

د. حسن پێنجوێنی
پێرس – ئوستراليا.

## هيممەتی مرۆڤ كێو لەبن دێنێ

رووداوێكی راستەقینەیەو   لەشاری زەهرانی سعوودییە دا رووی داوە:

كرێكارێكی سعوودی كە لەكومپانیای نەوتی ئارامكۆدا كار دەكات و رۆژێكی زۆر گەرم كە پلەی شێی ناوچەكەش یەجگار بەرز دەبێتەوە، تینوویەتی زۆری بۆ دێنێ، و  روو دەكاتە ئاوسارد كەرەوەكەی بەردەم ژووری ئەندازیارەكان، بۆ ئەوەی تینوویەتی خۆی بشكێنێ، بەلاّم ئەندازیارێكی ئەمریكی زۆر بەزبرییەوە پێی دەڵێ: تۆ كرێكاریت، بۆت نییە لەئاوی ئەندازیارەكان بخۆیتەوە..

ئەم كرێكارەی كەلەسەرەتای لاویەتیدایە لەورۆژە گەرمەدا عارەقی زۆری رشتووە، و لەئیش كردنا ماندوو بووە، و لەبەر تیشكی ئەوخۆرە گەزندەیەی دوورگەی عەرەبیدا كاری كردووە، دەیەوێت پەرداخێ ئاو بۆ زاری ببات و تینوویەتی خۆی پێ بشكێنێ، ئەو ئەندازیارە دڵرەقە نایەڵێ ئاوەكەی بخواتەوەو، پاشەو پاش بەجێی خۆیا دەگەرێتەوە، و چەندان رۆژ بییر لەو هەلوێستە ناجوامێرییانەی ئەو ئەمریكییە دەكاتەوەو لەخۆی دەپرسێ: دەبێ من و كابرای موهەندیس چ جیاوزازییەكمان هەبێ؟ هەردوو مرۆڤین هەردوو لەم كومپانیایە كاردەكەین، جیاوازییەكەمان ئەوەیە كە ئەو خوێندەوارەو منیش نەخوێندەوار، بریار بێ ئەوەی لەتواناما هەبێ بەكاری بێنم بۆ

ئەوەی رۆژێ لەرۆژان منیش وەك ئەوانە ببمە موهەندیس. بەڵام !!من ئەوەند ناپیاو نەبم

پشتی بەخوای خۆی دەبەستێ و عەزمی جەزم دەكات كە لە قوتابخانەی ئێواراندا بخوێنێت.. بە ئێواراندا دەست بەخوێندن دەكات، و پاش شەونخوونی و ماندووبوونێكی زۆر و چەندان ساڵ قۆناغی ناوەندی و ئامادەیی تەواو دەكات.. و شەهادەی ..ئامادەیی وەردەگرێت

نمرەكانی باش دەبێت، دەولَەت لەسەر مەسرەفی كومپانیاكە دەینێرێ بۆ ئەمریكا تاله كۆلیجی ئەندازیاریدا بخوێنێت.. پاش چەند ساڵێك شەهادەی بەكالۆریۆسیش لە هندسەی نەوتا ..وەردەگرێت.. و دەگەڕتەوە بۆ وڵاتی خۆی

ئەم پیاوە بەردەوام لەهەوڵ وكۆششدا دەبێت، وبەهۆی دڵسۆزی وخەمخۆری لەكارەكەیا دەكرێتە سەرۆك بەشێك لەكومپانیاكەدا.. پاشان دەكرێتە سەرۆك شوعبە، و پاشان .. سەرۆكی بەڕێوە بەرایەتی

ئەم كۆڵنەدەرە كە دەستكەوتێكی زۆر بۆ كومپانیاكە بەدەست دێنێ و لەسەردەمی ئەما گەشەیەكی باش بەخۆیەوە دەبینێ ..لەلایەن دەولەتەوە دەكرێتە جێگری سەرۆكی كومپانیاكە

ئالێرەدا رووداوێكی سەیر روودەدات.. سوبحانەڵلا.. ئەو ئەندازیارە ئەمریكییەی كە پانزە سال لەوەبەر ئەوهەڵوێستە نامرۆڤانەی لەگەڵانواند و نەیهێشت لەئاوی ساردكەرەوەكە بخواتەوە، كاری دەكەوێتە سەرۆكی كومپانیاكەو دێت بۆ لای و دەڵێت: من لەم كومپانیایەدا دەیان ساڵ خزمەتم هەیە، داواكارم لەبەڕێزتان لەسەر ئیجازەكەم موافەقە بكەن، و ئەم كارەی من لەگەڵ ئەوەی لەپەنای ساردكەرەوەكەدا لەكاتی كاری !!رەسمی رۆژانەدا رووی دا نەلكێن بەیەكەوە

ئەویش زۆر بەشێوازێكی جوامێرانەوە پێی دەڵێت: بەپێچەوانەوە

من لەقووڵایی دڵمەوە زۆر سوپاسی ئەو كارەی تۆدەكەم، و ئەو هەڵوێستەی تۆ بوو منی هاندا و پاش ویستی خوا پاڵنەرم بوو ..بۆ ئەوەی بەم رۆژە بگەم.. و كارەكەی بۆ جێبەجێ دەكات

دەزانن ئەو كرێكارە كۆڵنەدەرەی ئەو پلانەی یەك بەیەك بڕی و گەیشتە ئەو قۆناغە بەرزەی ژیان و كەبووە سەرۆكی كومپانیای ئارامكۆی سعوودی، كە ئەویش گەورەترین كومپانیای جیهانە لە دروستكردن و بەرهەمهێنانی نەوتدا كێ بوو؟

ئەوە ئەم {ئەندازیار عەلی نوعەیمی}یە یە كە سەركردایەتی وڵاتی سعودییە هەڵی بژارد بۆ ئەوەی ببێتە وەزیری نەوتی !! ..سعوودییە

ئەم باسەی پێشكەشكرا بەشێك بوو لەو وتارەی {ئەندازیار عەلی نوعەیمی} كەبۆ هاندانی كرێكاران و كاربەدەستانی

کومپانیاکەی باسکرد..

ئەڵبەتە ئەم ڕووداوەی سەردەمی خۆمان لەتەنیا ڕوویەکەوە لەڕووداوەکەی هەزار ساڵ پێش ئێستا دەچێ، بەڵام ئەم ڕووداوەی ئەندازیار نوعێمی جگە لەهەوڵی بەردەوام و کۆششە نەپساوەکەی جوامێری و لێبوردەییەکی گەورەشی تێدایە کە لەوێدا نەبووە..

http://www.penjweny.org/article/320

# # #

# (٦)
# مامۆستاکەی تێدی نمونەیە بۆ پەروەرشکاران

**نووسینی**
**Roy Exum**

وەرگێڕان وپێشەکی بۆ نووسینی

**د. حسن پێنجوێنی**

**پێشەکی:**

خەڵکی کانزان، ئەوکانزایانەش هەمەجۆرن، هەروەك تەنەکە و زەردی تێدایە ئەلماس و ئاڵتوونیشی تێدایە، ئەوانەش لە جیهانی واقیع و کردەوەدا دەر دەکەون.. کێ دەیگوت: ئەوکرێکارەی کومپانیای نەوت تەنیا قسەیەك ئاوەڕۆی ژیانی دەگۆڕێت، و لەگەڵ کرێکاریکردنەکەیدا هەوڵ دەدات ئێواران دەرس بخوێنێ، و بگاتە بەشی ئەندازیاری نەوت لە زانکۆدا، و خوێندن تەواو بکات و دکتۆرا لە ئەندازیاری نەوتدا بێنێ، و ببێتە وەزیری گەورەترین وڵاتی بەرهەمهێنەری نەوت؟

کێ دەهات بەخەیاڵیا دارتاشێکی وەک سەکاکی ببێت بە یەکێ لە پرشنگدارترینی زانا لەزانیاری رەوانبیژی زمانی عەرەبیدا؟!

کێ دەهات بەخەیاڵیا قوتابییەکی گۆشەگیر و خەواڵووی وەک تێدی ببێتە پزیشك وخاوەنی گەورەترین سەنتەری لیکۆڵینەوەو چارەسەری نەخۆشییەکانی شێر پەنجە؟

ئەوەی دەیەوێ خەڵکی پەروەردە بکات، و مامۆستای پەروەردەبێ دەبێ هەمیشە گومانی چاك بەخەڵکی ببات، چونکە ئەسڵ ئەوەیە خەڵکی چاك و باش و دڵسۆز و لێهاتووبن..

چیرۆکێکی ئینگلیزیم بە عەرەبی خوێندەوە، و بۆ لابرنی ئیشکالەکان ناوبەناو سەردانی ئینگلیزییەکەم دەکرد، وکۆمەڵێ واتای بەنرخی پەروەردەییم تیابەدی کرد، وەك: چۆن لەکەسێکی بێ موبالات یەکێ لە گەورەترین کەسانی جیددی دروست دەکەیت؟! گومانی خراپ بردن چ زیانێکی گەورەی لێدەکەوێتەوە؟! لەسەر رواڵەتەوە هەرگیز بینا نەکرێت تا لێکۆڵینەوەی تەواوی لەسەر دەکرێت، و توێژەر دەگاتە حەقیقەت، بەهۆی ئافەت و کارەساتێکەوە چۆن کەسانێك لێیان دەقەومێ، و ئەگەر دەستگیرێکیان هەبێ دەکرێ بگەیەنرێنە لووتکە.. جوامێری بەرامبەر هەرگیانداریك، بەوەفایی ...تاد.. ئەمانەم هەموو لەو چیرۆکەدا بەدی کرد.. منیش ویستم بەکوردی پێشکەش بە هاوزمانەکانمی بکەم.. بۆ ئەوەی ببێتە دەرسێك بۆ ئەوانەی دەیانەوێ سوود لەتەجروبەی خەڵکییەوە وربگرن..

لەوانەیە ئەم چیرۆکە لەسەد سایتی عەرەبی و ئینگلیزیدا بڵاو کرابێتەوە، و بایەخی زۆری پێدراوە، بائێمەش هەمیشە لەکارماندا هاندەری خەڵکی بین بۆ هیممەت بەرزی و ورەیان بەرزبکەینەوە، هیواداریان بکەین و رەشبینی لەناخیاندا دەربێنین..

ئازیزان! فەرموون، خۆتان چیرۆکەکە بخوێننەوەو دەرسی زیاتر و زۆرتری لێ وەربگرن.. چیرۆکەکەش چیرۆکێکی سۆزی و پڕ لە عاتیفەیە، لەساڵی ٢٠١١ کە وەرم گێڕاوە، تائێستا چەند جار خوێندبێتمەوە ئەوەندە جار گریاندوومی، ئەوانەی داوایان لێ کردبم شتێکیان بۆ بنێرم دڵیان نەرم بکات، چونکە هەست بە دڵ رەقبوون دەکەن، ئەم چیرۆکە یەکێ بووە لەوانەی بۆم ناردوون، پێم وایە: کەم کەس بتوانێ بیخوێنێتەوەو چاوی

پڕ لە ئاو نەبێ..

حەسەن پێنجوێنی
1-3-2011

# # #

**تێدی و ئەو مامۆستایەی گەیاندییە لووتکە:**

لەیەکێ لە قوتابخانەکاندا مامۆستایەك سەرپەرشتیاری پۆلی پێنجەمی دەکرد، ئەم مامۆستایە هەر لەیەکەم رۆژی دەرس خوێندنەوە، بەدەستەواژەیەکی جوان و ناسك، خۆی بە قوتابییەکانی ناساند، وسەرنجی یەك بەیەکی دەدان، وپێی دەگوتن: من هەمووتانم خۆش دەوێ..هەروەك هەموو مامۆستایەکی تر کە بەقوتابییەکانیان دەڵێن.. بەڵام ئەم مامۆستایە لەناو ناخیا و لەدەروونی خۆیا یەکێ لەقوتابییەکانی لەو خۆشەویستییە هەڵبواردبوو، ئەو قوتابییەش لە ریزی پێشەوەی پۆلەکە دادەنیشت، و ناوی { تێدی ستودارد- Stoddard Teddy } بوو..

لەماوەی ساڵی {تۆمسۆن- مامۆستا -Thompson} رابوردوودا {تێدی} خستبووە ژێر چاودێری خۆیەوە.. دەیبینی ئەم لەگەڵ منداڵانی ترا یاری ناکات!! هەمیشە جلەکانی پۆخڵ و چلکنە، و هەمیشە پێویستی بە گەرماوە !!

بەرێوەبەری ئەوقوتابخانەیەی{خاتوو تۆمسۆن} دەرسی تیا دەگوتەوە داوای لێکرد چاوێ بە تۆماری خوێندنی ساڵانی رابوردووی هەریەکێ لە قوتابییەکانی پۆلی پێنجەمدا بخشێنێتەوە، بەڵام لە فایلی { تێدی}دا شتێکی سەیری پێش چاو کەوت، کە هەرگیز چاوەڕوانی نەدەکرد ئەوە ببینێ!!..

لە پۆلی یەکەمدا بەم شێوە مامۆستاکەی لەبارەی تێدییەوە نووسی بووی: " تێدی منداڵێکی زیرەکە و کەسێکی رۆح سووکە! بایەخ بە ئەرکەکانی دەدات، و زۆر بەباشی راهێنانەکانی جێبەجێ دەکات، رێك و پێکەو رەوشت جوانە!!

مامۆستای پۆلی دووەمی نووسیبووی:" تێدی قوتابییەکی نەجیبە، ولای قوتابییەکانی پۆلەکەی خۆشەویستە، بەڵام بەهۆی تووش بوونی دایکی بەنەخۆشییەکی سامناکەوە شپرزە و نارەحەتە، چونکە لەماڵەوە رووبەڕووی ناخۆشی و زەحمەت و ناڵاندن دەبێتەوە!!

مامۆستاکەی پۆلی سێ هەمی نووسیبووی:" مردنی دایکی کاریگەرییەکی گەورە وگرانی لەسەر دەروونی تێدی داناوە، هەوڵی تێکۆشانی دەدا، ئەوەی لەتوانایدا بوو بەکاری دەهێنا، بەڵام وادیارە باوکی بایەخی پێ نەدا، بۆیە چاوەڕوان دەکرێ زۆر بەزوویی ژیان لەماڵیاندا کاریگەری خۆی لەسەر تێدی هەبێت، ئەگەر کۆمەڵێ رێ و شوێن لەبەر نەگیرێت!!

مامۆستاکەی پۆلی چوارهەمی نووسیبووی: " تێدی قوتابییەکی گۆشەگیرە، بایەخ بە خوێندنەکەی نادات، و زۆر ئارەزووی لەخوێندن نییە، هەوەڵی زۆری لەقوتابخانەدا نییە. هەندێ جاریش بەسەر دەرسەکەوە خەوی لێدەکەوێت..

ئالێرەدا مامۆستا تۆمسۆن حاڵی بوو کێشەی تێدی چییە؟ و هەستی بەشەرمەزاری و تەریق بوونەوە دەکرد، لەسەر هەڵس و کەوتی نەشیاوی بەرامبەر ئەم منداڵە!! بەتایبەت لەوکاتەدا کە منداڵەکان دیاری رۆژی لەدایکبونیان بۆ هێنا، هەموویان

خستبوویانە ناو بەرگێکەوە بەڵام ئەو هەروا بەسادە هێنابووی

و گرتبووی بەدەستیەوە..
بەتایبەت کە ملوانکەیەکی کۆن و شووشە عەترێك کە چوار یەکێکی تیا مابوو..
پاشان مامۆستا تۆمسۆن زۆر بە ملوانکەکە دڵخۆش بوو، لەبەر ئەوە کردیە گەردنی، و هەندێ لە تنۆکی عەترەکەشی کرد بەسەر دەست و کراسەکەی خۆیا.. ئەو رۆژە تێدی پاش نیوەڕۆ نەڕۆیشتەوە بۆماڵ خۆیان!! ماوەیەك چاوەڕوان بوو تا بەتەنیا مامۆستا تۆمسۆن ببینێ..و پێی بڵێت ئەمڕۆ بۆنەکەت دەڵێی بۆنی دایکمە!!
کاتێ قوتابیەکان لەقوتابخانە رۆیشتنەوە دەرەوە مامۆستا تۆمسۆن بەلای کەمەوە ماوەی سەعاتێك گریا، چونکە تێدی ملوانکەکەی دایکی بۆهێناوە لەتەك ئەو شووشە عەترەدا کەبەکاری هێناوە!! لەمامۆستاکەیا بۆنی دایکی دەکاتەوە!!
ئیتر لەو رۆژەوە وازی لە دەرسی خوێندنەوەو نووسین هێناو وەك مامۆستای رابەری پۆل هەموو دەرسەکانی دەگوتەوە..
مامۆستا تۆمسۆن بایەخێکی تایبەتی بە تێدی دا، و کاتێ دەستی کرد بەتەرکیزکردن لەسەری، ژیری کوڕەکە دەستی کرد بە گەڕانەوەی چالاکییەکانی، هەرچەند مامۆستا هانی دەدا ئەو وەڵامدانەوەی خێراتر دەبوو، ولەکۆتایی ساڵی خوێندنا بووبە یەکێ لەقوتابییە هەڵبوێراوەکانی پۆلەکەی، و زیرەکییەکەشی بەزەقی دەبینرا، و بووە یەکێ لەقوتابییە نازدارەکانی پۆلەکە..
پاش تێپەڕبوونی ساڵێك مامۆستا تۆمسۆن نامەیەکی لەلایەن تێدییەوە بۆ هاتبوو کە تیا نوسیبوو: بەرێزترین مامۆستایەکم لەژیانما دیبێ خاتو تۆمسۆن بووە!!
شەش ساڵی تری بەسەرا تێپەڕی و نامەیەکی لەلایەن تێدییەوە بۆ هات کە تیایدا نووسرابوو: من قۆناغی ناوەندی و ئامادەییم بەسەرکەوتووییەوە تەواو کردو لە دواین ساڵی ئامادەییدا بە سێ هەم دەرچووم!! تا ئێستاش پلەو پایەی تۆ لای من: بەرێزترین مامۆستایەکی لەژیانما دیبێتم!!
پاش تێپەڕبوونی چوار ساڵی تر نامەیەکی تری لە تێدییەوە پێ گەیشت کە تیایا نووسرابوو: شتەکان قورس و گران بوون، ئێستا لە کوللیەدا نیشتەجێم ونابزوێم، لەماوەیەکی نزیکدا بە پلەی شەرەفی نایاب دەردەچم، و جارێکی تریش جەختی لەسەر دەکەمەوە کەتا ئێستاش تۆ بەرێزترین و خۆشەویسترین مامۆستایەکی لای من!!
پاش چوار ساڵی تر نامەیەکی تری لە تێدییەوە پێ گەیشت، ئەمجارە بۆی روون کردبووەوە کە پاش ئەوەی شەهادەی بەکالۆریسی بەدەست هێنا بڕیاری دا کەمێ لەخوێندنا بەرەو پێش بڕوات، و جارێکی تریش جەخت دەکاتەوە کە تۆمپس بەرێزترین و خۆشەویسترین مامۆستایەکە لەدرێژایی ژیانیا دیبێتی، بەڵام ئەمجارەیان ناوەکەی کەمێ درێژ ببو، ببوە: دکتۆر تیۆدۆر ئێف، ستودارد.
چیرۆکەکە لەم سنوورەدا ناوەستێ.. لەبەهاری ئەو ساڵەدا نامەیەکی تری لە دکتۆر تیۆدۆرەوە پێگەیشت، کە تیایدا نووسیبووی: کێژێکم دیوەو بەدڵم بووە، و لەم ماوەیەدا زەماوەندی لەتەکا دەکەم، و ژیانی هاوسەری پێك دێنم، و

هەروەك خۆت دەزانی من دایکم زوو مردووە، وداوات لێدەکەم

لە شاییەکەمدا لە جیاتی دایکم ئامادەبیت، و لەسەر کورسییەکەی دایکم دابنیشیت..

خاتو تۆمسۆنیش رووی پیشاندا، و ئەوەی سەیر بوو،خاتو تۆمسۆن بۆ ئەو شاییە هەمان ملوانکە ئەڵماسەکەی کردە گەردنی، کە دەنکێکی شکابوو، لەپۆلی پێنجدا بەبۆنەی یادی لەدایکبوونیەوە تێدی بەدیاری بۆ مامۆستا تۆمسۆنی هێنابوو، زیاد لەوەش لەهەمان بۆنی خۆش و عەتری لەخۆی دابوو کە کاتی خۆی دایکی بەکاری هێنا بوو، لەدواین یادی لەدایکبوونیا..

مامۆستا باوەشی بە قوتابییەکەیا کرد کەبەکوڕی خۆی دەزانی، و دکتۆر تیۆدۆر باوەشی بەمامۆستایا کرد، و پێی وابوو باوەش بەدایکیا دەکات، و هەمان بۆنی دایکی لەوەوە دەکرد..و چپاندی بەگوێیداو گوتی: من زۆر سوپاست دەکەم کەئەو هەموو متمانەیەت بەمن کرد، باشترین سوپاسیشت دەکەم کە تۆ وات لێکردم برواو متمانەم بەخۆم هەبێ، کە من کەسێکی گرنگم، ودەگونجێ هەڵبوێراو بم..

تۆمسۆنیش کەچاوەکانی پڕ لە فرمێسك ببوون، پێی گوت: تۆ منت فێرکرد کە مامۆستایەکی هەڵبوێراو بم، نەمدەزانی چۆن خەڵکی فێر بکەم تا تۆم دی!!

دەزانی ئەو {تێدی}یە کێیە؟ ئەو پزیشکە بەناوبانگەیە کە لە لە دیس مۆنتیس {Methodist} نەخۆشخانەی میسۆدیست ی ئەمریکادا بەشێکی تایبەت بەخۆی هەیە،{Des Moines} کە باشترین چارەسەری نەخۆشی شێر پەنجەی تیا دەکرێت.. ئەو بەشەش بەیەکێ لەباشترین بەشەکانی چارەسەر دادەنرێت، نەك تەنیا لە ویلایەتەکەی خۆیاندا، بەڵکو لەسەر ئاستی هەموو ویلایەتەکانی ئەمریکادا..

ئەگەر بەڕێوەبەری قوتابخانە مامۆستاکەی هان نەدایە بۆ سەیر کردنی فایلی قوتابیانی پۆلەکەی، هەڵوێستی بەرامبەر تێدی دەگۆڕا؟ ئەگەر تۆمسۆن ئەوهەوڵەی لەگەڵ تیۆدۆر نەدایە ئەو دکتۆرە ناودارەی لێ دەردەچوو؟! کەوابوو لە ئێمەوە بزووتنەوەو تێکۆشان، لەخوایشەوە پشتگیری و یارمەتیدان..

هێوادارم خانمی تۆمسۆن پالەوانی ئەم چیرۆکە نموونەیەکی واقیعی بێ بۆ هەموو باوك دایك ومامۆستایەك، دکتۆر تێدی پالەوانی دووەمی چیرۆکەکە بۆ هەموو تازە پێگەیشتوویەک، و لاوان چاویان ببڕنە لوتکەی سەرکەوتن لە ژیاندا، و هیممەت بەرزی بنوێن و جێگەو پێگەیەك بۆخۆیان و نەتەوەکەیان بەدەست بێنن.. هیوادارم هەمووکەسێك وەك تۆمسۆن چاکەی بێ منەت بەرامبەر بە خەڵکی بکات، و هەموو کەسێکیش وەك تێدی بەوەفا بێت..

تێدی} کورتەی {تیۆدۆر}ە، و {ستوودەرد}یش ناوی} بنەماڵەکەیانە..

# # #

# (٧)

# هیممەت بەرزەکان
## بەرەو لووتکە هەنگاودەنێن

وەرگێڕان وپێشەکی بۆ نووسینی
**د.حسن پێنجوێنی**

پێشەکی

لەم رۆژانەدا دکتۆرێکی برادەرم ئێمێلێکی بۆ ناردبووم، زۆر پێی دڵخۆش بووم، و گوتم: خۆزگا شەش ساڵ لەمەوبەر ئەم پەیامەم بەدەست گەیشتبا.!! چونکە زۆر هاندەری مرۆڤ بوو بۆ ئەوەی لەئاستێکا نەوەستێ، و هەمیشە هەوڵی بەرەو پێشچوون بدات، لە چاکەوە بۆ چاکتر، و لەزانینی کەمەوە بۆ زانیاری زیاتر،و لە بەرهەمی کەمەوە بۆ زۆرتر و باشتر.. منیش بەپێویستم زانی وەری بگێڕمە سەرکوردی تا خەڵکێکی زیاتر لێی سوودمەند بێت.. فەرموون ئەوە ئێوەو ئەوەش پەیامەکە..

د. حسن پێنجوێنی

# # #

## هیممەت بەرزەکان بەرەو لووتکە هەنگاو دەنێن

(1)

پییری و لەبەر کردن:

ئوم تاها ئافرەتێکی تەمەن حەفتا ساڵەیە و نووسین وخوێندنەوەی نییە، ئاواتە خوازبوو پێش ئەوەی بمرێ رۆژێك بەدەستی خۆی ناوی ئەڵلا بنووسێ، نەوەکوو بمرێ و نەزانێ ناوی خوا بنووسێ...

ئوم تاها فێری نووسین و خوێندنەوە بوو، پاشان بڕیاری دا هەموو قورئان لەبەر بکات، لەماوەی دوو ساڵدا ئوم تاهای تەمەن گەورە و پیرەژن هەموو قورئانی لەبەر کرد، لاوازی و پیرییەکەی رێگر نەبوو چونکە ئامانجێکی روونی هەبوو..

لەکاتێکا بەشی زۆری ئێمە کەلە گەرمەی لاویدایە بیانوو دێنێتەوە و دەڵێ بییرم لاواز بووە ، و لەبەرکردنم سست بووە.. ئایا ئەمە قەناعەت بەخۆکردن نییە لەسەر تەمبەڵی؟!

(2)

## زانیاریش لە حەلکردنیدا زەبوونە!

لەیەکێ لەزانکۆکانی کۆڵۆمبۆدا قوتابییەك کەلەدەرسی بییرکاریدا ئامادە دەبێت، و لەدوای دواوەی پۆلەکەدا دادەنیشێ، بەهۆی ماندووییەوە زۆر بەئارامی دەخەوێت، کاتێ خەبەری دەبێتەوە دەبینێت مامۆستا وا خەریکە دەچێتە دەرەوە، و دکتۆریش تەنیا دوو مەسەلەی لەسەر تەختەرەشەکە نووسیوە، ئەمیش بەگورجی هەردوو مەسەلەکە دەنووسێ، و لەهۆڵەکە دەچێتە دەرەوە، و کاتێ دەگەڕێتەوە بۆ ماڵ بییر لە حەلکردنی هەردوو مەسەلەکە دەکاتەوە.. بەلاَم دەبینێ ئەم دوو مەسەلەیە زۆر گرانن، و بۆی حەل ناکرێ، دەچێت بۆ کتێبخانەکەی زانکۆ، سەرچاوەی پێویست بەدەست دێنێ، و پاش چوار رۆژ دەتوانێ تەنیا مەسەلەی یەکەمیان حەل بکات، ئەمیش لەبەر خۆیەوە زۆر رقی لەدکتۆر دادەگیرسێ کە ئەم راهێنانە قورسەی بەسەرا داون..!!

لەدەرسی داهاتووی بییرکاریدا سەرسام دەبێت کە دکتۆر داوای واجبیان لێ ناکات!! ئەمیش دەچێت بۆلای دکتۆر و پێی دەڵێت: دکتۆر! ئەو مەسەلانەی هەفتەی پێشوو دابووت

بەسەرماندا لە حەلکردنی تەنیا مەسەلەی یەکەمدا چوار رۆژم پێ چووە، و لەچوار لاپەڕەدا تەواو شیم کردۆتەوە!!

دکتۆر سەرسام دبێت ودەڵێت: من واجبم نەدابوو بەسەرتانا بۆ حەلکردن، من نموونەم بەو دوومەسەلەیە هێنابووەوە کە زانیاریش زەبوون و دەستەوسانە لە حەلکردنیاندا!! بۆ ئەوە نوسیبوم کە هەندێ مەسایلی زانیاری قابیلی حەل کردن نییە، وزانیاری تیایا کۆڵە..!!

ئەم قەناعەتە نەرێ بیە زۆرێ لەزانایانی وا لێکردووە تەنانەت لە هەوڵدان بۆ حەلکردنی ئەم نموونانەش بیرنەکەنەوە ..

ئەگەر ئەو قوتابییە خەوی لێ نەکەوتایە، و گۆێی لەو قسەیەی مامۆستاو شەرحی دکتۆرەوە بوایە، هەرگیز هەوڵی بۆ حەلکردنی ئەو مەسەلەیە نەدەدا، و تەنانەت بیریشی لێ نەدەکردەوە!! هەروەك دەڵێن: هەندێ خەو سوود بەخشە..!! تا

ئێستاش ئەو مەسەلە بیرکارییە بەهەر چوار لاپەڕەکەیەوە لە پیشانگای ئەو زانکۆیەدایە..

(3)

خەڵکی پێیان مەحاڵ بوو بڕینی1 میل لە 4دەقیقەدا

پێش پەنجا ساڵ لەنێو وەرزشکاراندا باوەڕ وابوو کە لەتوانای مرۆڤدا نییە لەچواردەقیقە کەمتردا یەك میل ببڕێت، و هەرکەس بییەوێ کاری وابکات و ئەوژمارەیە بشکێنێت دڵی دەتەقێت.!!

بەڵام یەکێ لەوەرزشکاران پرسیاری کرد: ئایا کەسێك هەبووە هەوڵی دابێت و دڵی تەقی بێت؟ وەلامی بە نەء وەرگرتەوە!!

ئەمیش دەستی بە راهێنان کرد، تا توانی ئەو ژمارەیە بشکێنێت، و ماوەی ئەو میلە لەچوار دەقیقەدا کەمتر ببڕێت.. لەسەرەتاوە خەڵکی پێیان وابوو ئەوکابرایە شێت بووە، یا سەعاتەکەی تەواو نییە، بەڵام پاش ئەوە کە بەچاوی خۆیان بینییان، بڕوایان بەمەسەلەکە کرد، وهەر لەهەمان ساڵدا زیاد لە سەد وەرزشکار توانیان ئەو ژمارەیە بشکێنن!!

بێگومان پێشتر قەناعەتی نەرێ یی رێی لێگرتبوون کە هەوڵبدەن، و کاتێ ئەوقەناعەتە نەگەتیڤە نەما هەوڵی داهێنانیان دا..

ده تۆیش هیممەتی خۆت بخەرەکار..

(4)

خۆشەویستان! لەژیانماندا زۆر قەناعاتی نەرێ یی هەیە، کە کردومانن بەمۆمی فەشەل و سەرنەکەوتن.. زۆرجار وشەی: گرانە، ناتوانم، مەحاڵە.. دەبیستین .. ئەمانە تەنیا قەناعەتی سەلبین وبەس، هیچ شتێکیان لە حەقیقەتدا نییە، ئینسانی تێکۆشەر دەتوانێ بەئاسانی لێی رزگار ببێت.. کەوابوو بۆ ئەو قەناعەتە سەلبییانە بە ویستێکی ئاسنین نەشکێنین، و لەوێوە بەرەو لووتکە هەنگاو بنێین؟! خوا یارمەتیدەربێت..

# # #

# (٨)

# هیوا لەناو کارەساتەوە

## کرێکارەکەی لاقی دەقرتێ و دەبێتە خاوەنی کومپانیاکە

وەرگێڕان و پێشەکی بۆ نووسینی

**د.حسن پێنجوێنی**

پێشەکی:

**پاداشتی ئەوانەی ئارام و خۆراگرن:**

یەکێك لەوشتانەی پاداشتیان لای خوا گەورەیە، ئارامی و خۆگرییە لەکاتی بەڵاو نەخوشیدا.. پێم خۆشە روونکردنەوەیەك لەو بارەوە بنووسم پێش ئەوەی بەڵگەکان باس بکەم..و بڕۆینە ناو چیرۆکەکەوە..

کافر و موسوڵمان باوەڕدار و بێ باوەڕ هەردوو تووشی بەڵاو ناخۆشی دەبن، هەردوویان هەوڵ دەدەن بۆ رزگاربوون لەو بەڵاو ناخۆشییەی تووشیان هاتووە. ئەدی گەر چارەسەر نەدۆزرایەوە؟ .. ئەگەر بەڵاکە نەڕۆیشت و کۆتایی نەهات؟ ئەگەر نەخۆشییەکە نەخۆشی شێر پەنجە، و لەو جۆرانە بوو کە تا ئێستاش چارەسەری نەدۆزراوەتەوە؟ ئالێرەدا دەوری باوڕ و بێ باوەڕی دیاری دەدات..

ئەوەی کە بێ باوەڕە چ شتێك هەیە ئەو بەڵاو نەخۆشی و ناخۆشییەی لەسەر سووك بکات؟ چی هەیە خۆی پێ دڵخۆش بکات؟!

بەڵام ئیماندارەکە پێی دەگوترێ: قورئان مژدەت دەداتێ کە ئەوانەی خۆگرن و لەکاتی لێقەوماندا ناڕوخێن، و ورە بەرنادەن پاداشتیان لای خوا بەبێ حسابە، هەروەك خوا خوی دەفەرموێ:

" إِنَّمَا يُوَفَّى الصَّابِرُونَ أَجْرَهُم بِغَيْرِ حِسَابٍ" هەروەها پێغەمەر صلى الله عليه وسلم دەفەرموێ ئەوانەی هیچ بەڵایەکیان تووش نەبوە و لەشساغبوون، کاتێ ئەو پاداشتە گەورەیەی نەخۆش و موسیبەتداران دەبینن ئاوات دەخوازن کە لەدنیادا بە مقەست گۆشتیان لێ بکرایەتەوە، تا ئێستا ئەو پاداشتە گەورەیان دەست بکەوتایە.. هەروەك لە فەرموودەیەکی دروستا ترمزی ریوایەتی دەکات کە پێغەمەر صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی: " يَوَدُّ أَهْلُ الْعَافِيَةِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ حِينَ يُعْطَى أَهْلُ الْبَلَاءِ الثَّوَابَ لَوْ أَنَّ جُلُودَهُمْ كَانَتْ قُرِضَتْ فِي الدُّنْيَا بِالْمَقَارِيضِ". أخرجه الترمذي ، وقال : هذا حديث غريب، قال ميرك: وإسناده جيد، والحديث حسن . سنن الترمذي : كتاب الزهد عن رسول الله صلى الله عليه وسلم / باب ما جاء في ذهاب البصر.

هەروەها لەفەرمودەیەکی ترا فەرموویەتی: " إِذَا ابْتَلَى اللَّهُ الْعَبْدَ الْمُسْلِمَ بِبَلَاءٍ فِي جَسَدِهِ قَالَ اللَّهُ : اكْتُبْ لَهُ صَالِحَ عَمَلِهِ الَّذِي كَانَ يَعْمَلُهُ ، فَإِنْ شَفَاهُ غَسَلَهُ وَطَهَّرَهُ ، وَإِنْ قَبَضَهُ غَفَرَ لَهُ وَرَحِمَهُ . " أخرجه أحمد من حديث أنس مرفوعا، كماقالهُ ابن حجر في فتح الباري، واتە: ئەگەر خوای باڵادەست لاشەی موسوڵمانیکی تووشی بەڵا و نەخۆشی کرد، خوا

بەفریشتەکانی دەفەرموێ: کردەوە چاکەکەی بۆ بنووسن.. جائەگەر چاکی کردەوە ئەو نەخۆشییەی بۆ دەکاتە شۆردن و پاکردنەوەی لە گوناه.. ئەگەر بردییەوە بۆلای خۆیشی لێی

خۆش دەبێ و رەحمی پێ دەكات..  ونظيره في صحيح البخاري: " سمِعْتُ أَبَا مُوسَى مِرَارًا يَقُولُ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: إِذَا مَرِضَ الْعَبْدُ أَوْ سَافَرَ كُتِبَ لَهُ مِثْلُ مَا كَانَ يَعْمَلُ مُقِيمًا صَحِيحًا" صحيح البخاري: كتاب الجهاد /باب يكتب للمسافر ما كان يعمل في الإقامة.  واتە: ئەبو بوردە فەرمووی: من چەندان جار لە ئەبوموسام بیستوە كە پێغەمەر صلی الله عليه وسلم  فەرموویەتی: ئەگەر بەندەی موسوڵمان نەخۆش كەوت یا سەفەری كرد كاتێ نیشتەجێ و لەش ساغ بووەوە چ عیبادەتێكی كردووە خوا ئەوەی بۆ ئەنووسێ.
د. حسن پێنجوێنی

# # #

## هیوا لەناو كارەساتەوە:

دەماودەمی بەیانی بوو هەوا زۆر ساردبوو، بۆئەوەی هەندێ لەشی گەرم بێتەوە، چالاكی دەنواند و بەسەر پەیژەكاندا سەردەكەوت و دەهاتە خوار، لەكۆتاییدا خۆی لەپەنای كۆمەڵێ كرێكارا بینییەوە كە خەریكی باركردنی بەفرمچاڵ(ثلاجە)ە شووشەكان بوون بۆ یەكێ لە كۆگا گەورەكانی شار، و بەتایبەت ئەم كارگەیەش ئەم كاری تیا دەكرد تایبەتمەند بو بەدروستكردنی ئەو جۆرە بەفرمچاڵانە، كەبۆ پارێزگاریكردن لە گۆشت بەكار دەهێنران..
ماوەیكی زۆر لەتەك ئەوكرێكارانەدا مایەوە، لەتەنشت ئەو مەكینە گەورەیەوە كە بەفرمچاڵەكانی بەرز دەكردەوەو لەناو لۆرییە گەورەكانا دای دەنا، كرێكارەكانیش یارمەتی بەرزكەرەوەكەیان دەدا بۆ رێك كردنی بەفرمچاڵەكان لەناو لۆرییەكەدا.. ئەمیش كە رۆیشتبووە ئەو نزیكانەوە لەناكاوێكا دوابەدوا گەرایەوە لەترسی ئەوەی نەوەك ئەو بەفرمچاڵە زلە بكەوێتە خوارەوە كەهێشتا بەتەواوی خۆی نەگرتبوو، ئەو بەستەزمانە ناكاو پێی هەڵەكەوت و بەفرمچاڵ كەوت بەسەر پشتیا، و لەهەمان كاتا پارچە شووشەیەكی زەبەلاحی 500 !!كیلۆیی خزاو كەوت بەسەر هەردوو لاقیدا
كاتێ هاوكارەكانی رایان كرد بۆ ئەوەی فریای بكەون، دییان خوێنێكی زۆری بە خوورِ لێ دێت، هەموو هاریكارییان كرد بۆ ئەوەی پلێتی شووشەكە لەسەر لاقی لابەرن، فریاگوزارییان بۆداواكرد و بە زووترین كات گەیەندیانە نەخۆشخانە، و پزیشكەكان لەسەری كۆبوونەوە،و دییان شكاوییەكی زۆری

هەیەو هەندێ شوێنی بەتەواوی ورد بووە، و وەك دەڵێن: بووە بەتریت، خوێن بەربوونی هەندێ شوێنیشی زۆر ترسناکە، بۆیە جگە لە بڕینەوەی هەردوو لاقی پزیشکەکان چارەیەکی تریان بۆ نەدۆزرایەوە. چونکە گانگرین بەهەردوولاقیا سەرکەوتبوو، ئیتر لێرەوە گەشتی کوێرەوەری دەستی پێکرد.. ئەم پیاوە بەهێزە بەتوانایە، ببوە پارچە گۆشتێکی بێکار..!!و دەبێ کورسییەك هەڵی بگرێت، ئاڵ و گوێزی پێ بکات..

دوانزە ساڵ بەسەر ئەم حاڵەدا تێپەڕی لەکۆڕێکا لەتەك برادەرەکەیا دانیشتبوو لێی پرسی: ئەوکاتەی ئەم ڕووداوە ڕووی دا هەست و ئیحساست چۆن بوو؟!

ئەویش پێی گوت: لەوکاتەدا زۆر خەمبار وبەپەرۆش بووم، لەڕووداوەکە تووڕەبووم، لەهەموو دەورو بەرم تووڕەبووم، حەزم دەکرد تۆڵە لەدەوروبەرم بکەمەوە!! پارێزەرێکم گرت و ئەو پێی گوتم: تۆ بەڵگەی بەهێزت هەیە بۆ ئەوەی بتوانی مافی خۆت بەدەست بێنی و کومپانیاکە ناچار بکەیت زیانەکانت بۆ بژێرت..

ئینجا پارێزەرەکەم کەوتە وتووێژ لەتەك خاوەن کومپانیاکەدا،وئەوانیش خەرجی چارەسەرییەکانیان گرتە ئەستۆ، و هەروەها بڕێکی زۆرپارەیان پێدام، وەك قەرەبووی زیانە جوستەییەکانم! بەو پارەیە کۆمەڵە بەشێکم لە بەشەکانی کومپانیاکە کڕی، پاشان ناچاربووم دابنیشم و ئەو بۆشاییەم بە خوێندنەوە پڕ بکەمەوە.. و دیتم دەتوانم خوێندنی زانکۆم تەواو بکەم، پاش چوار ساڵ و نیو لە بڕینەوەی هەردوو لاقم خوێندنی تەکنیکی زانیارییەکانم لەزانکۆدا تەواو کرد، ئەمە وای لێکردم زیاتر بایەخ بە کار و باری ئەوکومپانیایە بدەم، کە چەند بەشێکم تیا هەیە.. لەو بەدوادا چوون وخیبرە پەیدا کردنەدا توانیم ڕێگا چارەیەك بدۆزمەوە بۆ بەرهەم زیادکردنی کومپانیاکەو زۆربوونی قازانجی.. لەگەڵ ئەوەدا هیچ کام لە ئەندامانی بەرێزەبەری کومپانیاکە بایەخیان پێ نەدام.. منیش داوایەکم لەدژیان تۆمار کرد.. و ناچاربوون لەمەولا گوێ بۆ راو بۆچوونەکانم بگرن.. بەو مەرجە ئەگەر بۆچوونەکانم شکستیان هێنا من لەبەشەکانی خۆم بۆیان ببژێرم!!

منیش هەوڵمدا وسەرەنجامیش پێچەوانەی ئەوەبوو کەئەوان چاوڕوانی بوون، بیرۆکەکەم سەرکەوت، و بەشێوەیەکی کارا جێبەجێکرا، و قازانج و سوودم دووبەرابەر بووەوە، وتوانیم کۆمەڵە بەشێکی تر لە بەشەکانی کومپانیاکە بکڕم، و لە دەزگای بەڕێوەبەرایەتیدا چەند پلەیەکم بڕی و ئێستا دەبینی جێگری بەڕێوەبەری گشتی کومپانیاکەم..

# # #

**لە کۆتاییدا:**

لەسەرەتاوە ئەم پیاوە پێی وابوو ڕوداوەکە لێقەومانێکی گەورە و کارەساتێکی ناهەموارە، بەلام ئەو کارەساتە –وەك خۆی گوتی- هاندەری بوو بۆئەوەی چاوێ بەهەموو فەلسەفەی ژیانیا بخشێنێتەوە، تا ببێتە سەرەتای هیوایەك بۆ ڕزگارکردنی ژیانی خۆی و خێزانەکەی..

بەڵێ، ئەوکارەساتە ژیانی ئەوی کردە ژیانێکی پڕ دەستکەوت، و ڕاستی و دروستی یاسا خواییەکەیش نمایان بوو - جا خەڵکی باوەڕیان پێی هەبێ یان نا - کە دەفەرموێ: " فَعَسَى أَنْ تَكْرَهُوا شَيْئًا وَيَجْعَلَ اللهُ فِيهِ خَيْرًا كَثِيرًا " النساء/19. لەوانەیە ئێوە شتێکتان پێ ناخۆش بێ بەلام خوا خێرێکی زۆری تیا داناوە.. لەپاش هەموو تەنگژەیەکی ژیانەوە ئینسان پێویستی بەوە هەیە ئەم پرسیارە لەخۆی بکات: " ئەوەی ڕووی دا چ حیکمەتێکی تیابوو؟" لەوانەیە لەناو کارەساتەکەدا حیکمەتەکەی بۆ دەر بکەوێت، لەوانەشە پاش کات وزەمانێکی کورت یادرێژ حیکمەت وسوودەکەی بۆ دەربکەوێت، بەلام ئەو یاسایە بەردەوام دەمێنێتەوە کە: لەگەڵ هەموو کارەساتێکا هیوایەك هەیە..ولەگەڵ هەموو ناخۆشییەکدا خۆشییەك هەیە.." إِنَّ مَعَ الْعُسْرِ يُسْرًا " الشرح/6.

12/03/2008

\# # #

# (٩)
# هیممەتی ئەو منداڵەی
## گەورەکان ئاواتی بۆ دەخوازن

وەرگێڕانی

**د.حسن پێنجوێنی**

## هیممەتی ئەو منداڵەی سەرسامی کردم

ئیمامی مزگەوتێکی (ئەمستردام) و کوڕە یانزە ساڵەکەی دەیکەنە عادەت هەموو هەفتەیەك پاش نوێژی هەینی بڕۆنە دەرەوە بە جادەو کۆڵانەکانا بگەڕێن و نامیلکەی ئیسلامی بەسەر خەڵکیدا بڵاو بکەنەوە..

ئەو هەفتەیەی ئەم چیرۆکەی تیاروویدا هەفتەیەکی زۆر سارد بوو، لەهەمان کاتا باو بۆران بوو، ئەمانیش نامیلکەیەکیان ئامادەکردبوو بەناوی "رێگەمان بەرەو بەهەشت" تا لەهەینی ئەو هفتەیەدا بڵاوی بکەنەوە..

پاش نیوەڕۆی رۆژی هەینی کاتی ئەوە هاتبوو باوك و کوڕ بڕۆنە دەرەوە بۆ بەجێهێنانی ئەرکەکەیان، کوڕەکە قاپووت و جڵ و بەرگی دەرەوەی لەبەر دەکات و ئامادەیی خۆی بۆ باوکی دەر دەبڕێ و داوا لەویش دەکات گەشتەکەیان دەست پێبکەن..

باوکیشی پێی دەڵێ: کوڕم! دنیا زۆر ساردە، و بارانیش بە لێزمە دەبارێ! کوڕەکەش رووی دەکاتە باوکی و دەڵێ: بابە گیان! لەگەڵ ئەم هەوا سارد و بارانە لێزمەدا کەسانی واهەن بەرەو دۆزەخ دەچن، بافریایان بکەوین!!

باوکەکە پێی دەڵێ: کوڕم! بەم سەرمایە من نایەمە دەرەوە..

کوڕەکەش پێی دەڵێ: بابەگیان! بەیارمەتی خۆت ئیجازەی من بدە تا بڕۆم بۆ کتێب بڵاو کردنەوەکان!!

باوکەکە پاش ماوەیەك دوودڵی رێی پێدەدات و دەڵێ: کوڕم! دەتوانی بڕۆیت ، هەندێ کتێبیشی دەداتێ و ئەویش لەتەك سوپاسدا خوا حافیزی لەباوکی دەکات و دەڕوات..

کۆڕەی تەمەن یانزە ساڵ بەو هەوا سارد و باراناوییەدا بەجادەو کۆڵانەکانی شارا دەگەڕێ، هەرکەسی پێ دەگات، کتێبێکی پێشکەش دەکات، بەردەوام لەم دەرگاو لەو دەرگا دەدات بۆ ئەوەی کتێبەکان دابەش بکات، پاش دوو سەعات گەڕان لەوکەش و هەوا سارد و باراناوییەدا دواین نامیلکەی پێ دەمێنێت و دەیەوێ کەسێك ببینێت تا بیداتێ، بەڵام جادە چۆل و هۆل دەبێ، بۆیە روودەکاتە سەر رەسیفی جادەکەو لەقاپی یەکەم ماڵ دەدات. دەست بەزەنگەکەدا دەنێ، بەڵام کەس نایکاتەوە، جارێکی تر جەرەس لێدەدات هەرکەس نایەت، دەیەوێ بڕوات وئەو ناوە بەجێ بێڵێت بەڵام شتێ نایەڵێت. ئەویش نازانێ چی پاڵی پێوە دەنێ تا ئەوەند چاوەڕوانی بکات!! بەردەوام لەقاپییەکە دەدات وبەمشتە بچکۆڵەکانیشی قاپییەکە دەکوتێ.. ئەمجارەیان بە هێواشی دەستێك قاپییەکە دەکاتەوە.. دەبینی ئافرەتێکی پیری بەساڵاچووە، ونیشانەی خەم و پەژارە بەروویەوە دەبینرێت.. بە کوڕەکە دەڵێ: کوڕم! دەتوانم چیت بۆ بکەم؟!

منداڵەکەش بەچاوەگەشەکان و دەم بەخەندەیەوە پێی دەڵێ: خانم گیان! داوای لێ بوردنت لێدەکەم کە نارەحەتم کردیت، تەنیا بۆ ئەوە هاتووم بۆ لات پێت بڵێم: خوا بەڕاستی تۆی خۆش دەوێت، و بایەخت پێ دەدات، و هاتووم تا ئەو دواین نامیلکەیەت پێ بدەم کە پێم ماوە، ئەو هەموو شتێکت لەبارەی

خواوه بۆ باس دەکات، و بۆت روون دەکاتەوە مەبەستی راستەقینە لەدروستکردنی مەخلوقاتدا چیە، و چۆن مرۆڤ !دەتوانێ رەزامەندی راستەقینەی خوا بەدەست بێنێ؟
پیرەژن نامیلکەکەی لێ وەردەگرێت وسوپاسی دەکات، و ئەمیش دەگەرێتەوە بۆ مال خۆیان..
لەهەفتەی داهاتوودا و پاش نوێژی هەینی ئیمام پاش وتارەکەی قسە بۆخەڵکەکە دەکات،و پێیان دەڵێ: کەس پرسیارێکی هەیە؟! لە ریزەکانی دواوە و لەناو خانمەکاندا دەنگی ئافرەتێکی بەسالاچوو دەبیسترا کە دەیگوت:" کەس لەم خەڵکەی مزگەوت من ناناسن، چونکە ئەمە یەکەم جارمە بێم بۆ ئێرە، لەپێش جومعەی رابوردوودا من موسوڵمان نەبووم، و

بیریشم لێنەکردبوەوە، ماوەی چەند مانگێك بوو مێردەکەم مردبوو، لەم ژیانەدا بەتەنیا جێی هێشتبووم، هەفتەی پێشوو دنیا زۆر ساردبوو، باران بوو، منیش بریارم دابوو خۆم بکوژم چونکە هیوایەکم بە ژیان نەمابوو، بۆیە کورسی وپەتم بردبووە ژووری سەرەوەی خانووەکەم، پەتەکەم هەڵواسی بوو، بەباشی قایمم کردبوو، کورسیەکەشم لەبەردەمیا دانابوو، وپەتەکەیشم خستبوە گەردنمەوە، خۆیشم بەتەنیا بووم وخەم بەسەر هەموو مەیدانی دەروونمدا خێوەتی هەڵدابوو..زۆری نەمابوو شەقێك لەکورسییەکە هەڵبدەم و ماڵئاوایی لەژیان بکەم.. ناکاو گوێم لە زەنگی قاپیەکەی قاتی خوارەوەبوو، گوتم: با بزانم چییە؟! ماوەیەك چاوەروانی دەکەم و وەلامی زەنگەکە نادەمەوە، هەرکەس بێت پاش ماوەیەك دەروات..
چاوەروانیم کرد و دیسان چاوەروانیم کرد تا ئەوەی لەقاپی دەدات برروات، بەلام دەنگی لێدانەکە قایمتر و بە هێزتر دەبوو، زرەی زەنگەکە زیاتر دەبوو!! جارێکی دی بەخۆمم گوت: کێ هەیە لەم سەر زەوییەدا ئاوهابێ؟ بێگومان کەس نییە، ئیتر پەتەکەم لەملم داکەند و و گوتم: دەرۆم بزانم ئەوە کێیە وا بەو قایمییە لەقاپی دەدات و نایەوێ بروات؟!
کاتێ قاپیەکەم کردەوە دیتم مێر منداڵێکە، و چاوەکانی دەبریقێتەوە و دەم بەبەزە و رووی خۆشەوە پێشوازی کردم و چەند قسەیەکی بۆ کردم قسەکانی لکا بەدڵمەوە، و دڵی مردووم جارێکی تر زیندووبوویەوە، بەدەنگێکی لەسەر خۆ گوتی: خانم ! ببوورە، هاتووم بۆلات تا پێت بلێم: بەراستی خوا تۆی خۆش دەوێت، و بایەخت پێ دەدات، و ئەم نامیلکەیەشم بۆ هێناویت، .((رێگای بەرەو بەهەشت
ئیتر ئەو فریشتە بچکۆلانەیە رۆیشت و ونبوو، بەو باران و سەرمایە رۆیشت.. منیش رۆیشتمە ژوورەوەو قاپیەکەم داخست، و لەژوورەوە دەستم بەخوێندنەوەی نامیلکەکە کرد، و .. وشەیەك نەما نەیخوێنمەوە
ئینجا رۆیشتمە سەرەوەو پەت و کورسییەکەم لابرد، چونکە ئیتر پێویستیم پێیان نەمابوو!! ئێستا دەبینن من زۆر شاد و کامەرانم چونکە خوای تاك و تاقانەی راستەقینەم دییەوە!! ئەدرەسی ئەم سەنتەری ئیسلامییەش لەسەر پشتی نامیلکەکە نووسرابوو، بۆیە خۆم هاتم بۆ ئێرە، تا سوپاسی خودا بکەم سوپاسی ئێوەش بکەم کە ئەو فریشتە بچکۆلەیەتان ناردبوو بۆ رزگاری من.. بەرستی لەکاتێکی گونجاوا هات، و لەورێیەوە ..توانی گیانی من لەئاگری هەمیشەیی دۆزەخ رزگار بکات

ئای چ گریان و شۆر و شەوچقێك لەناو نوێژخوێنەکانی مزگەوتا پەیدا بوو!! باوەرت هەبێ چاوێك نەبوو بەفرمێسکی شادی تەڕنەبووبێت، دەنگی ئەڵڵاهو ئەکبەر لەهەموو لایەکی مزگەوتەکەوە بەرزبووبوەوە..

ئیمامی باوك لەسەر مینبەرەکەیەوە هاتە خوار و باوەشی بەکوڕە بچکۆلەکەیا کرد کە لەریزی پێشەوە دانیشتبوو، بەکوڵ دەگریاو ئەملاولای کوڕە فریشتەکەی ماچ دەکرد و سوپاسی خوای لەتەکا دەکرد.. وابزانم لەناو مزگەوتەکەدا کەسێك نەبوو ئەوەندەی ئەو شانازی بەکوڕەکەیەوە بکات، ئای منیش چەند ئاواتە خوازبووم ئەو منداڵە بوومایە!!

# # #

# (١٠)
# سوودی متمانە بەخۆبوون !

ئەندازیارێکی فلیپینی

وەرگێڕان وپێشەكی بۆ نووسینی
**د. حسن پێنجوێنی**

**پێشەكی:**
زۆر جار وادەبێ كابرایەكی خاوەن ئاین ئاینداریيەكەی خۆی دەشارێتەوە چونكە متمانەی تەواوی بەخۆی نییە، یا بەخۆی و بیروو باوەڕەكەی نییە!! ئەو شەرمنییەی لەو جۆرەكەسانەوە روو دەدات هەندێ جار زیانیان لێ دەدات لەجیاتی ئەوەی ڕێز و خێر و بێریان بۆ بێنێ..مامۆستایەك گێڕایەوە گوتی لەدواین ساڵەكانی حەفتادا لە سەنگەسەر مامۆستای ناوەندییەكە بووم، مامۆستایەكی ترم لەتەكا بوو نوێژی دەكرد، بۆ ئاهەنگێك دەعوەت كرابووین، و كات گەیشتە عەسرێكی درەنگ و ئێمەش نوێژی عەسرمان نەكردبوو، بە هاوكارەكەم گوت: با نوێژەكەمان بكەین، گوتی: مامۆستا گاڵتەمان پێدەكەن، چۆن لەناو ئەو قەرەباڵخییەدا نوێژ بكەین؟! گوتی: ئیتر منیش هیچم پێ نەگوت، و خۆم نوێژەكەم كرد و كەسیش گاڵتەی پێ نەكردم، و بەڵكو بەپێچەوانەوە..

حسن پێنجوێنی

# پاش خودا متمانە بەخۆبوون !

کارناسێك بۆمان دەگێڕێتەوەو دەڵێت: لە شاری (دوبەی) کۆنگرەیەکی جیهانی بەسترا، بۆگەشەپێدانی بەرهەمە مرۆییەکان منیش وەك کارناسێك ئامادەی چالاکییەکانی ئەو کۆنگرەیە بووم، ئەو وەرەقە کارانەی پێشکەش کرابوون هەموویان پەیوەندییان هەبوو بە:
گەشەپێکردنی بەرهەمە مرۆییەکان و چۆن متمانە بەخود لەکارمەندا بنێژرێ؟! بوو
لەنێو وەرەقەکاندا وەرەقەیەکی کاری تیابوو بەناونیشانی: (باوەڕ بە عەقیدە و مەبدەئەکان ڕێیەکە بۆ پەرەپێدانی خودی..).. کارناسێکی ئینگلیزی ئەو وتارەی پێشکەشکرد و لەناحیەی نەزەرییەوە زۆر شتی باس کرد و دەیگوت: کاتێ مرۆڤ باوەڕی بەعەقیدە و مەبدەئێکی دیاریکراو هەبوو، و لەکارو باری ڕۆژانەی ژیانیشیا پیادەی کرد، ئەو مرۆڤە کەسێکی هەڵبوێراو دەبێ هەرچەند مەبدەئەکەیشی پێچەوانەی هەموان بێت..
لەناو بابەتەکەیا بۆ پشتگیری باسەکەی ڕووداوێکی سەیری باس کرد و گوتی:
من وەك بەڕێوەبەر لە دایەرەی دامەزراندنی کارمەند لە کومپانیایەکی گەورەی (دوبەی)دا کارم دەکرد، چەند ساڵێ لەمەوبەر دەرگای ناونووسینی وەرگرتنی کارمەندمان کردەوە بۆ
یەکێ لە وەزیفەکان.. بۆ ئەم مەبەستەش زیاتر لەپێنچ سەد کەس لە توخمی نێر ومێ پێشکەشیان کرد.. هەمووشیان بەڵگەنامەی داواکراویان هەبوو زیاد لەوە ئەوەندەش خیبرەیان هەبوو بۆئەوەی وەربگیرێن.. لەبەر ئەوە لیژنەکە بڕیاریدا وەرگرتنەکە بەپێی چاوپێکەوتن بێت.. بۆ ئەم مەبەستەش خشتەیەکمان بۆکاتی چاوپێکەوتنەکان ئامادەکرد، داواکارەکان دەهاتن ولەتەکیاندا چاوپێکەوتن ئەنجام دەدرا..

**مەرجی خۆی باس دەکات!**

ڕۆژێکیان ئەندازیارێکی فلیپینی هات و هەرلەسەر کورسییەکە دانیشت گوتی: پێش ئەوەی هیچ باسێکم لەلا بکەنەوە دەمەوێ مەرجەکانی خۆمتان بۆ باس بکەم، ئینجا ئێوە چیتان دەوێ باسی بکەن و ئەوکات بڕیاری کۆتایی بەدەست خۆتانە..
ئەندامانی لیژنەکە هەموو لەم داخوازییە سەرسام بوون!! ئەو پێویستی بەوەیە وەربگیرێ، کەچی مەرجی خۆی باس دەکات بۆ وەرگرتن!! هەموو گوتیان: مەرجەکانت بڵێ..
گوتی: من لەپێناسەکەمدا ناوم (جێمی)یە و خوای باڵادەست

لوتفی لەتەکا کردم و ڕێنوێنی بۆ ئاینی ئیسلام کردم و سێ هەفتە لەمەوپێش من موسوڵمان بووم، و ناوەکەم دەگۆڕم لە جێمییەوە بۆ جەمیل موحەممەد.. ئێمە وەك موسوڵمان ڕۆژانە پێنچ نوێژمان لەسەر فەرزە، دەمەوێ ڕێم لێ نەگرن ولە کاتی

نوێژەکاندا بوارم بدەنێ نوێژەکانم بکەم، و منیش پاش دەوامی رەسمی قەرەبووی ئەوکاتانەتان بۆدەکەمەوە.. !!

**لیژنەکە بڕیاری دا جێمی وەربگرێت:**

خاوەن وتارەکە دەڵێت: جێمی تاکە موسوڵمانێك بوو کە بۆ ئەوکارە پێشکەشی کردبوو، ئەوانەی کە پێشکەشیان کردبوو هیچیان موسڵمان نەبوون جگە لە جێمی، ئێمەش لە لیژنەکە هەموومان مەسیحی بووین..

لیژنەکە بەکۆی دەنگ بڕیاری دا جێمی وەربگرێت دەزانن بۆچ؟ چونکە من و هەموو ئەندامانی لیژنەکە متمانەی تەواومان بەوە هەبوو کە جێمی دڵسۆزیی تەواو لەکارەکەیا دەنوێنێ بۆ ئەوەی رزقەکەی حەڵاڵ بێت.. لەواقیعیشدا هەروابوو بۆچوونەکەمان هەڵەنەبوو.. بەهۆی ئەو هەڵوێستەی جێمییەوە، کەئەوەندە متمانەی بە مەبدە ءو بیرو باوەڕەکەی خۆی هەبوو، وە ئەو ئیسلامەش کەئەوەندە کاریگەرە لەهەڵگرانیا و ئەو تواناییەیان پێ دەبەخشێ منیش موسوڵمان بووم..

**کارناسەکە دەڵێت:**

بۆیە وتاری ئەو کارناسە ئینگلیزییە بەشێکی زۆری لە ئامادە بووان کردە گریان، بەمەسیحی و بوودایی و هیندۆسەوە پێش موسوڵمانەکان.. چونکە ئەوەی وتارەکەی دەدا بەئەندامەکانی جوستەی و بە هەستەکانیەوە باسەکەی دەگێڕایەوە، و زۆر بەجوانی پەیوەندیی بەواقیعی ژیان و کاری ڕۆژانەوە دابوو..

# # #

# (١١)
# بابەتێک
# لەکلیلەو دیمنەوە

وەرگێڕان و پێشەکی بۆ نووسینی

**د.حسن پێنجوێنی**

**پێشەکی:**

لەکۆتایی ساڵەکانی شەستا کتێبی کلیل و دیمنەی ئەدیبی ناودار ئیبنو موقەففەع دەرچوو بوو، منیش زۆر بە شەوقەوە کڕیم و هەموویم لەماوەی یەك دووڕۆژێکدا تەواو کرد.. زۆر شتی سەرنج ڕاکێش و حیکمەتی دانایانی تێدابوو، لەسەر شێوەی چیرۆك و چیرۆکەکانیش لەسەر زمانی گیاندارانەوەبوو، یەکێ لەو چیرۆکانەی باسی کلاو کوورەی دەکرد کە ئەم باڵندەیە پەلەوەرێکی لاوازە و هێلانەکەی لە ڕێی ئاو خواردنەوەی کۆمەڵێ (فیل)دا دەبێت، چەند جارێك ئەم پەلەوەرە هێلکە دەکات و بەڵام فیلە بەزانین یا بە نەزانین دەی پلیشێنێتەوەو وێرانی دەکات..

ئەمیش چەند جارێك دەڕوات بۆ لای و بەسەر سەریەوە دەنیشێتەوەو سکاڵای خۆی لای فیلە دەکات، کە ئێمە دراوسێین و تۆ گەورەو من بچوك هەقی وایە چاودێریم بکەیت و بەزەییت پیاما بێتەوە.. بەڵام فیلە هەر سەر بادەدا و گوێی پێ نادات..

لەدواین جاردا کە هێلانەکەی کاول دەکات هانا بۆ هاو جۆرەکانی خۆی دەبات و پێیان دەڵێ: دۆستان! خۆشەویستان! ڕاستە ئێمە لاواز و بچکۆلانەین، بەڵام بە یەکگرتنمان دەتوانین گەورەترین هێز لەناو بەرین.. من فیلێکی دراوسێم هەیە و تا ئێستا چەند جار ماڵی یران کردووم و ڕۆیشتووم بۆ لای و سکاڵای خۆمم لەلا کردووە بەڵام نەك هەر بەگوێی نەکردووم وا ئەمجارەش منداڵەکانی پلیشاندومەتەوەو هێلانەکەمی وێران کردووە.. ئێستاش پەنام پێ هێناون و یارمەتیم بدەن..

ئەوانیش هەموو بەجارێ دەکەونە شوێنی و لەوکاتەدا کە فیلەکە دەچێت بۆ ئاو خواردنەوە دەنیشین بەسەر سەریەوەو بە دەندووك دەدەن لە چاوەکانی تا بەتەواوی کوێر دەبێت.. ئەوسا دەست بە بۆڕە بۆڕ دەکات وڕێی لێ هەڵە دەبێت و لەکەندەلانێکی نزیکی ڕێگاکەوە تلێر دەبێتەوەو هەپرون هەپرون دەبێت.

ئەوانیش لەپاش تلێربوونەوەی دەچنە سەر سەری و پێی دەڵێن: تۆ بە زەبەلاحی خۆتا دەنازیت، و هەموو جار ماڵی ئێمەت وێران دەکرد، ئیتر نەدەهات بەخەیاڵتا ڕۆژێك ئەولاوازانە یەکبگرن و ئاوەها ژیانت لێ تاڵ بکەن و تۆڵەی خۆیانت لێ بکەنەوە؟! با ئەمە پەند بێ بۆ تۆ و هەموو ئەوانەی بە هێز و توانای خۆیانەوە دەنازن و زوڵم لە بێ دەسەڵاتان دەکەن..

بەلێ خوێنەری ئازیز!! کاتێ ئەم هەڵوێستەی ڕۆژا باراکسم خوێندەوە کت وەت چیرۆکەکەی کلاو کوورەی کلیلەو دیمنەم بیرکەوتەوە، چۆن ئەو ئافرەتە لاوازە توانی بەسەر ئەو سیستەمە ستەمکارە زلهێزەدا زاڵ ببێ و بی ڕووخێنێ! هەرکات ئیرادە هەبوو، هەرکات یەکیەتی هەبوو، عەرشی زۆردارەکان بەئاسانی دەهەژێت ولەق دەبێت و تلێر دبێتەوە بۆ

کەندەڵانی لەناوچوون..

ئینشائەڵڵا سبەینێ چیرۆکەکەی رۆزا باراکس)تان پێشکەش دەکەم. ئەو{نا} یەی کۆمەڵگای ئەمریکای گۆڕی..

حەسەن پێنجوێنی

# # #

# (١٢)
# ئەو { نا } یەی
## گەورەترین زوڵمی لەمێژوودا گۆڕی

وەرگێڕان و پێشەکی بۆ نووسینی
**د.حسن پێنجوێنی**

**ئەو { نا } یەی گەورەترین زوڵمی لەمێژوودا گۆڕی:**

لەیەکێ لە ئێوارە ساردەکانی مانگی دوانزەی ساڵی 1955، {رۆزا باراکس} پاش هەشت سەعات لەکاری قورسی درووماني رۆژانەی خۆکۆدەکاتەوە بۆ گەڕانەوە بۆ ماڵەکەی خۆی، رۆزا بەڕێدا دەڕوات و جانتاکەی لە ئامێز دەگرێ بۆئەوەی کەمێ خۆی پێ گەرم بکاتەوە، بەلای راست و چەپیدا لادەکاتەوە وپاشان لە شەقامەکە دەپەڕێتەوە، و هەڵوێستە دەکات و چاوەڕوانی هاتنی پاسەکە دەکات تا بیگەیەنێتە جێگای خۆی.. نزیکەی دە دەقیقەیەك بەپێوە دەوەستێ و چاوەڕوانی دەکات تا پاسەکە دێت، بەڵام رۆزا لەوکاتەدا چاوی بڕیبووە ئازاری دیمەنێکی بەعادەتکراو، ئەویش ئەوەبوو کە رەش پێستە کان دەبوا لەسەرجێگەکەی خۆیان هەستن تا سپی پێستەکان لەجێگەکەیانا دابنیشن!!

ئەم رەوشتەش هەڵقوڵاوی گیانی برایەتی، یا رەمزێکی

شارستانی نەبوو، بەڵکو ئەمە هەڵقوڵاوی یاسای دەمارگیری خۆ پەسەندە سپی پێستەکانی ئەو سەردەمە بوو، ئەم یاسایە قەدەغەی کردبوو مرۆڤە رەش پێستەکان دابنیشن و ئاغا سپی پێستەکانیان بە پێوە بوەستن. تەنانەت ئەگەر ئەو دانیشتووەش پیرەژنێکی رەش پێستی بەساڵاچوو بووایە، و وەستاوەکەش لاوێکی تازە پێگەیشتووی سپی بووایە.. ئەو کارە بە تاوان حسێب دەکراو دەبوا ئەوپیرەژنە جەریمە بکرێ!! لەوسەردەمەدا ئەم قسەیە زۆر ناوبانگی دەرکردبوو کە لەسەر بازارە ناودارەکان، و چێشتخانە پێشکەوتووەکاندا نووسرابوو : قەدەغەیە سەگ و پشیلەو مرۆڤی رەش پێست بێنە ژوورەوە.

هەموو ئەو رەوشتە رەگەز پەرستییە ناشیرینانە تارایەکی ماتەمینی و خەمی بەسەر رووی رۆزادا دابوو، کە تووڕەیی وئازارێکی زۆری بۆ دروستکردبوو، وبیری لەوەدەکردەوە دەبێ تاکەی ئەمانە ئاوها بەکەمی مامەڵەیان لەتەکا بکرێ و بەسووك سەیر بکرین؟! وهەمیشە لەریزەکانی دوواوەبن؟ و لەگەڵ ئاژەڵەکاندا پۆلێن بکرێن؟ کاتێ پاسەکەهات رۆزا سواربوو، بەڵام لە دڵی خۆیا بڕیارێکی دابوو!!

چاوی بەملاولادا دەگێڕا وهەر لەگەڵ جێیەکی خاڵی دییەوە خۆیدا بەسەریا و جانتاکەیشی خستە سەر سنگی و دانیشت و چاوی بڕیبووە ئەو رێگەیە پاسەکە لەسەر خۆ دەیبڕی، پاشان گەیشتە ویستگەی دواین و نەفەرەکان سواربوون، وپاسەکە پڕبوو، لەسەرخۆ پیاوێکی سپی پێست بەرەو جێگەکەی رۆزا کشا، و چاوەڕوانی دەکرد تا رۆزا هەستێ و جێگەکەی خۆی بۆ چۆڵ بکات!! بەڵام شتی وا رووی نەدا.. سەیر و سەمەرەیە.. رۆزا سەرنجێکی پیاوەکەی داو خۆی نەجوڵاند!!

پیاوانی سپی پێست ئاگرێکی بێ ئامانیان تێ بەربوو، نەفەرەکانیان دەستیان بە جنێودانی رۆزا کرد و هەڕەشەیان دەکرد ئەگەر بەپەلە لەجێی خۆی هەڵنەستێ بۆئەوەی پیاوە سپی پێستەکە لەجێی دابنیشێ دنیای لێ دەکەنە دۆزەخ.. بەڵام رۆزا گوێی پێ نەدان و سووربوو لەسەر هەڵوێستی خۆی کە جێگەی خۆی بۆ پیاوە سپییەکە چۆڵ نەکات.. کە سایەقی پاسەکە دیتی ئەم ژنە رەش پێستە دەیەوێ یاسای سپی پێستان بشکێنێ و سوورە لەسەرهەڵوێستەکەی پاسەکەی بەرەو مەخفەری پۆلیس برد، تا لێکۆڵینەوە لەتەك ئەو رەشپێستەدا بکەن کە ئاغایانی سپی پێستی نارەحەت !!کردووە

هەروابوو لێکۆڵینەوەیان لەتەکا کرد و بەتۆمەتی ئەوەی دەستدرێژی کردۆتە سەر مافی خەڵکی تر بە 15 دۆلاری ئەوسەردەمە سزایان دا!! ئەم هەواڵە لەرادیۆ و رۆژنامەو گوڤارەکانی ئەمریکادا بڵاوبووەوە، بووە چەخماخەیەك و ئاگرێکی گەورەی لەکۆمەڵگای ئەمریکیدا دروستکرد رەش پێستەکان دەستیان بەشۆڕش و خۆپیشاندانی نارەزایی کرد، و بریاریان دا هیچ کەرەسەیەکی هاتوچۆی ئەو وڵاتە بەکار نەهێنن، و داوای مافی خۆیشیان بکەن وریز لەمرۆڤایەتییان بگیرێت، وەك ئینسان مامەڵەیان لەتەکا بکرێت..

ئەم شۆرش و نائارامی و نارەزایەتی دەربرین و خۆپیشاندانە

زیاد لەساڵێکی خایاند، ئەگەر بە وردی باسی بکەین 381 ڕۆژی تەواوی خایاند، ئابووری ئەمریکا تووشی ئیفلیجی بوو، سەریەشەیەکی گەورە بۆ سەرمایەداران بەدیهات..لەکۆتاییدا فەرمانی دادگا بە قازانجی ڕۆزا باراکس دەرچوو، هەڵوێستی

ئەو شێرە ژنە هەموو ڕەش پێستەکانی ئەمریکای لەو مەینەتییە ڕزگار کرد و ئەو یاسا ڕەگەزپەرستییە لەناو برا و ئەوعادەتە قیزەونە هەڵگیراو نێررا بۆ زبڵدانی مێژوو..

بۆ یەکەمجار لەمێژووی ئەمریکادا وپاش تێپەڕبوونی 46 ساڵ بەسەر ئەو ڕووداوەدا لە 27 تشرینی یەکەمی 2001 دا یادی ئەو ڕووداوە کرایەوە.. ستیف هامپ کە بەڕێوەبەری عەنتیکەخانەی هنری فۆرد بوو لەشاری دێربۆرن لەویلایەتی مێشیگان ڕایگەیاند کە ئەو پاسە کۆنە دارزاوە مۆدێل کۆنەی چلەکان کە ڕۆزاباراکس ئەو هەڵوێستە پاڵەوانانەی تیا نواند - ئەو پاسە - دەکڕێت بۆ عەنتیکە خانەکەی، چونکە ئەو هەڵوێستە بوو کە چەخماخەی داو پاڵی بە بزوتنەوەی مافی شارستانییەوە نا لەئەمریکادا و بووە هۆی بێدارکردنەوەیەکی وا ژیانی ڕەش پێستەکان تا ئەندازێك باش ببێت، بەڵێ، ئەو پاسە کۆنەیان بە نزیکەی نیوملیۆن دۆلار {492 هەزار} کڕی..

کاتێ ڕۆزا تەمەنی گەیشتە هەشتا ساڵی و لەساڵی 1994دا کتێبێکی لەیاداشتەکانی خۆی نووسی بەناو نیشانی {هێزی ئارام}ولەوێدا باسی هەندێ لە هەست و سۆزەکانی خۆی دەکات بەرامبەر ئەو ڕووداوەو دەڵێ: "لەورۆژەدا بیری باوو باپیرانی خۆمم کەوتەوە،و پەنام برد بۆ خوا، و ئەویش ئەو هێزەی پێ بەخشیم کە بەچەوساوەکانی دەبەخشێ.. "

لە مانگی دەی ساڵی 2005 دا هەزاران کەس کۆبووبوونەوە بۆ بەخاك سپاردنی تەرمەکەی ڕۆزا باراکس پێشەوای مافە شارستانییەکانی ئەمریکا، کەلەتەمەنی 92 ساڵیدا کۆچی دوایی کرد و ماڵئاوایی لە ژیانی دنیای کرد، لەورۆژەدا هەزاران کەس بۆی دەگریان و فرمێسکیان بۆ دەڕشت، و دەیان سەرۆکی وڵات و سەرەك وەزیران ئامادەی بە خاك سپاردنی بوون، وئاڵای ئەمریکای بۆ نەوی کرا، و بۆ زیادە ڕێزلێنانی لەیەکێ لە بیناکانی کۆنگرسی ئەمریکادا نێژرا کە ئەو ڕێ و ڕەسمە تەنیا بۆ ڕێزلێنانی سەرکۆمارە ناودارەکانی ئەمریکا ئەنجام دەدرێت، ولەساڵی 1852 تائەوکاتە تەنیا سیی کەس لەوشوێنەدا نێژراون و جگە لە ڕۆزا ئافرەتێکی تری تیا نەنێژراوە!!

ڕۆزا مردو بەرزترین ویسام بەسەر سنگیەوە بوو، لەساڵی 1996دا ویسامی سەرۆکایەتی بۆ ئازادی پێ بەخشرا.. ولەساڵی 1999دا ویسامی زێڕینی کۆنگرسی ئەمریکی پێ درا، کەئەوەش بەرزترین ڕێزگرتنی شارستانییە لەو وڵاتەدا.. لەسەر هەموویشیانەوە ئەو ویسامی ئازادییەی لەڕێی وشەی {نا}وە بە هاو پیست و ڕەگەزەکانی بەخشی، ئەو ویسامەش بەناوبانگترین {نا}بوو لەمێژووی هەموو ئەمریکادا..

لەدوای هەموو ڕووداوێکی مێژوویی گەورەو هەموو هەڵوێستێکی گەورەی شەرافەتمەندانەوە کەسایەتییەك هەیە کە باوەڕی بەتوانای خۆی هەیە ئەوەی خەڵکی بەمەحاڵی ناودەبەن

تێك ̌بشكێنێ.. رۆزا باراكس یەكێك بوو لەو كەسایەتیانە، ئەم شێرە ژنە لە 4شوباتی 1913چاوی هەڵێناوەو لە 24 تشرینی یەكەمی 2005 كۆچی دوایی كردووە.

باهەر یەك لەئێمە دەرس لەو قوتابخانەیەی رۆزا وەربگرێت و بتە

دروستكراوەكان بشكێنێ و دنیایەكی ئازادی و یەكسانی و ..بەرابەری دروست بكات

# # #

# (١٣)
# ئایا لە كارەساتەكانەوە دەرسمان وەرگرت؟

چیرۆكێكی خۆماڵییە و لە سلیمانی روویداوە

نووسینی
**د. حسن پێنجوێنی**

## ئایا لەکوێرەوەرییەکانەوە دەرسمان وەرگرت؟

ئەم عەسرە دکتۆرێکی برادەرم تەلەفونی بۆ کردم و گوتی: ئەو ڕۆژە چیرۆکێکی جەنابتم خوێندەوە ڕووداوێکی زۆرسەیری لەژیانی خۆمدا وەبییر هێنامەوە..
گوتم: چی بوو؟

گوتی: مامۆستا! زستانی ساڵی 96 بوو، گرانی و نەبوونییەکە گەیشتبوە لوتکەی، ئێمەش شەش سەر خێزان بووین، لەبەرەی دوو ژن، باوکیشم وەفاتی کردبوو، من کوڕی گەورەی ماڵ بووم لە ناوەندیدا بووم! ئێوارەیەکیان ڕۆیشتمەوە، لەماڵەوە هیچمان نەبوو، نەوتمان نەبوو، کارەبا نەبوو، ئاردمان نەبوو، نانیشمان نەمابوو!! دووکانی خزمێکیشمان هەبوو شتمان لەلا بەقەرز دەهێنا، نزیکەی 40 دینارێکی ئەو سەردەمەش قەرزار بووین..
گوتم: دایە چی بکەین؟ هیچمان هەیە بیخۆین؟ گوتی: کوڕم! وەك نان و زەخیرە هیچمان نییە، بەڵام هەندێ مرەبای هەنجیر و ترشیاتمان ماوە، مەگەر ئەوە بخۆین!! خەڵکی ترشیات بەسەر شتی چەورا دەخوات بۆ ئەوەی هەزمی بکات!! هەرچۆنێ بوو مرەباکەمان خوارد و ترشیاتیشمان کرد بەسەردا، و دایکم گوتی: بۆ بەیانی هیچمان نییە!! بەڵام دڵنیابن خوا پەکمان ناخات، ئیترکارەباش نەبوو هەموو خەوتین..
بەیانی کەهەستاین چاوەڕوانی نانم نەدەکرد چونکە زانیم کەنانمان نییە، دایکم سەری لەکولانەی مریشکە کە دا، زۆر بەخۆشی و شادییەوە گەڕایەوەو گوتی: مژدەم بدەنێ مریشکە سوورمان دوو هێلکەی کردووە!! زۆر بەوە دڵخۆش بووین، چونکە ئەوە یەکەم جار بوو ئەو مریشکە دوو هێلکە بکات.. دوو هێلکەمان کولاند و ماڵێکی پێنجوێنی دراوسێمان هەبوو, ئێمە تەلەفونمان هەبوو خەتێکمان دابوونێ بەبێ بەرامبەر، مەبەستم ئەوەیە پەیوەندی لەنێوانماندا هەبوو ..
بەڵێ، دایکم ڕۆیشتبوو بۆماڵیان و وەزعەکەی بۆباس کردبوون، ئەوانیش گوتبوویان: وەڵلاە ئاردمان نییە، بەڵام چەند نانێکمان هەیە، دانەیەکیان بۆ ئێوە، تەنیا نانێکیان دابووێ.. ئیتر هاتەوەو بەهێلکەی کولاوەوە خواردمان.. خوا پاداشتیان بداتەوە..
من ڕۆیشتم بۆ مەعهەد برادەرێکی ناسراوم هەبوو ناوی کەمال بوو، قاورمەی دەخوارد بانگی کردم، منیش ڕۆیشتم بۆلای و پاش چۆن و چاکی گوتی: قاورمەیەك بخۆ.. گوتم: سوپاست دەکەم ناخۆم.. برسیم نییە!! خواهەڵناگرێ زۆر بەگەرمی خوڵکی کردم و بەزۆر دەرخواردی دام.. خوا

..پاداشتی بداتەوە
نیوەڕۆ ڕۆیشتمەوە بۆ ماڵ برسیم بوو، دەشمزانی هیچمان نیە، چونکە تەنیا سەرچاوەی ژیانمان معاشی خانەنشی باوکم بوو، ئەویش زۆر زەحمەت بوو.. دەبوا بەسێ چوار مانگ !!جارێك بڕۆین بۆ کەرکوك لەوێ وەری بگرین
دایکم گوتی: کوڕم ! بابڕۆینە دەرەوە، نابێ هەروا دابنیشین، خوا رازیقە بەڵام ئەحێکی دەوێ! پێشینان فەرموویانە: لەتۆ حەرەکەت و لەخوا بەرەکەت، بەڵکو لەو خزمانە هەندێ پارە !!قەرزبکەین و کەمێ ئاردی پێ بکڕین
دکتۆری برادەرم گوتی: مامۆستا! ئەوکاتە ئێمە ماڵمان لەگەڕەکی مەجید بەگ بوو، گەیشتینە لای مزگەوتەکەی وەرازی،و پوورە شەمسەمان بینی، ئەم فریشتەی رەحمەتە پووری باوکم بوو، پیرەژنێکی بۆخوا سوڵحاوبوو، نەیدەتوانی زۆر باش بەڕێدا بڕوات.. کەچاوی بەئێمە کەوت بانگی کردین، ئێمەش وا خۆمان پێشان دا وەك ئەوەی نەمان بینیبێت، گوتی:

بەخوا باش بوو لێرەدا پێتان گەیشتم!! من ئێستا بۆماڵ ئێوە دەهاتم!! گوتمان: یاخودا بەخێر بێیت!! دەی تۆ بەم وەزعەوە !بۆ زەحمەتت کێشاوە؟
گوتی: ئەوە سەلامی کوڕم ! سەد دیناری کردووە بەخێر و دای !!بەمن بۆتان بێنم، لەگەڵ ئەو کیلۆ گۆشتەدا
ئای لەوخۆشییە کەوتە دڵ و دەروونی ئێمەوە!! ئای لەو هەموو دوعا خێرەی کە لەناخی دڵمانەوە دەهاتە دەر بۆ پوورە شەمسەو سەلامی کوڕی!! ئێستاش دەڵێم: یارەببی خوایان لێ رازی بێت و پاداشتیان بە بەهەشتی بەرین بداتەوە..
هەر لەوناوەدا خزمێکی دووکاندارمان هەبوو بەقەرز شتمان لادەهێنا، سوعبەت چی و قسە خۆش بوو! دایکم گوتی کوڕم! بابڕۆین بۆلای ئەو هەندێ قەرزی بدەینەوەو هەندێ شتیش !!بکڕین
**که ڕۆیشتین بۆلای هەر لە دوورەوە بەرۆی خۆش و !!دەم بەبزەوە گوتی: قەرز و مەرز نییە**
**دایکیشم گوتی: خەمت نەبێ قەرزمان بۆ هێناویتەوە!! دەفتەرەکەت دەرکە.. کەسەیری کرد 40 دینار قەرزار بووین، دایکیشم 40 دینارەکەی دایەوەو گوتی: ماڵت ئاوابێ!! ئەویش زۆری پێ خۆش بوو، زۆریشی پێ سەیر بوو!! دایکیشم گوتی: هەر ئێستا پوورە شەمسە بۆی هێناین سەلامی کوڕی خێری کردبوو خوا لێیان قبووڵ بکات!! خوا هەڵناگرێ ئەویش هەندێ دوعای خێری بۆ کردن، و دە دیناریشی داینەوە گوتی: منیش خێرم کردووە.. خوا ..پاداشتی ئەویش بداتەوە**
**مامۆستا گیان! بەو باقیەکەی تریشی ئارد و فاسۆلیاو برنج و پێویستی ماڵمان پێ کری و دبەیەکی پچووکی نەوتیشمان کری و هاتینەوە بۆماڵ.. ماڵمان گەرمکرد، و ماڵمان پڕ بوو لەخۆشی و شادی.. خوا پاداشتی خێرەو مەندان و پیاوچاکان ..بەخۆشی هەمیشەیی بەهەشت بداتەوە**

# # #

**منیش گوتم: دکتۆرگیان!** سوپاس بۆ خوا ئێوه هەمووتان پێگەیشتن و ئەوەتە تۆ مامۆستای زانکۆیت، و خوشک وبراکانی تریشت سوپاس بۆخوا دامەزراون، وەک ئەوەی کە هەر نەبووبێ، نەهەژای بۆ هەمیشە دەبێ و نە دەوڵەمەندیش.. چاکە کردنیش هەلە هەموو کاتێک ئەو هەلە رێ ناکەوێت، ئەگەر مرۆف خوا بۆی بکات بتوانێ ئەو هەلانە بقۆزێتەوەو پیاوەتی و چاکەی تیا بکات، ئەوە براوەیە بۆ دنیاو قیامەتی، ئەگەر نەیشی توانی لەو هەلەدا چاکەی تیا بکات ئیتر هەر دەبێ تاماوە پەنجەی پەشیمانی بگەزێت.. **بۆیە مرۆڤ بە قۆناغی هەژاریدا تێپەڕێ باشە، چونکە دەزانێ هەژاری و نەداری چەند سەختە و ئەوەش کەلای لێ دەکاتەوە ویارمەتی دەدات چەند خۆشی دەخاتە دڵیەوە؟!..**

**بۆیە پێغەمەری پێشەوامان صلی الله علیه وسلم دەفەرموێ:" باشترین جۆری کردەوە لای خودا دڵخۆشکردنی ئیمانداریکە، قەرزێکی بۆ دەدەیتەوە،**

**پێویستییەکی لەناو دەبەیت، دەروویەکی لێ دەکەیتەوە.." بەیهەقی لە شوعەبول ئیماندا ریوایەتی کردووە.**

**هەروەها لەفەرموودەیەکی دروستدا فەرموویەتی: خۆشەویسترین کەس لای خودا بەسوود ترینیانە بۆ خەڵکی، و خۆشەویست ترین کردەوەش لای خودا، دڵخۆشکردنی موسوڵمانێکە، یا دەرولیکردنەوەیەتی، یا قەرزبۆدانەوەیەکیەتی، یا نەهێشتنی برسییەتییەکیەتی ....."**

**خوا یارمەتیدەرمان بێت بۆ ئەوەی خۆمان لێ نەگۆڕێ،و بوغراو یاخی نەبین، و هەمیشە خوا بەچاودێری خۆمان بزانین، و دەرس لەو نەداری وهەژاریی و نەهامەتییەی ساڵەکانی نەوەد وەر بگرین، و لەخوای باڵادەست بپارێینەوە کە ژییری بە بەرپرسانی باڵا ببەخشێ، تاقەیرانی هەرێم جارێکی تر میللەتەکەمان تووشی هەژاری ونەداریی ساڵانی نەوەدەکان نەکاتەوە..**

شەوی: ١٣-١٤/٠٩/٢٠١٥ لەسەر فەیسبووک بڵاو کرایەوە

# # #

# (١٤)

# دایکم جێی شانازیمانە

وەرگێڕانی

**د.حسن پێنجوێنی**

**لەراستیدا دایکم جێی شانازییە بۆ ئێمە!:**

پیاوێکی لاو لە رووداوێکی ترومبێلدا تیادەچێت وژنێکی لاو،و پێنج کور و سێ کچ لەدوای خۆی بەجێ دێڵێت، هەرەگەورەکەیان هێشتا لەقۆناغی سەرەتاییدا دەبێت!! حاڵی ماددیان تا بڵێیت خراپ دەبێت، لەدێیەکی دوورلەئاوەدانیدا دەژین، هیچ کەرەسەیەکی هاتوچۆیان نابێت، ئەو تەقاعودییەی ئەم ژنە بۆ منداڵەکانی خەرج دەکرد ئەندازەیەکی زۆر کەم دەبێت..

ئافرەتەکە تابڵێیت هیممەت بەرز دەبێت، لەتەك یەکێك لەمنداڵەکانیا بەپێ دەرۆیشت بۆ شار تاپێویستییەکانی خێزانەکەیان بێنێت، خەڵکێکی زۆر داوای دەکەن، بەلام نایەویت شووبکات، و فەرموودەکەی پێغەممەر صلی الله علیه وسلم لەبەردەم خۆیا دادەنێت کەدەفەرموێ:" انا وکافل الیتیم کهاتین " من و بەخێو کەری هەتیو وەك ئەو دوو پەنجەیە پێکەوەین لە بەهەشتا!!

ئافرەتەکە بەئافرەتێکی داوێن پاکی پارێزکار و روو لەخوا دەناسرێت، منداڵەکانی بە پەروەردەیەکی ئاینی جوان بەرهەم دەهێنێت، هەموو ناخۆشییەکی ژیانیان بەهۆی ئەو باسی پاشە رۆژ و مژدەی بەهەشتەوە لەبیر دەباتەوە، وبەتایبەت ئەوەی خوا بۆ ئارامگرانی ئامادەکردووە. بۆیە خۆی بەتەواوی ئارامی گرتبوو، و ئەوانیشی لەسەر ئەو ئارامییە

راهێنابوو..
ئێستا مایك دەدەینە دەست کوڕی چوارەمی ئەم دایکە تا لەبارەی خۆیان و دایکیانەوە بۆمان بدوێت:
بەڵێ، من شانازی بەودایکەمەوە دەکەم، لەراستیشدا دایکم هەر جێی شانازییە بۆ ئێمە، یەکێك لەوانەی ژیانی دایکم و خۆ گری و ئارامی و هیممەت بەرزی ئەوی بیستبوو پێی گوتم: سوێند بەخوای بێ هاوتا ئەگەر ئەوە دایکی من بوایە لەجیاتی ناوی باوکم ناوی دایکم دادەنا، بۆشانازیکردن پێیەوە!!
وەڵلاهی ئەم دایکەمان هەم دایك بوو هەم باوك بوو بۆمان، هەموو ئیش و کارێکی ناوماڵ خۆی دەیکرد، لە گسکدان و چێشت لێنان و قاپ شوردن و جلشۆردن و سۆزی دایکایەتی، لەگەڵ ئەو هەموو زبری و ئاگرژی ژیانەدا کە ئێمەی تیابووین!!
هەموو پێویستییەکی ئێمەی لەبازاڕ دەکڕی و بەپێیش دەرۆیشت چونکە ئەوسەردەمە کەرەسەی هاتوچۆمان نەبوو، زۆر ماندوو دەبوو، لەگەڵ ئەوەدا هەموو ئیش وکارێکی ماڵەوەیشی ئەنجام دەدا!! دایکم دەرسی دادەداین، پەروەردەی دەکردین، هەم مامۆستاو هەم پەروەرشکارمانبوو، بەڵکو جێگەی هەموو خزم و کەس وکاری بۆ گرتبووینەوە پاش ئەوە کە بەشی زۆریان وازیان لێهێناین، تەنانەت مامەکەشمان کە تەنیا برایەکی دایکوباوکی باوکم بوو، بەبیانووی ئەوەی داوای دایکمی کردووەو شووی پێنەکردووە نەسەری دەداین و نەلێی دەپرسین!!
بەلام خوای بالادەست و کەسی بێکەسان ماندووبوونی دایکمانی بەرزنرخاند، و ئێمەی گەورەکرد و پێی گەیاندین، و خوا وەزیفەو جێ وڕێی باشی پێ بەخشین، هەمووومان گواستمانەوە بۆ(ریاز)ی پایتەخت، و ئێستا لەوێ دەژین.. نامەوێ زۆر سەرتان بیەشێنم، باوەڕتان هەبێ ئەگەر هەزار لاپەڕەش لەبارەی دایکمەوە بنووسم هێشتا هەر کەمە.. کە چەند زەحمەتی لەتەك ئێمەدا کێشاوە خوا پاداشتی خێری بداتەوە..
بەلاَم تەنیا چیرۆکێکیتان بۆ باس دەکەم کەچەند ئارام و خۆ ڕاگربوو کاتێ پچوکترین کوڕی، کوڕی پێنجەمی کە سێ ساڵ لەمن منداڵ تربوو وەفاتی کرد، ئەو برایەم تەمەنی گەیشتبوە 22 ساڵ، بەشێوەیەکی زۆر ناسۆر و ئازاراوی بەرووداوی ترومبێل وەفاتی کرد..

**ئەم برایەم چۆن وەفاتی کرد؟**

لەسەرەتاوە نەمانزانی چی بەسەرهاتووە؟ چونکە ماوەیەك دیار نەبوو،

چەند ڕۆژێك بێ سەرو شوێن بوو، هەرشوێنێ جێی گومان بووبێ سەرمان دا،و بەدوایا زۆر گەڕاین نەبوو، ناچار پۆلیسمان ئاگادار کردەوە، دایکم هەر دەم بەدوعاو پاڕانەوە بوو، و ڕۆژێکیان کە من لەسەر کار گەڕامەوە، دیتم برایەکی ترم لەبەر دەرگا وەستاوە، و چاوەڕوانی من دەکات.. ترس و شڵەژاوی پێوە دیار بوو، لێم پرسی بۆچ وا شپرزەی؟ گوتی: لەبنکەی پۆلیسی خەریس(خریص)ەوە تەلەفونێکم بۆکراو دەڵێ: گورج لەم بنکەیە ئامادەبن!! منیش گورج هەڵم گرت، و پێکەوە ڕۆیشتین بۆ ئەو بنکەیەی پۆلیس، کە بەو تیژییەی لێشمان دەخوڕی بەدووسەعات ئینجا گەیشتین..
کاتێ گەیشتینە بنکەکە دیمان ترومبێلی براکەمان بەساق وسەلیمی لەوێ راوەستاوە، تەنیا رووشانێکیشی پێوە نەبوو، ئیتر ئێمەش دڵمان خۆش بوو دەستمان بە پێکەنین کرد وسەرزەنشتی خۆمانمان کرد کەبۆچ نەشەمەی خراپمان لێداوە؟! گوتمان: بێگومان سەرپێچییەکی یاسای هاتوچۆی کردووەو گرتوویانە، بەلام کاتێ ڕۆیشتینە لای ئەفسەرەکە هەواڵێکی پێداین لەبروسکە کاریگەرتربوو!!هەواڵی پێداین کە براکەمان ترومبێلەکەی لەم بەر جادەکەوە وەستاندووەو خۆیشی بەپێ ڕۆیشتووە بۆ ئەو بەر جادەکە، ئیترنازانین بۆچ؟ لەکاتی گەڕانەوەیا ترومێلێکی بارهەڵگری گەورە لێیداوەو پلیشاندوویەتیەوە!! ئیتر لەویا ئێمە دەستمان بە گریان کرد، بەلام پیاوانی ئاسایش دڵخۆشی زۆریان داینەوە، و بەوهۆیەوە توانیمان خەمو داخمان کەمێ دیزەبەدەرخۆنە بکەین، ئەوراقەکانیان بۆ تەواو کردین و هەواڵیان داینێ کە تەرمەکەی لە

نەخۆشخانەی مەلیك فەهدە لە شاری (ئیحساء)دا.

ئێمەش هاتینەوە بۆماڵ و گوتمان: ئێستا چی بەدایکمان بڵێین؟ و چۆن ئەم هەواڵەی بدەینێ؟! هەر وەك پێشتر باسم کرد دایکم ئەم برایەشمانی زۆر خۆش دەویست، لەگەڵ براکەی ترما بڕیارماندا پێش ئەوەی هەواڵەکە بەدایکم بدەین، بڕۆین پوورم ئاگادار بکەین، ئەگەر دایکم زۆر نارەحەت بوو، یا لەهۆش خۆی چوو بائەو ئاگای لێي بێ!!

هەروامان کرد و رۆیشتین پورمان لەگەل خۆماندا هێنا، و لەناو ترومبێلەکەدا ئاگادارمان کردەوە، دەستی بە شین و خۆکوتان کرد، ئێمەش تکامان لێ کرد کە لەسەرخۆبێ، و خۆی بگرێ بادایکیشم نارەحەت نەبێ.. ناچارمان کرد فرمێسکەکانی بشارێتەوەو لەبەر چاو دایکما پەرێشان بوون پیشان نەدات، چونکە ئەو زۆر نارەحەت دەبێت.. قەناعەتی کرد..

لەبەر ئەوەی کەزۆر دەترسام دایکم تووشی پەرێشانی ببێت، و نەشم دەویست ئەو دیمەنە ببینم، پوورم لە قەمەرەکە دابەزاند، و رۆیشتم بۆلای کوڕەکەی پوورم، ئەو لەماڵەوە بوو!! پاش چەند دەقیقەیەك میردەکەی پوورم هاتەوە، منیش کە ئەگریام بەدەم گریانەکەوە هەواڵی دایکمم لێ پرسی و گوتم: کەدایکم ئەو هەواڵەی پێگەیشت وەزعی چۆن بوو؟ چی بەسەر هات؟

ئەویش گوتی: دایکت لەناوماندا لەهەمووومان ئارامتر و خۆراگرتربوو!! ئەو خوای بییر دەخستینەوە. ئەی پیاو! ئەو لەتۆ زۆر ورە بەرزتر و خۆگرتربوو!! بڕوام نەدەکرد بۆیە رۆیشتم بۆ لای ترومبێلەکە قاپییەکەم کردەوەو رووم کردە دایکم و گوتم: دایەگیان! چۆنیت؟ حاڵت باشە؟! ئەویش دەم بە بزە، وەك ئیمانداریکی کامڵ و رازی بەقەزاو قەدەری خوا گوتی: کوڕم! تا ئێستا عەلی ئەمانەتی خوابوو لەلامان، ئێستاش خوا ئەمانەتەکەی خۆی بردۆتەوە!! ئەو یەقینەی بەخودا ئەوەند پتەو بوو هەموو بەڵاو نەهامەتییەکی لا ئاسان کردبوو!! بەردەوام ئەو خوای بییر دەخستمەوەو دەیگوت: کوڕم! ئەگەر کەسێك ئەمانەتێکی لەلابێ و خاوەنەکەی بێت بیباتەوە هیچ نارەحەت دەبێت؟! نەمبینی نارەحەتییەك بنوێنێ، ئەو ئامۆژگاری ئێمەی دەکرد و هێوری دەکردینەوە، و سوپاسگوزاری خوا بوو، دەیگوت: کوڕم! بەس نییە لەسەر خراپەو لە فەرمانشکێنی خوادا نەمردووە.. کوڕم! موسیبەت ئەوەیە کە ئینسان لەگوناهدا بمرێت!! سوپاس بۆخوا کە بەندەیەکی ساڵح و فەرمانبەرداری خوابوو، ئێستا رووی هەیە بگەڕێتەوە بارەگای دادی پەروەردگاری..

گوتم: دایەگیان! عەلی پلیشاوەتەوە، و بووە بەژێر ترۆلییەکی بارهەڵگری گەورەوە، من ناتوانم وابزانم کە مردووە، ئێستا ئێوە چۆن دەتانەوێ ببینم، کە پارچە پارچە بووبێت؟! گوتی: کوڕم! مەترسە من لەتەنیشتەوەم..

کە ئەو هەڵوێستە شێرانەم لێ بینی، خۆم شەرمم لەخوا دەکرد، شەرمم لەخۆم دەکرد، فرمێسکەکانی چاوم سڕی و لەدڵی خۆمدا گوتم: تۆ بڵێیت دایکم خۆی وا پیشان بدات و وانەبێ؟! باشە ئەگەر رۆیشتینە خەستەخانەو لەناو یەخچاڵەکەدا لاشەی ئەنجن ئەنجن کراوی کوڕەکەی بینی دەبێت چ بکات؟

چووین بۆ خەستەخانەو رۆیشتینە لای یەخچاڵی مردووەکان، و مامم و خالیشم لەتەکماندابون، هەموو پێکەوە رۆیشتینەلای جوستەکە و تەرمەکەیان دەرهێناو خستیانە سەر زەوییەکەو کرێکارەکە گوتی: بیکەنەوەو سەیری بکەن بۆ ئەوەی لێی دڵنیا بن.. وەڵڵاهی کەسێکمان لەم چوار پیاوە نەیتوانی لێی نزیك ببێتەوە بۆ ئەوەی بیکاتەوە..

دایکم دەم بەزیکر و یادی خواوە رۆیشتە پێشەوە بۆ ئەوەی بیکاتەوە، وبراکەیشی واتە خاڵم پێی گوت: بۆ کوێ دەچیت؟ ناتوانی ئەودیمەنە ببینیت! بەلاَم هیچ وەلامی خاڵمی نەدایەوەو بێ باکانە دەم بەیادی خواوە رۆیشتە پێشەوەو کفنەکەی کردەوەو چی بەسەرەوەبوو بەراست و چەپا لای برد، و لەخوا دەپاڕایەوەو داوای رەحمەتی بۆ دەکرد.. ئێمە هەموو لەترسا رۆیشتبووینە دواوە، تەنانەت کرێکارەکە پرسیاری کرد: ئەو ئافرەتە چی مردووەکەیە؟ گوتمان: دایکییەتی، بڕوای نەدەکرد!! ئینجا دایکم ناوچاوی عەلی برامی ماچ کرد و سەری داپۆشیەوەو

داوای ڕەحمەت و لێخۆشبون و پاداشتی گەورەی بۆدەکرد، وبەدڵ لەخوا دەپاڕایەوە بۆی.. هەردەیگوت: " إ إِنَّا للهِ وَإِنَّـا إِلَيْهِ رَاجِعونَ " و ڕازیم بەقەزات پەروەردگار!!

بەڕاستی دایکی وا جێی فەخر و شانازییە، و شیاوی ئەوەن پێڵاویان لەسەر چاو دابنرێت.. ئەوانە مەگەر ئەو پاداشتە خواییە قەرەبوویان بۆ بکاتەوە کە لەبارەی وێنەی ئەوانەوە دەفەرموێ:

" وَلَنَبْلُوَنَّكُمْ بِشَيْءٍ مِّنَ الْخَوفِ وَالْجُوعِ وَنَقْصٍ مِّنَ الأَمَوَالِ وَالأنفُسِ وَالثَّمَرَاتِ وَبَشِّرِ الصَّابِرِينَ الَّذِينَ إِذَا أَصَابَتْهُم مُّصِيبَةٌ قَالُواْ إِنَّا للهِ وَإِنَّـا إِلَيْهِ رَاجِعونَ "، أُولَئِكَ عَلَيْهِمْ صَلَوَاتٌ مِنْ رَبِّهِمْ وَرَحْمَةٌ، وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُهْتَدُونَ" البقرة/ ١٥٧.

واتە: بێگومان تاوبەتاو بە ئەندازێك لە ترس و برسیەتی و کەمکردنەوەو لەناوچوونی ماڵ وزیانی گیانیی و تیاچوونی بەروو بوومەکانتان؛ تاقیتان دەکەینەوە! دەسا تۆش مژدە بەئارام وخۆڕاگرەکان بدە.. ئەوانەی کە تووشی هەر بەڵاو نەهامەتییەك دەبن خێرا دەڵێن: ئێمە لەدنیادا هەرهی خواین و، لەقیامەتیشدا هەر بۆلای ئەو دەچینەوە .. ئەوانە دەکەونە بەر درووددو ڕەحمەتی پەروەردگاری خۆیان وشارەزاو ڕێنوێنکراو هەرئەوانن.

لەرۆژی 01/06/2013 دا لەسەر سایتەکەوفەیسبووك بلاوکرایەوە.

# # #

# (١٥)

# ئەگەر بووم بەپاشا چیت بۆ بکەم؟

وەرگێڕان و پێشەکی بۆ نووسینی

**د.حسن پێنجوێنی**

## پێشەکی:

لەم رۆژانەدا بابەتێکم خوێندەوە کە لەساڵەکانی هەفتادا بۆیان گێڕابوومەوە، بەڵام ئەو کاتە وام دەزانی ئەوە زادەی خەیاڵی مامۆستایانی پەروەردەیە تا قوتابییەکانیان لەسەر گەشبینی پەروەردە بکەن، و فێریان بکەن کاتێ داوایان کرد داوای شتێکی باش بکەن، و ئەگەر قسەیان کرد قسەی ماقووڵ بکەن.. منیش هاتم دەستم بەلێکۆڵینەوەکرد لەسەری، دیتم قارەمانی باسەکە لەکتێبە ناودارەکانی مێژووی ئەندەلوسدا هاتووەو شێخی زەهەبی لەکتێبی (أعلام النبلاء) دا باسی دەکات، و لەوە دڵنیا بووم کە ئەمە حەقیقەتێکە، دەکەوێتە بەر ئەو دەستەواژە قورئانییەوە کە دەفەرموێت: "قُلِ اللَّهُمَّ مَالِكَ الْمُلْكِ تُؤْتِي الْمُلْكَ مَنْ تَشَاءُ وَتَنْزِعُ الْمُلْكَ مِمَّنْ تَشَاءُ وَتُعِزُّ مَنْ تَشَاءُ وَتُذِلُّ مَنْ تَشَاءُ بِيَدِكَ الْخَيْرُ إِنَّكَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرُ" آل عمران/26.

ئێستا کەوابوو فەرموون باپێکەوە لەناو جەرگەی مێژووەوە ئەم دەرسە بخوێنینەوە:

حەسەن پێنجوێنی

## ئەگەر بووم بەپاشا چیت بۆ بکەم؟

مێژوونووسان بۆمان دەگێڕنەوە کە تان و پۆی ئەم چیرۆکە لە ولاتی ئەندەلوس رووی داوە..

سێ لاوی لێهاتوو ئیشی کۆلکێشی دەکەن، هەریەکەیان گوێدرێژێك و گالیسکەیەکی پێیە و بەو جۆرە شتوومەك بۆ خەلکی دەگوێزنەوە..

شەوێك پاش ماندوو بوونی رۆژ و کۆلکێشی ئەو رۆژە لە مەنزلەکەی خۆیانا پاش نانخواردنی شەو دادەنیشن و دەمەتەقێ دەکەن و سوعبەت و قسەی خۆش دەکەنە شەوچەرەی دانیشتنەکەیان.. ناکاو یەکێك لەو سێ لاوە روو لە هاوەلەکانی دەکات و پێیان دەلێ:

وادابنێن من خەلیفەم.. و ئێوە هاتوون بۆلام و داواکاریتان هەیە، و منیش پێتان دەلێم: داواکانتان بلێن.

ئەمەیان کەئەم تەمووحەی هەیە ناوي موحەممەد دەبێ، و ئەوانیش پێی دەلێن: برام! شتی وا مەحالّ و ناموومکینە.. ئەویش پێیان دەلێ: مەرج نییە لەواقیعدا ببم، بەلام وا دابنێن من بووم بە خەلیفە و ئێوەش هاتوون بۆلام..

یەکێکیان پێی دەلێت: کاکە! تۆ بۆ کۆلکێشی دەشێیت نەبۆ خەلیفەییەتی.. کاری خەلیفە زۆر لەکاری کۆلکێشی جیاوازە!!

محمدیش دەلێ: برا! من پێم گوتن: بەفەرزی مەحالّ وادابنێن من خەلیفەم.. و لەسەر تەختی پاشایی دانیشتووم و پێت دەلێم: داخوازی خۆت بلێ.. بزانم چیت دەوێ؟

ئەویش دەلێ: جەنابی خەلیفە! ئێمە کاتی خۆی برادەرو هاوەلّ بووین و پێکەوە کۆلکێشیمان دەکرد، و خوا تۆی گەیاندە ئەو پلەو پایەیەو منیش هەر لەو شوێنەی خۆما مامەوە، ئێستاش هاتووم بۆلای جەنابت تا باخێکی رازاوەم پێ ببەخشی..

دەلێ: چی ترت دەوێ داوابکە.. دەلێ: قوربان! رەوگێك ئەسپ و ماین!! دەلێ: داوا بکە .. چی تر؟! دەلێ: قوربان!سەد کەنیزەك.. دەلێ: چی تر؟! دەلێ: قوربان! سەد هەزار دیناری زێڕیش.. دەلێ: چی تر؟! دەلێ: قوربان! جەنابی خەلیفە! ئیتر بەسە...

ئەوا هاوەلەکەیان {موحەممەدی کوری عامیر} لە لووتکەی خەیلدایە، و وادەزانێ لەسەر تەختی خەلیفە دانیشتووە، چاوی لەخۆیەتی کە ئەم بەخششانەی پێ دەبەخشێ.. و هەست بە خۆشی و بەختەوەری دەکات کەدلّی ئەو هەژارەی خۆش کردەووە کە کاتێ خۆی پێکەوە هاوەلبوون لە کۆلکێشیدا.. و فەرمان بە کارگێر و کارمەندەکان دەکات.. داخوازییەکانی لەزووترین کاتا بۆ جێ بەجێ بکەن..

ئەوانیش دەلێن: فەرمانت بەجێیە، گەورەم!!

ئینجا روودەکاتە ئەوی تریان و پێی دەلێ: ئادەی بزانم تۆ چیت دەوێ؟

ئەویش دەلێ: کاکە ! تۆ کۆلکێشی، و حەمالیش ناشێت بۆ ئەوەی ببێ بەخەلیفە!! ئیتر بۆ دەمی خۆم بیەشێنم؟!

ئەویش دەلێ: کاکە! هەر بەفەرز وادابنێ من خەلیفەم بەخەیالّ! ئاواتەکانی خۆت بلێ..

ئەویش دەلێت: ئاسمان بدات لەزەوێ ئەوە ئاسانترە تا تۆ ببیتە

!!خەلیفە
محمدیش دەڵێ: کاکە تۆ واز لەوەیان بێنە.. ئاواتەکانی خۆت بڵێ..
ئەویش دەڵێ: کاك محمد! گوێ بگرە، ئەگەر بوویتە خەلیفە بە هەڵەو گەراوی سوار کەرێکم بکە، رووم لە کلکی بێت و پشتم لە سەری بێت، و منداڵان بخەرە شوێنم و بەکۆڵانەکانی ناو شارا بەوشێوەیە بم گێرن و هاوار بکەن: خەڵکینە! هەی خەڵکینە! ئەمە درۆزن و دەسبڕ و جەجاڵە! و ئەوەی لەتەکیا بدوێ یا

!!..بگەرێ خەلیفە زیندانی دەکات
# # #
ئەم وتووێژ و خەیاڵ پڵاوە کۆتایی هات و هەریەکە رۆیشتە سەر جێی خۆی و خەوتن .. و لەگەڵ گزنگی بەرەبەیاندا محمد هەستا و نوێژەکەی بەیانی کرد و دانیشت دەستی کردە بییر کردنەوە.. ئایا راستە ئەوەی کۆڵکێش بێ ناتوانێ ببێتە خەلیفە؟! زۆر بۆی داچوو. سەرەتا چ هەنگاوێك بنێ بۆ ئەوەی بەو ئاواتەی بگات؟! محمد گەیشتە قەناعەت کە دەبێ یەکەم هەنگاو دیاری بکات.. دەبێ یەکەم هەنگاو کەرەکەی بفرۆشێ، ..تا دەستی لەدەستی ئەم کارەی ببێتەوە
هەروای کرد بەیانی کە رۆیشتە بازار کەرەکەی فرۆشت.. و زۆر بە دڵنیاییەوە بەشوێن ئەو وەسیلانەدا دەگەرا کە بەرەو ئاواتەکەی دەیانبرد.. بۆیە بڕیاری دا زۆر چالاکانە لە هێزی ..پۆلیسی ناو شاردا کار بکات
دۆستان! خوێنەرانی بەرێز! سەرنج بدەن ئەم لاوە بۆگەیشتن !بەو مەبەستەی چ هەوڵێکی داوە؟
لەم کارە تازەیدا ئەوەند چالاکانەو دڵسۆزانە کاری دەکرد هەموو هاوکار و سەرۆکەکانی خۆشیان دەویست.. بۆیە زۆر خێرا پلەوپایەی بەرز بووەوە، تا گەیشتە پلەس سەرۆك پۆلیسی ..هەموو دەوڵەتی ئەندەلوس
لەوکاتەدا ئەم بووبە سەرۆك پۆلیسی وڵات خەلیفەی ئەمەوی دەمرێت و هیشامی موئەییەد بیللای کوری کەتەمەن دە ساڵان ..بوو دەبێتە خەلیفە
ئایا دەکرێ منداڵێکی دەساڵان ببێتە خەلیفە؟! وئایا دەتوانێ کارو باری باری وڵات بەرێوە ببات؟! هەموو ئەشراف و پیاوماقوڵان کۆبوونەوە کە وەسییەکی بۆ دابنێن.. بەڵام نابێ ئەم وەسییەش لە ئەمەوییەکان بێت، چونکە ئەگەر یەکی لەوان ..بێت جێگەکەی لێ داگیردەکات
بڕیاریان دا ئەو وەسییە لەیەکێ لەم سێ کەسەدا هەڵبژێرن: 1- موحەممەدی کوری ئەبی عامر، 2- کوری ئەبو غالیب، 3- ..موسحەفی
موحەممەدی کوری ئەبی عامر زۆر نزیك بوو لەدایکی خەلیفەوە، بۆیە توانی متمانەی تەواوی ئەو بەدەست بێنێ، و توانێ موسحەفی لەو کۆرە دوور بخاتەوە و لە لیستی وەسیەتی لای بەرێ، لەم لایشەوە کچەکەی کوری ئەبو غالبی بۆ کورەکەی خۆی هێنا، ئیتر پاش ئەوە خۆی تەنیا کەسێك بوو ببێتە وەسی، ئینجا کۆمەڵێ بڕیاری دەرکرد، یەکێ لەوانە ئەم بڕیارەی بوو کە خەلیفە بەبێ پرسی ئەم نابێ بڕواتە دەرەوە، و بڕیاری دا کارو باری حوکم بگوێزێتەوە بۆ کۆشکەکەی خۆی، و سوپای باشی رێکخست بۆ فراوانکردنی سنووری

دەوڵەتەکەی، سەرکەوتنێکی زۆری لەو جەنگانەدا بەدەست هێنا، شار وناوچەیەکی زۆری گرت، وسنووری وڵاتی ئەمەوییەکانی فراوانتر کرد، کۆمەڵە سەرکەوتنێکی بەدەستهێنا !!کە خەلیفەکانی ئەمەوی لە ئەندەلوسدا بەدەستیان نەهێنابوو
تەنانەت هەندێ مێژوو نووسان ئەو ماوەیە بەدابڕین دادەنێن ..لەدەوڵەتی ئەمەوی و بەدەوڵەتی عامیرییە ناوی دەبەن
بەڵێ بەمجۆرە ئەو موحەممەدی کوڕی ئەبی عامرەی کە کۆڵکێشی دەکرد بە پشت بەستنی بەخوا و پاشان هەوڵدانی

بێ وچانی خۆی و بەگەڕخستنی تواناشاراوەکانی بەهیواو .مەبەست و ئامانجەکانی بگات

# # #

چیرۆکەکە هێشتا ماویەتی و تەواو نەبووە.. رۆژێك لەرۆژان پاش ئەوەي کە 30 سیی ساڵ بە سەر فرۆشتنی کەرەکەیدا تێدەپەڕێت و ئەو لاوە دەچێتە سەر تەختی پاشایی و لەئەندەلوسا دەبێتە خەلیفە..و زانایان و شەرعناسان و فەرمانرەوایان بەدەوریا کۆ بووبوونەوە.. ئالەویادا بیری دوو هاوەڵە کۆڵکێشەکەی دەکەوێتەوە.. بانگی پاسەوانەکەی دەکات بڕۆ دوو سەرباز بنێرە بۆ فلان شوێن، لە فلان گەڕەکدا، دوو ..پیاوی ئاوەهاو ئاوهای لێیە.. با بیانهێنن بۆلام
!!ئەویش رێز بەجێ دێنێ و دەڵێت: فەرمانتە گەورەم
دوو سەرباز دەنێرێ بەدوایاندا و سەرباز دەڕۆنە ناوچەکە و پرسیار بە پرسیار دوو پیاوەکە دەدۆزنەوە هێشتا لەسەر هەمان حاڵی خۆیانن، و هەر لەوشوێنەشدان کە تیایا بوون.. هەمان جێگا.. هەمان هیممەت.. هەمان عەقلیەت.. سەربازەکان دەڵێن: جەنابی خەلیفە داواتان دەکات..
ئەوانیش دەڵێن: ئێمە گوناهێکمان نەکردووە، و تاوانێکمان نییە، ئیتر بۆچ داوامان دەکات؟
ئەوانیش دەڵێن: ئێمە فەرمانمان پێکراوە بتان بەین بۆ کۆشك.. ئێمە فەرمانبەرین.. فەرموون.. لەگەڵ خۆیانا دەیان بەن بۆکۆشك.. کە دەڕۆنە ژوورەوە زۆر بە سەرسامییەوە سەیری خەلیفە دەکەن.. دەبینن ئەمە هەر هەمان هاوەڵەکەی خۆیانە.. !!موحەممەدی کوڕی ئەبی عامر
خەلیفە پێیان دەڵێ: دەمناسنەوە؟! ئەوانیش لەوەڵامیا دەڵێن: بەڵێ جەنابی خەلیفە.. بەڵام ئێمە دەترسین جەنابت نەمان ..ناسێتەوە..!! ئەویش دەڵێ: نەء.. چاك دەتان ناسمەوە
ئینجا خەلیفە روو دەکاتە دەوروبەرەکەی و پێیان دەڵێت: من و ئەم دوو پیاوە سیی ساڵ لەمەو بەر هەرسێکمان کۆڵکێش بووین، و شەوێك پێکەوە هەرسێکمان دانیشتبووین، و شۆخیمان دەکرد و قسەی خۆشمان دەکرد، منیش پێم گوتن: ئەگەر من خەلیفە بم ئێوە ئاواتتان چییە بۆتان بێنمە دی؟ ئەوانیش ئاواتەکەی خۆیان باس کرد.. پاشان رووی کردە یەکێکیان و گوتی: فلان کەس تۆ چیت بەئاوات خواست؟
پیاوەکەش دەڵێ: باخێکی رازاوەم پێ ببەخشی.. خەلیفەش دەڵێ: ئەوا فلان باخم پێ بەخشیت.. چی ترت داواکرد؟ دەڵێ: قوربان! رەوگێك ئەسپ و ماین!! دەڵێ:ئەوەشم پێ بەخشیت.. دوای ئەوەچی تر؟ دەڵێ: قوربان!سەد کەنیزەك.. دەڵێ: ئەوا سەد کەنیزەکیشم پێ بەخشیت.. پاشان چی تر؟! دەڵێ: قوربان! سەد هەزار دیناری زێریش.. دەڵێ: ئەوەشم پێ

بەخشیت..!! چی تر؟ دەڵێ: قوربان! جەنابی خەلیفە! ئیتر بەسە... خەلیفە دەڵێ: ئەوا مانگانە معاشێکی دیاریکراویشم بۆ بڕیتەوە، بەبێ کارکردن. و هەرکاتیش ویستت بەبێ ئەوە ڕێت لێ بگیرێت وەرە بۆ سەردانم..
ئینجا ڕوو دەکات بەلای ئەوی تریانەوەو دەڵێ: تۆ ئاواتت چی بوو؟
ئەویش دەڵێت: جەنابی خەلیفە!! بم بەخشە.. ئەویش دەڵێ: نابێ بەخوا، تا بۆیان باس نەکەیت.. ئەویش دەڵێت: جەنابی

خەلیفە.! برادەری و هاوەڵی دێرینە بووین!! دەڵێ: هیچ قبووڵی ناکەم تاپێیان نەڵێیت؟
دەڵێ: گوتم: ئەگەر بوویتە خەلیفە بە هەڵەو گەڕاوی سوار کەرێکم بکە، ڕووم لە کلکی بێت و پشتم لەسەری بێت، و منالان بخەرە شوێنم و بەکۆلانەکانی ناو شارا بەوشێوەیە بم گێڕن و هاوار بکەن: خەڵکینە! هەی خەڵکینە! ئەمە درۆزن و دەسبڕ و جەجاڵە! و ئەوەی لەتەکیا بدوێ یا بگەڕێ خەلیفە زیندانی دەکات..!! خەلیفەش فەرمانی دا چی داوا کردبوو بۆی جێبەجێ بکەن، تا بزانێ خوا توانای بەسەر هەموو شتێکا هەیە " إِنَّ اللهَّ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ".. با ئەوکەسەی تەمەنای ..کرد تەمەنای شتێکی باش بکات

# # #

لە سییەر ئەعلامول نوبەلائی زەهەبی و بەشی زۆری کتێبە ..مێژووییەکانی ئەندەلوسدا ئەم ڕووداوە مێژووییە باسکراوە لەساڵی 366 کۆچی خەلیفە { الحكم ابن عبد الرحمن المستنصر بالله }ی ئەمەوی دەمرێ و پاش خۆی کوڕە گەورەکەی بەناوی{ هیشام موئەییەد بیللا }دەکرێت بە خەلیفە کە تەمەنی لە نێوان 10 و یانزە سالیدایە.. لەبەر ئەوە لیژنەیەکی بۆ دروست دەکەن بەناوی لیژنەی سەرپەرشتی{ وصاية } کە لە سێ کەس پێك دێت:{جعفر المصحفی } کە دیوانی شای بەدەستەوە دەبێت و{ محمد بن أبي عامر} سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەبێت و { غالب الناصري شيخ الموالي}ئەمیش فەرماندەی سوپاو ئەمینی شار دەبێت ...
http://www.penjweny.org/article/645

# # #

# (١٦)
# ئەوەی خەمەکەی
## خەمی پاشەرۆژ بێت

وەرگێڕان و پێشەکی بۆ نووسینی
**د.حسن پێنجوێنی**

**پێشەکی:**
روداوێکی سەیری زۆر کاریگەرم خوێندەوە کە بەعەرەبی نووسرابوو، رووداوەکەش لە وڵاتی حیجازدا رووی دابوو.. منیش پێم خۆش بوو بەکوردی پێشکەش بەئێوەی ئازیزی بکەم، بەداخەوە ناوی نووسەرەکەی پێوە نەبوو، لەگوکڵدا زۆر بۆی گەڕام لەچەند سایت و پەڕەیەکدا دیمەوە، بەڵام ئەوانیش لەدەم شاهیدەکەوە گێڕابوویانەوە،ونەمتوانی بەمەبەستەکەم بگەم.
رووداوەکە کتومت فەرموودەکەی پێغەمەر صلى الله عليه وسلم ی بەرجەستە دەکرد کە دەفەرموێ: "ئەوەی خەمەکەی خەمی پاشە رۆژ بێت خوا دەوڵەمەندی دەخاتە دڵیەوە، و کۆی دەکاتەوە{ واتە: شپرزە و پەرتەوازەی ناکات} ودنیا بەناچاری رووی تێدەکات، و ئەوەش خەمەکەی خەمی دنیا بێت خوا هەژارییەکەی دەخاتە نێو چاوانیەوە، و پەرت و بڵاوی دەکاتەوە،و دنیاشی دەست ناکەوێ جگە لەوەی کە خوا بۆی دیاری کردووە "[١].
نۆ ساڵ لەمەوبەر ئەم چیرۆکەم لە سایتەکەمدا بڵاو کردەوە، بەپێویستم زانی ئێستاش بڵاوی بکەمەوە، چونکە بەشێکی زۆر لە هاورێیانی فەیس بووک نەیان بینیوە، پێم خۆش بوو، بی بینن، لەلایەکی ترەوە وەزعی ئێستای کوردستان زۆر پێویستی بەم جۆرە چیرۆکانە هەیە، هیوادارم ئێوەی ئازیز کاتێکی خۆش لەتەکیا بەسەر بەرن، و لەم دۆخەی کوردستاندا بەکاری

بیێن، بەڵکو ورەی کەم ورەکان بەرز بکاتەوەو هیممەتی هیمەت دارانیش زۆرتر و پتەوتر بکات، هیوامان بەخودایەو ئەویش باشترین کۆمەک،و چاترین پشتیوانە.
د. حسن پێنجوێنی
پێرس - ئوسترالیا

# # #

شاهێدی رووداوەکە دەگێرێتەوەو دەڵێ:
لەرەمەزانی ساڵی 1428 وئەیلوولی 2007 هاوەڵەکەم رووی لێنام تا لەتەکیا برۆم بۆ دابەش کردنی زەکاتی ماڵەکەی، ئێمەش بە هێڵی لێوارەی دەریادا رۆیشتین چونکە دێهاتێکی هەژار لەو ناوچەیەدایە. هاوەڵەکەم زەکاتەکەی کردبووە ناو زەرفەوە هەر زەرفێك 5000 پێنج هەزار ریاڵی سعوودی ..تێکردبووە، واتە نزیکەی دووهەزار دۆلارێکی ئەمریکی
لەسەرهێڵی {جیددە- جیزان}لە ئاواییەك هاتینە دەر، و پیاوکی پیری بەهێزمان بینی، تەمەنی لەدەوری حەفتا ساڵێك یا زیاتردا دەبوو، بەسەر جادە قیرەکە - رێی گشتی – دا ..دەرۆیشت
هاوەڵەکەم گوتی: دەبێ ئەمە لەم کاتەدا، و لەم چۆڵەوانییەدا چیبکات؟ سایەقەکە گوتی: حەتمەن یەمەنییە، و بە قاچاخ هاتووە.. ئێمەش لەپەنایا وەستاین و سڵاومان لێکرد وگوتمان: برا! لەکوێوە؟
گوتی: لەیەمەنەوە.. گوتمان: بۆ کوێ دەچی؟ گوتی: ئارەزو مەندی ماڵی خوام. گوتمان: بەشێوەی رەسمی هاتویتە ناوەوە؟ گوتی: نەوەڵڵا .. بەقاچاخ هاتووم!! گوتمان: بۆچ بەشێوەی رەسمی نەهاتوویتە ناوەوە؟ گوتی: دەبوا 2000 ریاڵم بەبارمتە دا بنایە، ومنیش تەنیا دووسەد ریاڵم هەبوو !! بە سەد ریاڵیان !!.سوار بووم، وسەد ریاڵەکەش بۆ خەرجیم
هاوەلەکەم گوتی: باشە مامەگیان! چەند رۆژە تۆ بەپێ دەرۆیت؟ گوتی: شەش رۆژە.. گوتی: بەرۆژوویت یا !!شکاندووتە؟ گوتی: نەخێر.. بەرۆژووم
هاوەڵەکەم گوتی: باشە، تۆ پێنج بازگەت لەرێدایە، چۆن دەرچوویت؟ گوتی: بەوخوایەی جگە لەخۆی خوایەکی تر نییە، من بەبەردەمیانا دەرۆیشتم، و کەسێك پرسیاری لێ نەدەکردم..
هاوەڵەکەم گوتی: تۆ بۆ کارکردن هاتووی؟.. گوتی: نەبەخوا.. من تەنیا ئارەزوومەندی زیارەتی ماڵی خوا بووم، و هاتووم

.. بڕۆم بۆ مەککە، و عەمرەیەك بکەم
هاوەڵەکەم گوتی: تۆ بەم ڕێگا پان و پۆڕەدا دەڕۆیت چۆن گەشتی ئاسایش نەیان گرتوویت؟ گوتی: نیو سەعاتێ لەمەوبەر گەشتێکم تووش بوو، گرتمیان وپرسیاریان لێکردم بۆکوێ دەچیت؟ سوێندم بۆ خواردن تەنیا زیارەتی ماڵی خوام مەبەستە، ئیتر پەنجا کیلۆمەترێك هەڵیان گرتم، و نزیکیان !!..کردمەوەو لەم ناوچەیە بەرەڵایان کردم
منیش لەدڵی خۆمدا گوتم: خوا گەشتی ئاسایشت بۆ رام دەکات تا ئەو ماوەیە هەڵت بگرن و لەم شوێنەت نزیك بکەنەوە !!بۆ ئەوەی بەشی خۆت لەزەکاتی ئەم خێرومەندە وەربگریت
هاوەڵەکەم دوو زەرفی دایێ و گوتی: فەرموو ئەو دوو زەرفە بگرە، و ئەوەش زەکاتە.. پیاوەکە وەری گرت، و گوتی: خوا پاداشتان بداتەوە.. بەڵام ئەو نەیدەزانی هەر پاکەتێك چەندی تێدایە. منیش لێم پرسی تۆ پارەی سعوودی دەناسیت؟ گوتی: بەڵێ، گوتم: باشە، بێ زەحمەت بیکەرەوە، و پارەکە لەناو پشتێنەکەتا قایم بکە، تالێت نەکەوێت.. کابراش پاکەتەکانی هەڵپچڕی دیتی دەهەزار ریاڵی تێدایە!! سەیرێکی ئێمەی کرد ..و گوتی: ئەمە هەمووی بۆ من؟! گوتمان بەڵێ، بۆ تۆ
پیاوە بێهۆش بوو و لەناو ترومبێلەکەدا کەوت!! ئێمەش هەندێ

ئاومان لەدەموچاوی پرژاند، وهۆشی هاتەوە،و هاواری دەکردو دەیگوت: ئەمە هەمووی بۆ من؟! ئەم هەموو پارەیە بۆ من؟! و !!دانیشت ئەگریا، گریانەکەی بەردی دەتواندەوە
برادەرەکەم گوتی: با هەندێ بەرەو پێش تری ببەین، و لەتەك خۆمانا سواری بکەین، کە ماوەیەك سوار بوو پشوویەکی دا من پرسیارم لێکرد، و گوتم: مامەگیان! ئەم گریانە زۆرەت هۆی چییە؟
گوتی: کاکە گیان! من لە یەمەن ماڵێکم هەیە، و لەپەنای ماڵە کەیشدا پارچە زەوییەکم هەبوو، بەخشیم بەخواو من و منداڵەکانم بە قوڕ و بەرد دیواری مزگەوتەکەمان تەواو کرد، بەڵام فەرش و شتی سووکی مابوو، منیش لەگەڵ خیزانما دانیشتم و بیرم لەوە دەکردەوە چۆن فەرش ڕێژی مزگەوتەکە !بکەم؟
کە ئەم قسەیەی کرد ئێمەیشی کردە گریان، هەمووومان گریاین.. ئینجا واتای ئەو فەرموودەیەی پێغەمەر - صلی الله علیه وسلم – م بییر کەوتەوە کە دەفەرموێ: ئەوەی خەمی پاشە ڕۆژی بێت دنیا بەهەموو چمکەکانیەوە رووی تێدەکات، ئەمەش دەقەکەیەتی کە ئەنەس بۆمان دەگێڕێتەوە" عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: " مَنْ كَانَ هَمَّهُ الآخِرَةَ جَمَعَ اللهُ شَمْلَهُ، وَجَعَلَ غِنَاهُ فِي قَلْبِهِ، وَأَتَتْهُ الدُّنْيَا وَهِيَ رَاغِمَةٌ، وَمَنْ كَانَتْ نِيَّتُهُ الدُّنْيَا، فَرَّقَ اللهُ عَلَيْهِ ضَيْعَتَهُ، وَجَعَلَ فَقْرَهُ بَيْنَ عَيْنَيْهِ، وَلَمْ يَأْتِهِ مِنَ الدُّنْيَا إِلاَّ مَا كُتِبَ لَهُ " واتە:" ئەو کەسەی خەمەکەی خەمی پاشەرۆژ بێت خوا دەوڵەمەندییەکەی دەخاتە دڵیەوە، و کۆی دەکاتەوە { واتە: شپرزە و پەرتەوازەی ناکات} ودنیا بەناچاری رووی تێدەکات، و ئەوەش خەمەکەی خەمی دنیا بێت خوا هەژارییەکەی دەخاتە نێو چاوانیەوە، و پەرت و بڵاوی دەکاتەوە، و دنیاشی دەست ناکەوێ جگە لەوەی (کە خوا بۆی دیاری کردووە "(١
ئالەویادا هێمام بۆ هاوەڵەکەم کرد کە دوو زەرفی تری پێ

بدات، تا برە پارەکەی ببێت بە 20 هەزار ریاڵ، پێش ئەوەی پیاوەکە لەترومبێلەکە دابەزێت دەمی دەجووڵاندەوە ودەپاڕایەوە و دەگریا، منیش پێم گوت: مامەگیان! ئەوە چ دوعایەك دەکەیت؟ گوتی: داوادەکەم خوا دڵم نەگۆڕێ چونکە مەسەلەکە ترسناکە!! دڵ و هۆشم بۆی هەزم ناکرێ، دەترسم شێت ببم، !!یا تووشی جەڵتە ببم

ئیتر ئێمە لەو چۆڵەوانییەدا کابرامان جێ هێشت و ڕۆیشتین بەلای کاری خۆمانەوە.. ئالەویادا ئەو فەرموودەی پێغەمبەر- صلى الله عليه وسلم - م بیر کەوتەوە کەدەفەرموێ:« لَوْ أَنَّكُمْ تَوَكَّلْتُمْ عَلَى اللَّهِ حَقَّ تَوَكُّلِهِ، لَرَزَقَكُمْ كَمَا يَرْزُقُ الطَّيْرَ، تَغْدُوا خِمَاصاً وَتَرُوْحُ بِطَاناً». واتە: ئەگەر ئێوە بەراستی تەوەککولتان لەسەرخوا بێت، چۆن پەلەوەر بەیانی بەگەدەی خاڵیەوە دەردەچێت و ئێوارە بەگەدەی پڕەوە دەگەڕێتەوە و رزقیان (دەدات، ئاوەها رزقی ئێوەیشی دەدا.(٢.

**پەراوێزەکان:**

عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: " مَنْ -1 كَانَ هَمُّهُ الْآخِرَةَ جَمَعَ اللهُ شَمْلَهُ، وَجَعَلَ غِنَاهُ فِي قَلْبِهِ، وَأَتَتْهُ الدُّنْيَا وَهِيَ رَاغِمَةٌ، وَمَنْ كَانَتْ نِيَّتُهُ الدُّنْيَا، فَرَّقَ اللهُ عَلَيْهِ ضَيْعَتَهُ، وَجَعَلَ فَقْرَهُ بَيْنَ عَيْنَيْهِ، وَلَمْ يَأْتِهِ مِنَ الدُّنْيَا إِلَّا مَا كُتِبَ لَهُ ".

قال الألباني في " السلسلة الصحيحة "1 / 689 : أخرجه أحمد ( 5 /

183 ) و اللفظ له و الدارمي ( 1 / 75 ) و ابن حبان ( 72 ، 73- موارد ) و ابن عبد البر في " الجامع " ( 1 / 38 - 39 ) عن شعبة: سنده صحيح رجاله كلهم ثقات.

عَنْ عُمَرَ بن الخَطَّابِ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ أَنَّ رَسُوْلَ اِللهِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ -2 وَسَلَّمَ قَالَ: « لَوْ أَنَّكُمْ تَوَكَّلْتُمْ عَلَى اللهِ حَقَّ تَوَكُّلِهِ، لَرَزَقَكُمْ كَمَا يَرْزُقُ الطَّيْرَ، تَغْدُوا خِمَاصاً وَتَرُوْحُ بِطَاناً». رَوَاهُ الإِمَامُ أَحْمَدُ فِي المُسْنَدِ، وَالتِّرْمِذِيُّ وَالنَّسَائِيُّ وَابْنُ مَاجَةْ فِي السُّنَنِ، وَابْنُ حِبَّانَ فِي صَحِيْحِهِ، وَرَوَاهُ الحَاكِمُ فِي مُسْتَدْرَكِهِ وَصَحَّحَهُ، وَقَالَ التِّرْمِذِيُّ: هَذَا حَدِيْثٌ حَسَنٌ صَحِيْحٌ لَا نَعْرِفُهُ إِلَّا مِنْ هَذَا الوَجْهِ). و صححه الألباني في السلسلة الصحيحة المختصرة: 310، 1/620.

http://www.penjweny.org/article/686

# # #

# ناوەرۆک


پێشەکی...............................................٣

1له ژیاندا گەشبین بە .... .......................٤

17. خانمە زانایەکی داهێنەر ..................١٤

18. چۆکم بە رەشبینی دادا ................. ٢٠

19. ٣٦.................... نازانین خێر لەچیدایە؟

**٣٩ ...** هیممەتی مرۆڤ کێو لەبن دێنێ **وەزیری نەوت**

20. ٤٥ .. ماٶستاکەی تێدی نمونەیە بۆ پەروەرشکاران

21. هیممەت بەرزەکان بەرەولووتکە دەڕۆن.. ٥٤

22. ٦٠ .... ............ هیوا لەناو کارەساتەوە

هیممەتی ئەو منداڵەی گەورەکان ئاواتی پێ دەخوازن.... ٦٨

23. ٧٤ سوودی متمانە بەخۆبوون مهندسی فلیپینی.........

24. بابەتێک لەکلیلەو دیمنەوە........................... ٧٩

25. ٨٢ ئەو{نا} یەی گەورەترین زوڵمی گۆڕی............

26. ئایا دەرسمان لەکارەساتەکانەوە وەرگرت؟ ....... ٨٧

27. دایکم جێی شانازیمانە ................................ ٩٣

28. ١٠٠ ................. ئەگەر بووم بە شا چیت بۆ بکەم؟

29. ئەوەی خەمەکەی خەمی پاشەرۆژ بێت............١١٠

ناوەرۆک ....... ..................................... ١١٨